عەبدولکەریم قاسم و کێشەی کورد و کوردستان

د. موکەڕەم تاڵەبانی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

منتدى إقرأ الثقافي

عەبدولکەریم قاسم و
کێشەی کورد و کوردستان

د. موکەرەم تاڵەبانی

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: عەبدولکەریم قاسم و کێشەی کورد و کوردستان
نووسین: د. موکەرەم تاڵەبانی
بابەت: سیاسی
ژانر: بیرەوەری
هەڵەچن: عەبدولکەریم یونس
بەرگ و ناوەڕۆک: عیسا عوسمان
بڵاوکار: ناوەندی ئاشتی
نرخ: ٥٠٠٠ دینار
نۆبەی چاپ: یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠٢٥

ژمـــــارە ٦٣ی ســـــــــــــــاڵی ٢٠٢٥ی
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان و
وەزارەتـــی ڕۆشـــنبـــیـــری و لاوانی پێ دراوە

پێڕست

پێشەکی ٧
حووکمەتی عێراق و کێشەی کورد ١١
بارودۆخی سیاسیی عێراق ١٤
بارودۆخی کوردستان ١٨
لەشکری عێراق ٢٤
ئەفسەرانی ئازاد ٢٧
حیزبە نیشتمانییەکان ٣٣
شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ ..... ٣٨
پیلانی دابەشکردنی کوردستان ٤٣
یەکێتی لە وڵاتانی عەرەبدا ٤٧
هەڕەشەی پەیمانی سنۆ ٥٠
دووبەرەکی لەنێوان بەرەی نیشتمانی و ئەفسەرانی ئازاددا ٥٢
یەکێتی لەنێوان وڵاتانی عەرەبدا ٥٥
شێوازەکانی یەکێتی ٥٨
کێشەی کوێت ٦١
کێشەی کورد ٦٤
حیزبی بەعس چۆن پەیوەندیی لەگەڵ حیزبی پارتیی دیموکراتی کوردستان
پەیدا کرد؟ ٦٨
گەڕانەوەی مەلا مستەفا ٧١
چوونی مەلا مستەفا بۆ قاهیرە ٧٢
پێشوازیکردنی مەلا مستەفا لە بەغدا ٧٣
کۆبوونەوەی ئاغایانی کورد لە دەورەی مەلا مستەفا ٧٤
پێشوازی لە مەلا مستەفا ٧٥
پەیوەندیی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ دژانی عەبدولکەریم قاسمدا ٧٧
کوردستان بەشێک نییە لە عێراق ٧٩
تیرۆرکردنی ئەحمەد ئاغای زێباری ٨١

کێشەی سنووری کوردستان ٨٣
کێشەی نەوت ٨٥
بەیانی حیزبی شیوعی بۆ چارەکردنی کێشەی کورد ٩٠
شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ ..... ٩٨
چۆن و بۆچی هەڵگیرسا؟ ٩٨
دەستتێوەردانی ئەمریکا ١٠٧
پەیوەندیی ئینقیلابییەکان بە ١١٢
پارتیی دیموکراتی کوردستانەوە ١١٢
پەیوەندیکردنی ئەمریکا لەگەڵ حیزبی بەعس ١١٥
عەبدولکەریم قاسم بۆچی ڕووخا؟ ١١٧
ئینقیلابی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ ..... ١٢٠
دادگەییکردنی عەبدولکەریم قاسم و هاوڕێکانی ١٢٣
هەڵوێستی حیزبی شیوعی بەرانبەر ئینقیلاب ١٢٥

پێشەکی

مێژووی حووکمی مەلەکی بۆ میللەتی کورد، بریتیبوو لە کوشتن و سێدارە و بەندیخانە و دەربەدەری. لە دەستووردا ناوی کورد هەر نەبوو. هێنانی ناوی کوردستان کوفر بوو و، ئەوەی بیوتبایە، دەبووایە تەوبە بکات. ئەو شەش نوێنەرەی پەرلەمان کە داوای یەکێتیی ئیدارەی لەنێوان لیواکانی کوردستان: کەرکووک و هەولێر و سلێمانی و دهۆکیان کرد، حووکمەت بە کارێکی ناڕەوای دانا و گوێی نوێنەرەکانی ڕاکێشا. شێخ مەحموود کە داوای مافی کوردی دەکرد، کە لە پەیمانەکانی نێودەوڵەتیدا تۆمار کرابوو، دەوڵەتە ئیستیعماریەکان بێشەرمانە لە پێش چاوی میللەتی کورد شێر و هوپەیان دەکرد، شێخ مەحموودیش یان بە چیاکانی کوردستان یان لە دادگە و دەستبەسەریدابوو. بارزانییەکان لە ساڵی ١٩٣١ـەوە ڕۆژێکی خۆشیان نەدیت، یان دەربەدەری و ماڵوێرانی، یان بەندیخانە و دەستبەسەری. بەندیخانەکان پڕبوون لە تێکۆشەرانی کورد و عەرەب و، لە مەیدانەکانی بەغدا پەتی سێدارە دەشەکایەوە، هەر چەندێک قوربانی بدەیت، هەر دەبووایە ئەو قەڵای ئیستیعماریە بڕووخێت و قەڵایەکی تر بۆ میللەت دروست بکرێت. جەماوەر دەجەنگا و قوربانییان دەدا، ئەفسەران کە لەژێر دەستی ئەفسەرانی ئیستیعمار مەشقیان دەکرد و بووبوونە شێری

دەستی ئیستیعماری و نۆکەرانی و میللەتیان دادەپۆشت، بەڵام تاکوو کەی؟ ئەوانیش لەناو میللەتدا دەژین، عیززەت عەزیز، مستەفا خۆشناو، خەیروڵڵا عەبدولکەریم، محەمەد قودسی، ئەوانەش ئەفسەر بوون، لەسەر چی لە سێدارە دران؟ ئایا داواکانیان ڕەوا نەبوو؟ ئەو ئەفسەرانەش هۆشیار بوونەوە، ئایا ئەمانیش بەم میللەتە نین؟ خۆیان ڕێک دەخست هەلی بەیانی ١٤ی تەممووزیان لە دەست دا و ئەو گۆڕانکارییەی میللەت دەیویست کردیان و میللەتیش پاراستی. ئەگەر جیاوازی لەنێوان هەردوو میللەت کورد و عەرەب هەبێت، جیاوازی لەنێوان قوربانیدان و تێکۆشان نییە، هەردووک هەمان دوژمنیان هەیە، هەردووک گیرۆدەی دەستی ئەو دوژمنەن. دەبێت دەستەڵاتی ئیستیعماری نابووت بکرێت، ڕژێمی نۆکەر سەرکووت بکرێت و کرا. لە پاش شۆڕش، شۆڕشگێڕان بوونە دوو بەشەوە. بەشی عەبدولکەریم قاسم کە بەندییەکانی عەرەب و کوردی ڕزگار کرد و، بارزانییەکان بەشێکی زۆریان لەو ئازادییە دەست کەوت. عەبدولکەریم کە بروسکەی مەلا مستەفای بۆ هات، بە هەموو ڕێزەوە داوای گەڕانەوەی بۆ نیشتمان کرد و بە هەموو ڕێزەوە پێشوازیی لێ کرد، ئەم نیشتمانەیان تەنها بە نیشتمانی عەرەب دەزانی. لە دەستووردا ئەو ڕاستییەی تۆمار کرد، کە عەرەب و کورد هاوبەشن لەم نیشتمانەدا. لە لایەکی ترەوە، عەبدولسەلام عارف و ئەفسەرە نەتەوەپەرستەکان، ئەم ڕاستییەیان نەدەستەلماند. دەیانوت عێراق هەمووی نیشتمانی عەرەبە و، کورد نیشتمانی نییە و دەبێت عێراق بەشێک بێت لە عەرەب. عەبدولسەلام دەیوت: ئەگەر بروسکەی مەلا مستەفا بۆ من بهاتایە، دەموت: "برۆ..... برۆ". حیزبی بەعس و ئیستیقلال کە

پشـــتگیریی عەبدولســـەلام و بیروباوەڕیان دەکرد، هیچ مافێکی کوردیان نەدەســەلماند، بۆ ئەوەی عێراق بەشـێک بێت لە وڵاتانی عەرەب و کوردیش وەکوو مێشـــێکی لێ بێـت کەوتبێتە نـاو ئینجانەی ماســتەوە، با هەر پەلوپۆ بوەشـێنێت. بۆیە ئەمە دەڵێم، بۆ چ مەبەستێک هەندێک کەس لایەنگریی ئەو ڕەگەزپەرستییانەی دژی عەبدولسەلام و دیموکراتخوازییان کرد؟

بۆ ئەوەی بە هەموو کوردێک بڵێن: "برۆ..... برۆ"؟

ئەم ڕاســـتییەی کاک مەســـعوود بـارزانی لە پـاش ڕووخـانی عەبدولکەریم قـاســـم و گوللەبـارانکردنی خۆی و هـاوەڵانیـان، مەهداوی تەها شـــێخ ئەحمەد و وەســـفی تاهیر..... هتد. بە نیو ســـەدە ئەمەی تۆمار کرد و ئەگەر میلی ســـەعات بگەڕایاتەوە دواوە و بە دەســـتی ئەو بزایە، جۆرێکی تر مێژووی کوردی دەنووسرا.

دەڵێن: "لە ماتەمینیدا هەرکەس بۆ مردووی خۆی شیوەن دەکات". لە نـابووتکردنی حووکمی عەبـدولکەریمـدا، ئەمریکـا بۆ نەوت و عەبـدولســـەلام بۆ حووکمـداری (چونکە درۆی کرد، یەکێتیی نەکرد) قەومی و بەعس بۆ موناسب و ئاغایانی کورد و شێخانی عەرەب بۆ گەڕاندنەوەی دەســـەڵات و زەویوزاریان و، پارتییش بۆ وەرگرتنی مـافی کورد. لە کورد بەو لاوە ئەوانی تر ڕێی تێ دەچێت. ئەوەی کاک مەسـعوودیش هەسـتی پێ دەکات، ئایا کوڕ لە کام لایە دەبوو؟ بەتەمای مافی ڕەوای خۆی بوو؟ ئەگەر بڵێین عەبدولکەریم هێرشی بردە سەر کوردستان، بەڵام ئەو لایەنگرییە هەر لە سەرەتاوە دەسبتی پێ کرد، کە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی

پێچەوانەی خواستی مەلا مستەفا و بنکە و کادیرانی پارتی لەگەڵ حیزبی بەعس و ئیستیقلال بە ئاشکرا کۆ دەبوونەوە.

ئەگەر هەندێک زێڕم شـــک ببردایە، ئەوا وشـــەکانی کاک مەســـعوودم لەم کتێبە بە زێڕ تۆمار دەکرد. لێرەدا منیش ناتوانم میلی کاتژمێر بگەڕێنمەوە دواوە، بەڵام ویســـتم هەندێک ڕاســـتی بخەمە پێش چاو، لە کاتێکدا حیزبی شـــیوعی و هێزی دیموکراتی پشـــتگیریی عەبدولکەریم قاســـمیان دەکرد. تەقەڵای ئەوەیان دەدا کە کێشـــەی کورد بە جۆرێکی دادپەروەری و دیموکراتی چارە بکرێت، کە هێرش کرایە ســـەر کوردســـتان، پشـــتگیریی کوردیان کرد نەک عەبدولکەریم، بۆ وەســـتاندنی شـــەڕ و ســـەلماندنی مافی ڕەوای کورد، نەک ڕووخاندنی حووکمی قاســـم، کە تەنها کورد سوودی لێ وەرنەگرت.

حووکمەتی عێراق و کێشەی کورد

لە پاش داگیرکردنی عێراق لە لایەن بەریتانیاوە لە ساڵی ١٩١٨، ئینگلیزەکان ڕاستەوخۆ لە لایەن حاکمانی سیاسی بەڕێوە دەبرا. میللەتی عێراق، لە پاش ڕووخانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، داوای دامەزراندنی حووکمەتێکی سەربەخۆیان لە عێراق دەکرد. عێراقی داگیرکراو جگە لە ستەمکاری و جەوری حاکمانی ئینگلیز، دەبووایە هەموو خەرجیی لەشکری داگیرکەری بەریتانیاشی بدایە، لەمەدا نەک تەنها میللەت، بەڵکوو سەرۆک عەشیرەتەکانیش تووشی ئازار و ڕووشکێنی دەبوون و ئەمەیان پێ قوبووڵ نەدەکرا.

لە ساڵی ١٩٢٠، لە هەڕێمی فوڕاتی ناوەڕاست ئاڵای شۆڕش هەڵگیرسا و لە پاش کوشتارێکی زۆر تا دەهات فراوانتر دەبوو، هەروەها هەموو عێراقی گرتەوە. بەریتانیا بۆ دامرکاندنی ئەو شۆڕشە، بڕیاری دا حووکمەتێکی سەربەخۆ لەژێر تاجی فەیسەڵی یەکەم دابمەزرێنێت. ئەم حووکمەتە بە چەند پلەیەکدا تێپەڕی لەژێر ئینتیدابی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٣٠ کە بەپێی پەیمانێک بەسترا بە بەریتانیاوە، عێراق لە (عصبة الأمم) قوبووڵ کرا.

حووکمەتی عێراق بریتیبوو لە بنەماڵە ئورستۆکراتییەکان و سەرۆک عەشیرەتەکان و بورجوازیی هاوبەشی و بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی دەوڵەتانی بێگانە، کەچی زۆربەی میللەت لەژێر باری چەوساندنەوە دەیانناڵاند. لە ڕاستیدا لە کۆمەڵگەیەکی دوو چینیدا، دوو میللەت هەن، ژمارەیەکی کەمی چەوسێنەر و ژمارەیەکی زۆری چەوساوە. هیچ گومانی نەبوو کە ململانێ لەنێوانیان پەرە بسێنێت. مێژووی عێراق هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، پڕپەتی لە دژایەتی و ململانێ لەنێوان کەمایەتییەک لە بورجوازیی گەورە و دەرەبەگان و سەرۆکانی عەشایەر، کە زۆربەی ئەندامانی پەڕلەمانی و حووکمەتیان بە دەست بوو. جەماوەری کرێکار و جووتیاران و بورجوازیی ناوەند (نیشتمانی) و ڕۆشنبیران و کاسبکاران لە سیاقی ئەو ململانێیەدا، هەندێک پشتیان دەبەستە حووکمەتێکی بێگانەی تر، وەکوو ڕەشید عالی گەیلانی و ئەفسەرانی گەورەی لەشکر لە ساڵی ١٩٤٢ و هەندێک بە پشتیوانیی دەستەیەکی کەمی ڕۆشنبیران، وەکوو ئینقیلابی جەنەڕاڵ بەکر سدقی بە پشتیوانیی دەستەی (الاهلی). هەروەها هەندێک جەماوەری فراوانیی میللەتیان بە خاوەن حەق دەزانی و داوای خەباتیان لەو دەکرد، وەکوو حیزبە نیشتمانییەکان، حیزبی (شیوعی) و (الوطني الديموقراطي) و (الشعب) و (الاتحاد الوطني) و (الأستقلال) و (بعث العربي الاشتراكي) و (الأحرار) ..هتد، کە لەم کتێبەدا باسیان دەکەین. ئەمە یان بە تەنها یان بە کۆمەڵ جەماوەریان ڕادەکێشا بۆ خەبات دژی ئیستیعمار و حووکمەتی سەر بە ئیستیعمار. چەند ڕاپەڕینێکی جەماوەریان ڕاپەراند و قوربانییەکی زۆریشیان دا، بەڵام لەبەر نەبوونی بەرەیەکی نیشتمانی

لەنێوانیاندا و لایەنگریی زۆربەی ئەفسەرانی لەشکر، حووکمەت دەیتوانی بە زەبری ئاگر و ئاسن سەرکووتی بکات. لە پاش دامەزراندنی ئەفسەرانی ئازاد و پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی لەنێوان حیزبە سیاسییەکان لە ساڵی ١٩٥٦، ئیتر هەڵگیرسانی بڵێسەی شۆڕش کاری یەکەمی هەردوو لابوو.

ئامانجی شۆڕش و ئەرکی حووکمەتی داهاتوو، تا ڕادەیەک ڕوون دەبووە، ڕووخانی حووکمی مەلەکیی کۆنەپەرستی دوژمنی میللەت و دامەزراندنی کۆماریێکی نیشتمانی دژی ئیستیعمار و دەرەبەگ و بورجوازی و نۆکەری ئیستیعمار، ئەمە هەر بۆ هەڵێک دەگەڕا کە لە ١٤ـی تەممووزی ١٩٥٨ هەڵکەوت و دوو لیوای لەشکری (المنصورية) بەرەو بەغدا هات و بە پشتیوانیی بەرەی نیشتمانی و جەماوەری میللەت، شۆڕش سەرکەوت و کۆماری نیشتمانی دژی ئیستیعمار و کۆنەپەرستان و دەرەبەگان دامەزرا و یەکەم کاری، دانانی یاسای ئیسلاهیی کشتوکاڵی بوو، کە حووکمەت دەستی بەسەر زەویوزاری دەرەبەگان داگرت و بەسەر جووتیاراندا دابەشی دەکرد و دەبووا سنووریێک بۆ دەسەڵات و بەرژەوەندیی کۆمپانیای نەوت I.P.C بنێت. هەروەها عێراق لە پەیمانی بەغدا ڕزگار بکات و هەموو پەیمانێک لەگەڵ دەوڵەتە ئیستیعماریيەکان پووچەڵ بکات و سیاسەتێکی نیشتمانیی سەربەخۆ بەڕێوە بەرێت و هاوکاریی تەواو لەگەڵ وڵاتە ئازادەکانی عەرەب بکات و، یارمەتیی ئەوانی تریش بۆ ئازادی و ڕزگاری بدات و، کێشەی نەتەوەی کورد چارە بکات.

بارودۆخی سیاسیی عێراق

شـــەڕی یەکەمی جیهانی، بۆ دابەشـــکردنەوەی وڵاتانی ئاســـیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی لەنێوان حووکمەتە ئیســـتیعمارییەکان ڕووی دا. لە ئەنجامی شکستی ئەڵمانیا و دەوڵەتی عوسمانی کە بە پیاوی نەخۆشـیان ناو دەبرد، وڵاتانی ژێر دەسـتی عوسـمانی بەپێی پەیمانی ســـایکس-بیکۆ لەنێوان بەریتانیا و فەڕەنســـا و هاوپەیمانانیان دابەش کرا. عێراق کە بریتیبوو لە ویلایەتی بەغدا و بەسـرە کەوتە بەشـی بەریتانیا و، کوردسـتانی باشـوور کە بە ویلایەتی موسـڵ ناو دەبرا، کەوتە بەشـی فەڕەنسـا. لە ئەنجامی "بەرە و بدە" لەنێوانیاندا، بەریتانیا ســـووریای دایە فەڕەنســـا و فەیســـەڵی یەکەمی مەلیکی ســـووریای گواســـتەوە عێراق و لە ئەنجامی شـۆڕشـی سـاڵی ١٩٢٠ دژی بەریتانیا، فەیسـەڵ کرایە مەلیکی عێراق، کە سـنوور سـنووری ویلایەتی بەغدا و بەسـرە بوو لەژێر ئینتیدابی بەریتانیا دابوو لە زۆربەی وەزارەتەکاندا ڕاوێژکـارێکی ئینگلیز هەبوو و هەموو کـاروبـارێکی گرنـگ بە دەستی ئەو بوو. شاعیر مەعروف ڕەسافی دەڵێت:

المستشار هو الذي شرب الكل فعلام هذا الوزير تعرس.

واتا: موســـتەشـــار ئەو شـــەڕابەی خواردووە، ئەی بۆچی ئەم وەزیرە هەراوهۆریایەتی.

کورد هێشـــتا نەبەســـترابووەوە ئەم کەینوبەینەیە، بەریتانیا کە (عصبة الأمم)ـــی دەرهێنا لە بابەتی کوردستانەوە، ویستی عێراق بەپێی پەیمانێک ببەســتێتەوە بە بەریتانیاوە. لە ســاڵی ١٩٢٥ ئەو پەیمانەی دایە حووکمەتی عێراق کە پەســەندی بکات، هەرچەندە حووکمەت بە ناچـاری مۆری کرد، میللەت دژی وەســـتـا، تـا ڕادەیەک بارەگەی پەڕلەمانیان دایە بەر گوللە. ســەرۆک وەزیران عەبدولموحســین ســەعدوون لە پاش مۆرکردنی، ڕووی ئەوەی نەبوو بەرانبەر میللەت چاو هەڵبێنێت و خۆی کوشـــت. بەریتانیا ئامادەبوو نەک یەک، بەڵکوو دە کۆتەڵی بۆ دروست بکات، مادام مەبەســـتی خۆی پێ کرد. لە پاش بەســـتنی کوردســـتان، بە پێچەوانەی خواســـتی میللەتی کورد بە عێراقەوە، کورد هیچ بڕوایەکی بە بەریتانیا نەمابوو، کە کێشـەی نەتەوەی پێشـێل کرد و کێشـــەکەی گۆڕییە "دیاریکردنی ســـنووری نێوان عێراق و تورکیا" و مافی چارەنووســـی میللەتی کوردی گۆڕی بە "النوایا الحســـنة_نیەتپاکی". کاربەدەســـتانی حووکمەتی عێراق هیچ کات نیەتپاک نەبوون و کە عێراق بەپێی پەیمانی ١٩٣٠ بەستراوە بە بەریتانیاوە، دەتوانین بڵێین مێژووی حووکمەتی عێراق بریتیبوو لە داڕشتنی ئاسن و ئاگر بەسەر کوردستاندا. هەروەها هێشتا بە تەواوی دانەمرکاوەتەوە، مێژووی میللەتی عێراقیش بریتیبوو لە ململانێ و دەســـتەویەخە و قوربانیدان دژی حووکمەتی عێراق، کە لە مەیدانەکاندا سێدارەی بۆیان هەڵدەخست و بەندیخانەکانی پڕ دەکرد لەو تێکۆشـەرانەی کە لەپێناوی ئازادی و سـەربەخۆیی و مافی دیموکراتی هەوڵیان دەدا. لە دەســـتووری عێراقدا دەبوو عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆی پەڕلەمانیی دیموکراتی بێت. کەچی بەپێی پەیمـانی ١٩٣٠، بەریتـانیـا مـافی ئەوەی هەبوو لە کـاتی

مەترسیی شەڕدا، عێراق داگیر بکات، هەرگیز بنکەی سەربازیی لە عێراق لانەبردبوو. ڕەسیدی دراوی عێراق لە بەریتانیا دابوو بەپێی بڕیاری ئەو، نەیدەتوانی دارایی خۆی بۆ گەشەپێدانی ئابووری و خزمەتگوزاریی میللەت بەکار بێنێت. لەشکری عێراق لەژێر فەرماندەی جەنەڕاڵ ڕنین دابوو. ئەدمۆندی ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ بوو بەبێ ڕای ئەو، وەزیر هیچی نەدەکرد. نۆکەرێکی ئیستیعماریی وەکوو نووری سەعید دەیتوانی هەموو شتێک بۆ بەرژەوەندیی حووکمەتی بەریتانیا بکات. یاسای سزادان دژی نیشتمانپەروەران تۆمار کرابوو، زۆربەی مێژووی عێراق بریتیبوو لە جاڕی حووکمی عورفی و دادگەکانی سەربازی بە چالاکیی نیشتمانپەروەرانیان بۆ لە سێدارەدان و زیندانیکردن دەنارد.

میللەت لە خەبات وچانی نەدا، داوای پووچکردنی پەیمانی ١٩٣٠ و سەربەخۆییی ڕاستەقینەی عێراقی دەکرد، داوای دیموکراتی و ئازادی و چالاکیی سیاسی و دەربڕینی ڕای دەکرد، داوای پەرلەمانێکی لە لایەن میللەتەوە بە ئازادی دەکرد، داوای ئازادکردنی سامانی عێراقیان دەکرد، کە بەریتانیا دەستی بەسەردا گرتبوو.

داوای باشکردنی ژیانی کرێکاران و جووتیاران و کاسبکاران و ڕۆشنبیرانیان دەکرد، بۆ ئەم مەبەستە لە قوربانیدان دڕێغییان نەدەکرد. داوایان دەکرد لەشکری عێراق لەشکرێکی نیشتمانی بێت و ئەرکی پاراستنی وڵات و ئازادیی میللەت بگرێتە سەرشان، داوای چارەکردنی کێشەی کوردیان بە جۆرێکی ئاشتی و دیموکراتی دەکرد.

حووکمەت لە باتیی بەجێهێنانی ئەم داوایانە، عێراقی خستە داوی (میثاق سەعد ئاباد) و لە پاشان پەیمانی (سنۆ) و پەیمانی (بەغدا) بۆ هاوکاریکردنی حووکمەتەکانی ئەم ناوچە دژی میللەتانیان و بۆ بەرژەوەندیی ئیستیعمار. لە جیاتیی پەیمانی ١٩٣٠ لابەرێت بە پەیمانی (پۆرتسمۆث)ـــــی گۆڕی، کە میللەت لە ساڵی ١٩٤٨ لە (الوثبة) بەرهەڵستیی کرد و تا دەهات ئەو چاڵەی لەنێوان میللەت و حووکمەت قوواڵتر دەبووەوە. حووکمەت لە سێدارە و کوشتن و ئەشـــکەنجەدان و حەبس بەو لاوە، هیچی نەدەدا بە میللەت، میللەتیش ئیتر توانای قوبووڵکردنی ئەم بارودۆخەی نەمابوو.

یاسای شۆڕش ئەوەیە، کاتێک هەڵدەگیرسێت ئەوە هەڵوێستی حووکمەت بێت، میللەتیش ئیتر تەحەمولی نەمابێت هەر لەمەڕ ئەوە دەبێت لە لایەک چەقاقەکە لێ بدات و ئەو چەقاقە عەبدولکەریم قاسم و ئەفسەرانی ئازادی لێیان دا و بە جۆرێکی وا بڵسەی سەند، بە شەتی بەغداش نەکوژێتەوە.

بارودۆخی کوردستان

شـــەڕی یەکەمی جیهانی لەنێوان دەوڵەتە ئیســـتیعماریيەکان هەڵگیرسـا. پەرەسـەندنی پیشـەسـازی بە جۆرێکی بێ تەسـەق لەنێوانی ســـەرمـایەداران دەبێتـە هۆی ململانێ لەنێوانیـاندا بۆ گەڕانـدنەوەی دابەشـــکردنی وڵاتـانی داگیرکراو. لێرەدا ئەو ململانێیە لەســـەر ئەو وڵاتانە بوو، کە لەژێر حووکمی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون و دەوڵەتی عوسمانییان بە (پیاوی نەخۆش) ناو دەبرد، واتا لە پاش مردنی، ماڵ و موڵکی لەنێوان ئەو دەوڵەتانەدا دابەش بکرێت.

کۆمەڵەی (ئیتیحاد و تەرەقی) کە لە ئینتیدابی ۱۹۰۸ دەســـەڵاتیان وەرگرت، چووە پاڵ ئەڵمانیا و خۆی خســـتە بڵێســـەی شـــەڕەوە، بەبێ ئەوەی لە ڕووی داراییەوە توانای ئەوەی هەبێت تا ســـەر لەو شـــەڕە گەورەیەدا بەردەوام بێت. لەناو وڵاتدا دەســـتی کردە فرۆشـــتنی زەویوزاری کشـــتوکاڵ، بەمە دەرەبەگ و ســـەرۆک عەشـــیرەتەکان مـاڵ و موڵکیـان فراوانتر کرد و جووتیـاران تـا دەهـــات هەژارتر دەبوون. حووکمەت دەغڵودانی جووتیـــارانی بەزۆر دەکرێ، نرخی بە پارەی کاغەز دەدا کە نرخی لە بازاڕدا نەمـابوو، کەچی بـاجی زۆر زۆر بوو، بە پـارەی لیرەی زێڕ و قاچەی زیو وەردەگرت. لەو ســاڵانەدا کوردیش، وەکوو میللەتانی تر، کەوتە نێو بڵێســـەی شـــەڕ و بە هەزاران بە زۆرداری ڕەوانی

کۆڕی شـــەڕ (ســـەفەر بەلەک) کران و ئیتر نەدەگەڕانەوە. لە کوردســتانیش، جگە لە برســێتی و گرانی، نەخۆشــیی چاوەقولە (تاعوون) و ڕشانەوە (کولێرا) بڵاو بووەوە، نە نەخۆشخانە و نە پزیشـــک نە دەرمانِ هەبوو، هەموو ڕۆژێک بە دەیان لاشـــەی مردووان لە کۆڵانەکان بە برســـێتی و بە نەخۆشـــی دەکەوتن. کەس نەیدەوێرا نزیکیان بکەوێت و بە خاکیان بســـپێرێت، مەگەر خێرخوایەک. خواردنی گۆشـــتی هاووڵاتییانی مردوو، شـــتێکی ئاســـایی بوو. دەڵێن لە کۆڕی حەمە ئاغای غەفووری، چەند تەنورێکی دانابوو و نانی بۆ هەژاران دەکرد. حووکمەتی تورک بەمەی زانی، هەرچی دانەوێڵە هەبوو بردی و حەمە ئاغاشـــی خســـتە گرتووخانە. لە پاش بەردانی، قەزناخی گەنمی دەکڕی بە پێنج لیرەی زێڕ و دووبارە دەســـتی کردەوە بە نـاندان، بەڵام وەکوو دەڵێن "بە گوڵێک بەهار نایەت".

حووکمەتی عوســـمـانییش خۆراکێکی زۆری بۆ لەشـــکر کۆ کردبووەوە، بەڵام ئەفسەران ئەو خۆراکەیان نەدەدایە سەربازان، زۆربەیان دەدزی و لە بازاڕی ڕەشدا دەیانفرۆشت و، هەر کاتێک لە نـاوچەیەکەوە پـاشـــەکشـــەیـان دەکرد، ئەو خۆراکەیـان بۆ نەدەگوێزایەوە و بەجێ دەمـا. ســـەربـازانیش، وەکوو میللەت، ڕووت و برســـی بوون. دەڵێن دەســـتەیەک هێزی چەکدار لە بنکەیەکی سەربازی لە شـار و شـارستانی دوور، مووچەیان بۆ نەدەهات و بۆ جلوبەرگیان شـڕ و پۆسـتاڵ و قەبلاغ، بە یەکیان دەوت بچۆرە شـــار بزانە مووچەیەک، خواردنێک، جلوبەرگێک، کـاتێـک دەچێتـە شنـــار، دەمێکـە شـــتی وای نەبینیوە، بە ســـەرســـووڕماوی ســـەیری دەوروبەری دەکات. تووشـــی ئەفســـەرێکی تێروتون و پۆشـــتە دەبێت و هەر ســـەیری قەد و

بالای دەکات. ئەفسەرەکە دەڵێت: وەرە، بۆ سەلام وەرناگریت؟ دەڵێت: ئەی بۆ نالێیت بۆچی وا جلت شڕە، ئەی کوا قۆپچەی چاکەتت، ئەی بۆ قەبلاغت نییە و پێ خاوسییت؟ ئەی چەندە مووچەت وەرنەگرتووە؟ هەر لەسەر سڵاو ماوە؟ حووکمەت بۆ خەرجیی شەڕ لەم وڵات و ئەو وڵات قەرزی دەکرد. تورکەکان شیعرێکی حافزی شیرازییان وەرگێڕابوو کە دەڵێت:

الا یا الها الساقی ادر کاسا و ناولها

که عشق آسان ولی افتادة مشکلها

لەو کاتەدا ئەنوەر پاشا وەزیری شەڕ بوو، جاوید بەگیش وەزیری دارایی، تورکەکان شیعرەکەی حافزیان کردبووە:

الا یا الها الجاوید خذ القرض الانورها

بورجی الماق آسان ولی ایفاسی مشکلها

دەوڵەتە هاوپەیمانەکان کە لە شەڕدا سەرکەوتوو بوون، خەریکی دابەشکردنی مووڵکی عوسمانی بوون. پەیمان لە دوای پەیمان مشتومڕیان بوو. دەوڵەتی عوسمانییش هەر لە پاشەکشە و شکست دابوو. لە کەرکووک خۆراکێکی زۆریان عەمبار کردبوو، لە کەنیسەی مەسیحییان چەک و تەقەمەنییان شاردبووەوە، تەکیەی تاڵەبانی پڕبوو لە سەربازی تورک و لە حەوشی کۆڕانی شێخ عەلی ئەسپ و عەرەبانەیان دانابوو. مامەکانم بە ناچاری کەرکووکیان بەجێ هێشت و چوونە دێکانیان. باپیرم شێخ محەمەد عەلی، تەکیەی بەجێ نەهێشت و شێخ جەمیل و شێخ جەمالی کوڕی هەر مانەوە.

تورک که کەرکووکی بەجێ هێشـــت، ســـوپای ئینگلیز هاته ناو شـــارەوە، دەســـتی گرته ســـەر خۆراکێکی زۆری عوســـمانی، به بەلاش دابەشـــی کرده ســـەر دانیشـــتووان که زۆر برســـی بوون. خەڵک وایدەزانی ئینگلیز ئەمەی لەگەڵ خۆیان هێناوه و به خەڵکی دەبەخشن.

تورک که پاشەکشەی کرد، ئاگری نایه ئەو چەک و تەقەمەنییەی که له کەنیسەی پشت تەکیه شاردبوویەوه. خۆشبەختانه کەنیسه بەســـــەریدا ڕووخا و کوژایەوه. تا ماوەیەکی زۆر خەڵکی بەر تەکیه له فیشـــــەک و تەقەمەنییان دەردەهینا و دەیانفرۆشـــــت و بەوه دەژیان. من لەو بارودۆخەی ســـــاڵی ١٩٢٣ هاتمه دونیاوه، خوشـکێکی له خۆم گەورەترم به ناوی (عادیله) هەبوو. باوکم به ژیانی دەرونیشـانه قایل نەبوو، له ســاڵی ١٩٢٤ کەرکووکی بەجێ هێشت و چووه دێی (زەرداو) له باشووری قەزای کفری و لەوێ نیشتەجێ بوو. شێخ محەمەد عەلیی باپیرم و شێخ جەمیلی مامم، ڕێگەی ئایین و دەرونیشـــــییان گرت و هەر له تەکیەی تاڵەبانیی کەرکووک مـــانەوه، ئەوانەی هـــاوکـــاریـــان لەگەڵ ئینگلیز کرد، ڕێگەی وەزیفەی حووکمەتیان گرت و گەیشتنه مەرامی خۆیان.

ئینگلیز که هاتنه کوردســـتان، کوردەکان داوای ســـەربەخۆییان دەکرد. دەوڵەته ئیســـتیعماریەکان پشـــتیان له پەیمانی ســـیڤەر کردبوو، کێشـــەی کوردیان گۆڕیبووه کێشـــەی ســـنوور لەنێوان تورکیا و ویلایەتی موســـڵ. هەروەها دەیانویســـت کوردســـتانی باشـــوور وەکوو هیندســـتان بکەنه چەند (ڕاجانشـــێک) و بیخەنه ژێر دەســـتی خۆیان و له پاشـــان حووکمەتی عێراق. به هەموو

بەهانەیەک کەرکووکیان لێ دەبڕی و یەکانسەر دەیانبەستە حووکمەتی بەغداوە.

لەو بارودۆخەدا کە ئینگلیز دەیانویست شێخ مەحموود بکەنە حووکمدارێک کە لە سنووری لیوای سلێمانی دەرنەچێت، شێخ مەحموود داوای یەکێتیی کوردستانی باشووری دەکرد، کە حووکمەتێکی سەربەخۆ بێت، هەر کە دەرفەتی بۆ هەڵکەوت، جارێ دامەزراندنی حووکمەتی سەربەخۆی کوردستانی دا و بووە مەلیکی کوردستان. هەر لەو کاتەدا، ڕۆشنبیران کۆمەڵەیەکیان بە ناوی (کۆمەڵەی ئازادیی کوردستان)یان دامەزراند. بۆ یەکەمین جار شێخ جەمالی باوکم و محەمەد بەگی فەتاح بەگی جاف، لقی ئەو کۆمەڵەیان لە قەزای کفری کردەوە، ئەوانیش داوای یەکگرتنی ناوچەکانی کوردستان بە کەرکووک و سلێمانی و هەولێر و قەزا کوردەکانی لیوای موسڵیان دەکرد، کە ئیدارەیەکی سەربەخۆیان لەناو دەوڵەتی عێراق هەبێت. لە پیاوە ناسراوەکانی ئەم کۆمەڵەیە لە قەزای کفری، شێخ جەمال تاڵەبانی و محەمەد بەگی جاف و مەلا سەعید ئەفەندی موفتی و سەعید ئەفەندی وەندای و وەستا سالحی بەرگدوور و، گەلێکی دیکەش لە پاش شکستی شۆڕشی شێخ مەحموود، سەرکردەکانی ئەم کۆمەڵەیە ڕێگەیان قۆستەوە و داراییان گرت. لە کفرییش حەمە بەگ کۆچی دواییی کرد. باوکم بە دریژاییی ژیانی هەر ئاهی بۆ ئەوەبوو کە چۆن ئەوانە ڕێی کوردایەتییان بەردا و شوێن دەستکەوتی خۆیان کەوتن.

خەباتی شێخ مەحموود و میللەتی کورد دژی ئینگلیز و حووکمەتی بەغدا، تاکوو ساڵی ١٩٣١ هەر دریژەی دەکێشا. دوا

خەباتی چەکداری کە بە شـــەڕی (ئاوباریک) ناو دەبرێت، بۆ ڕزگارکردنی کەرکووک بوو، بەڵام هێزەکانی شـێخ مەحموود بە هێزی چەکداریی ســـەرۆک عەشـــیرەتەکان بوو، کە زانییان حووکمەتی بەریتانیا بۆ ئەم مەبەستە پشتی شێخ محمود ناگرن، لە دەوری نەمـان، ئەوانیش ڕێگەی ڕەزامەنـدیی ئینگلیز و حووکمەتی عێراقیان گرت، شێخ مەحموودیش دە ساڵی ژیانی لە مەنفـاکـانی عێراق بردە ســـەر و ڕێگە بۆ خەبـاتکەرانی نوێ کرایەوە.

لەشکری عێراق

لە سەرەتای دامەزراندنی سوپای عێراق، ئەو ئەفسەرانەی کە سەرکردایەتیی ئەو سوپایەیان کرد، ئەو ئەفسەرانە بوون کە لە لەشکری عوسمانیدا کاریان کردبوو. ئەمان هەندێکیان بیروباوەڕی نەتەوەی عەرەب و هەندێکیشیان هەستی نەتەوایەتیی کوردیان هەبوو، زۆر جاریش ئەفسەرێکی کورد دەبووە سەرۆک ئەرکانی سوپا، لەوانە: بەکر سدقی و ئەمین زەکی سلێمانی و حوسێن فەوزی و نوورەدینی مەحموود و ڕەفیق عارف بوون. ئەفسەرە ناسراوەکانی کوردی تر، ئەمین زەکی و تۆفیق و عەزیز قەزاز و ئەمین ڕواندزی و عیززەت عەزیز و عەلی عەزیز و مستەفا خۆشناو و مەجید عەلی و عەبدوڵڵا سەید ئەمین و نەجیب ئەبتەر و جەلال بالّتە و تەها بامەڕنی و میرحاج و عەبدولکەریم و حاجی قاسم..... هتد.

ئەفسەران ئەگەر عەرەب و ئەگەر کورد، هەرچەندە لەژێر دەستی ئەفسەرانی ئینگلیز کاریان دەکرد، بەڵام بەپێی پەیوەندییان لە کۆمەڵگەی عێراقدا، بیروباوەڕی جیاوازیان هەبوو، لەوانە پیاوانی ئیستیعمار و نیشتمانپەروەران و ڕەگەزپەرستان و قەومی و دیموکراتی و شیوعی بوون، شانبەشانی ئەو گۆڕانکارییانەی لە جیهان و لە ناوخۆ ڕووی دەدا و چینەکانی میللەت پارتی و گروپ و سەندیکایان دادەمەزراند، ئەفسەرانیش لە بیروباوەڕی

ئەوان دوور نەبوون و هەر لەم رێگەیەدا، چەند ئینقیلابێکی سەربازی ڕووی دا و هەندێکیان شوێنکەوتەیەکی کۆنەپەرست و هەندێکیان حووکمەت و هەندێکیانیش نیشتمانیان وەردەگرت. لە ساڵی ١٩٣٦ کە حووکمەتی یاسینی هاشمی دیکتاتۆریەتی بەسەر وڵاتدا کێشابوو، هەروەها هەموو دەسەڵاتی گرتبووە دەستی خۆی بەپێی داوای گروپی (الاهالی) کە پێشکەوتووخوازان بوون، جەنەڕاڵ بەکر سدقی ئینقیلابێکی دژی حووکمەتی یاسینی هاشمی کرد و لە سەرەتاوە هەندێک مافی دیموکراتیی دایە میللەت، بەڵام زووبەزوو پێشێل کرا و بە تیرۆرکردنی بەکر سدقی لە لایەن ئەفسەرانی سەر بە ئینگلیز، ئەو حووکمەتەی کە حیکمەت سلێمان سەرکردایەتیی دەکرد، سەرنگوم کرا. لە ساڵی ١٩٤٢ کە شەڕی دووەمی جیهانی هەڵگیرسا لەژێر کاریگەریی ئەڵمانیای نازی، ڕەشید عالی گەیلانی و دەستەیەکی ئەفسەری ڕەگەزپەرست ئینقیلابێکیان دژی عەبدولئیلا کرد، بەڵام سوپای ئینگلیز سەرنگومی کرد و عێراقی داگیر کردەوە. حووکمەت زۆر جار سوپای عێراقی بۆ سەرکووتکردنی میللەت بەکار دەهێنا، بە تایبەت دژی میللەتی کورد، کە داوای مافی نەتەوەی ڕەوای خۆی دەکرد. لە ساڵی ١٩٤٩، لە پاش شکستی شۆڕشی کورد لە عێراق و ڕووخاندنی کۆماری میللیی کوردستان لە کوردستانی ئێران، ئەو ئەفسەرانەی کە لە لێژنەی ئازادیی حیزبی هیوا بوون، بەشداربیان لە شۆڕش کردبوو، دەستی حووکمەتی عێراق کەوتن، لە سێدارە دران و چوونە ڕیزی شەهیدان. لە سالانی پەنجاکاندا کە جەماوەری میللەت و پارتە سیاسییەکان داوای سەربەخۆیی ڕاستەقینە و مافی دیموکراتییان دەکرد، ئیتر بەرهەڵستیکردن لە لایەن دەزگە ئاساییشییەکان نەمابوو، لەسەر

داوای حووکمەت سەرۆک ئەرکانی لەشکر نووڕەدین مەحموود ئینقیلابێکی سەربازیی کرد و حووکمەتێکی بە سەرۆکایەتیی خۆی پێک هێنا و لە دژی جەماوەر کە شەقامەکانی کۆنتڕۆڵ کردبوو، سوپای دابەزاندە شەقامەکانی بەغدا، بەڵام دەرکەوت کە ئەفسەر و سەربازەکان، نەک تەنها دژی میللەت نەوەستان، بەڵکوو تا ڕادەیەک هاوبیریی شیان لەگەڵ دەکرد. ئەمە بووە سەرەتایەک کە لەناو ئەفسەر و سەربازانیشدا چەند ڕێکخراوێکی نهێنی دروست ببێت و، لە ئەنجامدا ئالای شۆڕش هەڵبکەن و ڕژێمی مەلەکی سەرنگوم بکەن و کۆماری عێراقی سەربەخۆ، دابمەزرێنن.

ئەفسەرانی ئازاد

لە دوای سالانی شەڕی دووەمی جیهانی کە سەرکەوتنی یەکێتیی سۆڤیەت و هاوپەیمانان بەسەر دەوڵەتی نازی و فاشستیدا و پەرەسەندنی بزووتنەوەی ئازادیی نیشتمانی لە سەرانسەری وڵاتانی داگیرکراو لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتینیدا و داوای مافی دیموکراتییان دەکرد. لە ساڵی ١٩٤٥ حووکمەتی عێراق ناچاربوو هەندێک مافی دیموکراتی بدات و چەند حیزبێکی سیاسی و چەند چاپەمەنییەکی ئازاد دانرا، بەڵام لە چوارچێوەی چینی بورجوازی دەرنەچوو. لەوانە حیزبی (الوطني الديموقراطي) بە سەرۆکایەتیی کامل چادرچی و، حیزبی (الأحرار) بە سەرۆکایەتیی سەعد ساڵح و، حیزبی (الأستقلال) بە سەرۆکایەتیی محەمەد مەهدی و، حیزبی (الشعب) بە سەرۆکایەتیی عەزیز شەریف و، حیزبی (الاتحاد الوطني) بە سەرۆکایەتیی عەبدولفەتاح ئیبراهیم. بەڵام هەندێک حیزب مۆڵەتی سیاسییان پێ نەدرا، لەوانە حیزبی هیوا و حیزبی دیموکراتی کورد و حیزبی ڕزگاری و حیزبی التحرر الوطني و حیزبی شیوعی.

ئەم حیزبانە داوای مافی دیموکراتی و سەربەخۆیی عێراق و مافی نەتەوەییان دەکرد. لە کاتێکدا پەیمانی عێراق لەگەڵ بەریتانیا کۆتاییی دەهات و میللەت نەیدەویست نوێ بکرێتەوە. حووکمەت نوێی کردەوە و میللەت لە دژی ڕاپەڕی و (وثبة) و

هەر لە ساڵی ١٩٤٥ شۆرشی کورد لە کوردستاندا بڵێسەی سەند، بەڵام حووکمەت لەشکری عێراقی بەکار هێنا و شکستی بە شۆڕش هێنا.

ئەو ڕووداو و ململانێیانە لەنێوان میللەت و حیزبە نیشتمانییەکان دژی حووکمەتی نۆکەری ئیستیعماری، کارێکی وای دەکرد کە ڕۆشنبیرانی لەشکریش لەمەدا تەریک نەبێت. ئەفسەران بەشێکن لە ڕۆشنبیران. بنەڕەتی چینیان دەچێتە سەر خاوەن مواڵک و بورجوازی و پیاوانی ئایینیی مەئمورانی حووکمەت. زۆربەیان لەژێر چاودێریی ئەفسەرانی ئینگلیزەوە دەرچوون و هەندێکیشیان لە بەریتانیا خوێندنی باڵایان کردووە. بەڵام ئەمانیش وەکوو هەموو ڕۆشنبیرانی میللەت لەژێر کاریگەریی پەرەسەندنی دیموکراتی و بزووتنەوەی ئازادی و بیروباوەڕی میللەت و بۆ چاووسووککردنیان لە لایەن ئەفسەرە ئیستیعماریەکان، گۆڕانکارییەکی زۆریان تێدا دەبینرا. لە پلەی یەکەمدا بێلایەنکردنی ئەم لەشکرە لە ململانێی نێوان میللەت و حووکمەت، ئامانجی حیزبە سیاسییەکان بوو. ئەمە لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٣ هاتە دی، کە حووکمەت بۆ سەرکووتکردنی جەماوەری خەباتکەر، حووکمەتێکی بە سەرۆکایەتیی جەنەراڵ نووریدین مەحموود لەشکری دابەزاندە شەقامەکانی بەغدا، بەڵام ئەم لەشکرە فەرمانی حووکمەت بۆ تێکشکاندنی خۆپیشاندەرانیان بەجێ نەدەهێنا، تا ڕادەیەک خۆپیشاندان بەسەر دەبابەکاندا سەرکەوتن و وتاریان دەدا بەبێ ئەوەی ئەفسەران نەهێڵن. لێرەدا پەیوەندییەکی ڕووحی لەنێوان لەشکر و جەماوەر پەیدا بوو، بەڵام هێشتا نەکەوتبوونە لایەنگریی میللەت. لە پاش شۆرشی میسر بە سەرۆکی ئەفسەران.

هەستی هەمان کار لەنێوان گەلێک لە ئەفسەرانی عێراقیش دەستی پێ کرد. شایەنی فەخرە کە ئەفسەرانی کورد، هەر لە شۆڕشەکانی کوردەوە ئەم هەستەیان هەبوو، بە تایبەت زۆربەیان لە سالانی چلەکاندا لە حیزبی هیوا خۆیان ڕێک خستبوو، بۆ نموونە وەکوو عەقید عەزیز قەزاز و موقەدەم ئەمین ڕەواندزی و ڕەئیس ئەوەل ڕوکن عیززەت عەزیز، ڕەئیس مستەفا خۆشناو و ڕەئیس مەجید عەلی و ڕەئیس خەیروڵڵا عەبدولکەریم و ڕەئیس ئەوەل مەحموود تەها و ملازم ڕەئوف ئەحمەد و ملازم محەمەد قودسی و ڕەئیس بەکر حوێزی و ڕەئیس فوئاد عارف و ڕەئیس میرحاج و ملازم عەبدولکەریم حاجی قاسم و ملازم ئەوەل جەمیل باڵتە و ملازم جەلال قادر و ڕەئیس مەعروف شێخ غەریب و ملازم ئەوەل جەلال ئەمین و ملازم محەمەد دەربەندی قەری و ملازم محەمەد باجەلانی و عەزیز شەمزین و دەیان ئەفسەری تر. هەندێک لەمانە لە شۆڕشی ساڵی ١٩٤٥ بەشداریان کرد و قوربانییەکی زۆریان دا، لەوانە شەهیدان عیززەت عەزیز و مستەفا خۆشناو و خەیروڵڵا عەبدولکەریم و محەمەد قودسی. لە لەشکری عێراق، پێنج ئەفسەری گەورەی کورد بوونە سەرۆک ئەرکانی جەیش. لەوانە فەریق ڕوکن بەکر سدقی و لیوا ڕوکن ئەمین زەکی سلێمان و لیوا ڕوکن حوسێن فەوزی و فەریق ڕوکن نووردین مەحموود. لەناو ئەفسەرانی عەرەبدا، وەکوو زانراوە، موقەدەم ڕەفعەت حاجی سری یەکەم ئەفسەر بوو هەندێک ئەفسەرانی لە ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازاددا ڕێک خست. لە سەرەتاوە پەیوەندیی لەگەڵ عەقید ڕوکن ئیسماعیل سارفی و عەقید سالح عەبدولمەجید سامەڕائی و عەقید سەعدان حەسسان و عەقید

ڕۆکن عەبدولوەهاب ئەمین و عەمید ڕۆکن محیەدین عەبدولمەجید و عەقید ڕەجەب عەبدولمەجید و موقەدەم خەلیل ئیبراهیم و عەقید عەبدولوەهاب شەواف. هەروەها لە ساڵی ١٩٥٥ پەیوەندیی لەگەڵ زەعیم ڕۆکن عەبدولکەریم قاسمدا کرد. هەروەها لە پاشان لەگەڵ عەقید ڕۆکن عەبدولسەلام عارف و ماجید محەمەد ئەمین و موقەدەم نوعمان ماهیر و عەبدولڕەحمان عارف و موقەدەم حەسەنی تاهیر و خەزعی سەعدی و فازڵ مەهداوی و تاهیر یەحیا عوقبان سەعد و نازم تەبقەجەلی کرد.

چەند جارێک تەقەڵای سەرنگومکردنی حووکمی مەلەکی درا و یەکێک لەوانە نازم تەبقەجەلی و عەبدولوەهاب شەواف ویستیان لە زەماوەندێکی مەلەکیدا هێرش ببەنە سەریان، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی بااڵوێزانی دەوڵەتان ئامادەبوون و ڕەنگە کێشەیەک دروست بکات، عەبدولکەریم قاسم ڕێی پێ نەدا و لە ساڵی ١٩٥٧ کە عەبدولئیلا و فەیسەڵ و نووری سەعید لە مناوەرەیەکی سەربازیدا لە دەربەندیخان ئامادەبوون، عەقید حەکیم ڕەواندزی و هاوڕێکانی بڕیاری تیرۆرکردنیان دابوو، بەڵام نەهاتن و مناوەرەکە لابرا.

ئەفسەرانی ئازاد بوونە چەند گروپێک، بەڵام لە سیاقی پێکهاتنی بەرەی نیشتمانی لە ساڵی ١٩٥٦ـدا لەنێوان حیزبە سیاسییەکاندا، لەناو ئەفسەرانیشدا عەبدولکەریم قاسم توانیی بەرەیەکی ئەفسەرانی ئازاد پێک بێنێت. لە ساڵی ١٩٥٧ لە کفری لەژێر چاودێریی پۆلیس دەستبەسەر بوو. ئەو فەوجەی بە سەرۆکایەتیی عەقید حەکیم ڕەواندزی و هاوڕێیانی لە مناوەرەی دەربەندیخان دەیانویست عەبدولئیلا و فەیسەڵ و نوری سەعید

بکوژن، له گەڕانەوەیاندا له یانەی ماموران یەکیان گرت و باسی ئەوەیان کرد کە ڕەنگە هەستیان بەوە کردبێت و مناوەرەیان نەکرد. بە ئاشکرا باسی لابردنی ڕژێمی مەلەکییان دەکرد و ناوی عەبدولکەریم قاسمیان دەهێنا. ئەفسەرانی شیوعی ڕێکخراوێکی زۆر نهێنیی خۆیان هەبوو، یەکانسەر بەسترابوونەوە بە مەکتەبی سیاسییەوە، هەر لە ڕێگەی حیزبیشەوە پەیوەندییان لەگەڵ ئەفسەرانی ئازاد و بە تایبەتی زەعیم ڕوکن عەبدولکەریم قاسمەوە دەکرد و لە پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووز گەلێک لە ئەفسەران، وەکوو ئەندام یان پشتگیرییان لەگەڵ حیزبی شیوعیدا کرد. وەکوو دەڵێن عەبدولئیلا هەستی بە بوونی جموجۆڵی ئەفسەران کرد و ترسی لێ نیشتبوو، چەند جارێکیش داوای لە مەلیک فەیسەڵ کردبوو کە واز لە تاج بێنێت و خۆیان دەرباز بکەن، کەچی نووری سەعید کە باسی ئەو مەترسییەیان بۆ دەکرد، دەیوت ئەوەی دەیەوێت من بکوژێت، هێشتا لە دایک نەبووە، بەڵام نەیدەزانی دەمێک بوو لە دایک بووبوو و لە دەرفەت دەگەڕا. ئەفسەرانی ئازاد هەر چەندێک لە دەوری دوو بیروڕای ئایینیدەی عێراقدا کۆ دەبوونەوە، ئەوانەی لەژێر کاریگەریی ئەفسەرانی ئازادیی میسر و عەبدولناسڕ و هەستێکی توندی نەتەوەییان هەبوو، لەو باوەڕەدابوون دەبێت لە پاش شۆڕش، یەکسەر یەکێتی لەنێوان عێراق و میسر بکرێت. هەروەها ئەمانە پەیوەندییان لەگەڵ حیزبی الاستقلال و حیزبی بەعسدا هەبوو، بەشێکی تریش لەو بڕوایەدابوون کە عێراق لە پاش ئازادبوونی، پەیوەندیی برایەتی لەگەڵ وڵاتە ئازادەکانی عێراق بکات و هاوکار و هاوپەیمانیان بێت و یارمەتیی وڵاتانی تری عەرەب بۆ ئازادی بدات، بەڵام پەلە لە یەکێتی نەکات و

گیروگرفتی خۆی چارە بکات. بەشـــی یەکەم لە دەوری عەقید ڕوکن عەبدولسـەلام عارف کۆ دەبوونەوە و بەشـی دووەمیش لەگەڵ عەبـدولکەریم قـاسـمـدا بوون، لەمەدا حیزبی (الوطني الـديموقراطي) و حیزبی (الوطني التقدمي) و حیزبی (شـیوعی) پشتگیرییان دەکرد. بەڵام لەبەر ئەوە، هەموو بۆ سەرنگومکردنی حووکمی مەلەکی دوژمنی میللەت و دامەزراندنی کۆمارێکی ئازاد و سـەربەخۆ پـامـاڵکردنی دەرەبەگی ڕێک بوون، دووبەرەکی لەنێوان ئەم دوو دەستەیە لە پاش شۆڕشی ١٤ـــی تەممووزی ١٩٥٨ دەرکەوت و جەمال عەبدولناسـر بە ڕۆڵێکی نەرێنی یاریی دەکرد.

حیزبه نیشتمانییەکان

لە ئەنجامی سەرکەوتنی یەکێتیی سۆڤیەت و هاوپەیمانان بەسەر نازی و فاشستیدا لە شەڕی دووەمی جیهاندا، سەرانسەری جیهان میللەتانی ژێر دەستی ئیستیعمار ڕاپەڕین و ڕژێمی ئیستیعماریان سەرنگوم کرد و حووکمەتانی ئازاد و سەربەخۆیان دامەزراند. حووکمەتی عێراقیش ناچاربوو هەندێک مافی دیموکراتی بسەلمێنێت و ڕێگە بداتە هەندێک لە حیزبە سیاسییەکان بە ڕەسمی کار بکەن و پڕۆژەنامەیان دەدرێتێ، لەوانە: حیزبی (الأحرار) بە سەرۆکایەتیی سەعد سالح و، حیزبی (الوطني الديموقراطی) بە سەرۆکایەتیی کامل چادرچی و، حیزبی (الأستقلال) بە سەرۆکایەتیی محەمەد مەهدی کە حیزبی (الاتحاج الوطني) بە سەرۆکایەتیی عەبدولفەتاح ئیبراهیم و حیزبی (الشعب) بە سەرۆکایەتیی عەزیز شەریف، بەڵام ڕێگە نەدرا حیزبی (شیوعی) و حیزبی (التحرر الوطني) و حیزبی (هیوا) و حیزبی (دیموکراتی کورد) بە ڕەسمی و ئاشکرا خەباتی سیاسی بکەن، هەرچەندە ئەمانیش لە تێکۆشانی جەماوەریدا زۆر چالاک بوون لە مانگرتن و خۆپیشاندان. تا ڕادەیەک حیزبی هیوا و لێژنەی ئازادی شۆڕشیان لە کوردستان هەڵگیرساند و گەلێک ڕۆژنامەی سیاسی دەردەچوو، دەتوانن بڕیار بدەن، ئایا دەیانەوێت جیا ببنەوە یا بە خواهێشت لە عێراقدا بمێنن.

له پاش ماوەیەک سێ حیزبی تریش پێک هاتن، حیزبی (الأحرار) به سەرۆکایەتیی سەعد سالح و، حیزبی (الجبهة الشعبية) به سەرۆکایەتیی تەها هاشمی و، حیزبی (البعث العربي الاشتراكي) که سکرتێری فوئاد ڕکابی بوو. له کۆبوونەوەیەکدا که حیزبی (الأحرار، الأستقلال، الوطني الديموقراطي، الجبهة الشعبية) لەگەڵ وەسی لەسەر عەرش عەبدولئیلا کۆ بوونەوە و داوای مافی دیموکراتییان کرد، عەبدولئیلا دەپرسێت: ئێوە بە ناوی کێوە داوا دەکەن؟ دەڵێن بە ناوی میللەتەوە. دەڵێت: "ئێوە و میللەتیش دەخەمە ژێر قۆندەرەوە، تەها هاشمی دەڵێت تۆ مافی ئەوەت نییە ئەم قسەیە بکەیت"، عەبدولئیلا پێی دەڵێت "اسكت نرس"، ئیتر دەمەقاڵێیەکی توند لەنێوان عەبدولئیلا و تەها هاشمی ڕوو دەدات. کامل چادرچی لەگەڵ تەها هاشمی دەردەچن حیزبی شیوعی ڕۆژنامەی خۆی (القاعدة)ی بە نهێنی دەردەکرد و بە جۆرێکی فراوان بڵاوی دەکردەوە. حیزبی هیوا هەرچەندە چاپەمەنیی خۆی نەبوو، لەو گۆڤارەی کە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دەری دەهێنا سوودی وەردەگرت. حووکمەتی عێراق کە هیچ بڕوای بە دیموکراتی و مافی میللەتەوە نەبوو، لە پاش ماوەیەک کەوتە بەهانە لەو حیزبانە و کۆسپیشی دەخستە پێش چالاکیی حیزبی و جار جاریش ڕۆژنامەکانی بۆ ماوەیەک دادەخست و، ئەم و ئەوی دەخستە زیندانەوە. لەوانەی دەگیران: کامل چادرچی و محەمەد مەهدی جەواهیری و سەرکردەی ئەندامانی حیزبی شیوعی و حیزبی التحرر الوطني و حیزبی هیوا بوون. لەگەڵ ئەوەشدا حیزبی شیوعی و حیزبی التحرر الوطني لە هەموو حیزبەکان چالاکتر بوون. لەو حیزبانە تەنها حیزبی شیوعی و حیزبی التحرر الوطني، بەبێ پێچوپەنا دانیان بە مافی

چارەنووسی کورد دەنا. سکرتێری گشتیی حیزبی شیوعی فەهد لە ڕۆژنامەی القاعدة داوای لە کورد کرد بۆ مافی دیموکراتی خەبات بکەن، چونکە لە بارودۆخی دیموکراتیدا دەتوانێت بڕیار بدەن، ئایا دەیانەوێت جیا ببنەوە یان لەناو عێراقدا بمێنن. میللەت و حیزبەکان داوای سەربەخۆیی ڕاستەقینەی عێراقیان دەکرد، کە بەپێی پەیمانی ١٩٣٠ بەستراوە بەریتانیاوە. بۆ ئەم مەبەستە و داواکانی تری میللەت، لە سەرانسەری عێراق، کرێکاران بە مانگرتن لەگەڵ جەماوەردا بە خۆپیشاندان خەباتیان دەکرد. کە حووکمەت دەیویست نە پەیمان لەگەڵ بەریتانیادا نوێ بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە وەفدێک بە سەرۆکایەتیی سەرۆک وەزیران سالح جابر لە شاری (پۆرتسمۆث)ی بەریتانیا مۆر کرد، کە بووە هۆی نیگەرانی و تووڕەیی میللەت لە ساڵی ١٩٤٨ بووە هۆی ڕاپەڕینی میللەت (الوثبة) دژی ئەو پەیمانە و داوای لابردنی حووکمەتی سالح جابر کرا. حووکمەت بۆ هێمنکردنەوە، حووکمەتێکی بە سەرۆکایەتیی شێخ محەمەد سەدر، کە یەکێک بوو لە پیاوانی ئایینی و شیعە، پێک هێنا و بەڵێنی مۆرنەکردنی ئەو پەیمانەی دا. لە پاش هێمنیی ولات، حووکمەتێک بە سەرۆکایەتیی نووری سەعید دامەزرا و هێرشێکی کردە سەر میللەت، لەبەر ئەوە دەیزانی کە حیزبی شیوعی دەستی بالای لەو خەباتە جەماوەرییەدا هەبوو، سەرکردەکانی فەهد و مازم و سارم لە شەقامەکانی بەغدا لە سێدارە دران و بە سەدانی کادر و ئەندامانی حیزبیش، بە سزای قوڕس خرانە بەندیخانەی بیابانی (نقرە سلمان).

پارتیی دیموکراتی کوردستان له ساڵی ١٩٤٦ له مەهاباد، به سەرۆکایەتیی مەلا مستەفای بارزانی و هاوەڵانی، دامەزرا. بۆ ڕێکخستنی ئەم پارتە لە باشوور، حەمزە عەبدوڵڵا بە نهێنی هاتە سلێمانی و پەیوەندیی لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمد کرد. بۆ ئەو مەبەستە کەوتنە خەباتەوە و لە ماوەیەکی کەم، لە پاش تێکچوونی حیزبی هیوا و حیزبی ڕزگاری، زۆربەی ئەندامانی ئەم دوو حیزبە هاتنە ناو پارتیی دیموکراتی کورد، بۆ دژی حووکمەتی سەر بە ئیستیعماری چالاکی لەگەڵ پارت و حیزبەکانی تر بە تایبەتی لەگەڵ لقی کوردستانی و حیزبی شیوعی بە چالاکی کەوتنە تێکۆشان. حیزبە نیشتمانییەکان، لە ساڵی ١٩٥٦ بەرەیەکی نیشتمانییان بە ناوی (جبهة الاتحاد الوطني) دامەزراند و بەپێی پەیوەندیی هەر حیزبێک لەگەڵ گروپێک لە ئەفسەرانی ئازادا، ئەمانیش توانییان بەرەیەک پێک بهێنن و بکەونە پلاندانان بە هاوکاری لەگەڵ حیزبەکاندا، بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی مەلەکی و دامەزراندنی کۆمارێکی ئازاد و سەربەخۆ.

لەسەر ئیدارەی حیزبی بەعس و ئیستیقلال کە پارتیی دیموکراتی کوردیان بە پارتێکی "ئینفیصالی" ناو برد، پارتی لە ڕێگەی پەیوەندیی دوولایەنی لەگەڵ حیزبی شیوعییەوە، خەباتی لەگەڵ بەرەی نیشتمانیدا ڕێک دەخست. من لەو کاتە لە کفری دەستبەسەر بووم، بەڵام بە نهێنی خەباتی سیاسی و کاروباری حیزبیم هەر دەکرد. لە حوزەیرانی ١٩٥٨، ئەندامی لێژنەی ناوەندی حیزبی شیوعی جۆرج تلو لە بەغداوە بە نهێنی هاتە دێی زەردراو، لە ڕێگەی شێخ عەتای برامەوە پەیوەندیی پێمەوە کرد. من چوومە زەردراو، هاوڕێ جۆرج مژدەی نزیکبوونەوەی

شۆڕشی دامێ که لەنێوان (١١-١٥)ـــەی تەممووز، که لیوایەک بەرەو ئوردن دەڕوات، بـە پشـــتیوانیی جەمـاوەر و حیزبەکـان حووکمەتی مەلەکی ســـــەرنگوم دەکـات و جـاڕی دامەزرانـدنی کۆماری عێراقی ئازاد و ســـــەربەخۆ دەدات. ئێمە خۆمان ئامادە دەکرد و لە کاتی ٦ـــی بەیانیی ١٤ـــی تەممووزی ١٩٥٨ شۆڕش هەڵگیرسـا و سـەرکەوت و، لە سـەرانسـەری کوردسـتان، پارتیی دیموکراتی کورد و حیزبی شیوعی پشتگیرییان لە شۆڕش کرد.

هەر لە پاش ســـەقامگیریی کۆماری عێراقەوە، ئەو حیزبانەی کە بۆ ڕووخاندنی حووکمی مەلەکی و دامەزاندنی ڕژێمی کۆمـاری پەیمانیان بەســـتبوو، لەســـەر یەکێتی زووبەزوو لەگەڵ کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو، بە سەرۆکایەتیی جەمال عەبدولناسڕ.

دووبەرەکی کەوتە نێوانیـان و زۆری پێ نەچوو، ســـکرتێری حیزبی بەعس کە فوئاد ڕکابی وەزیری پلاندانان بوو و محەمەد مەهدی کبە کە ئەندامی ئەنجومەنی ســـەروەری و ســـەرۆکی حیزبی الأستقلال و سدیق شنشل لە حووکمەت دەرچوون، هەر بۆ ئەو مەبەســـتەش دووبەرەکی کەوتە نێوان گروپەکـانی ئەفسـەرانی ئازادەوە و جێگری سـەرۆک وەزیران عەبدولسـەلام عارف ئالای یەکێتی و عەبدولکەریم قاسـم ئالای سـەربەخۆییان هەڵکرد و دژایەتیی خوێناوی کەوتە ناویان.

شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨

شـــۆڕش گۆڕانێکی بنەڕەتیی لە ژیانی کۆمەڵگەدا کرد، کە بووە هۆی وەرگێڕانی ئەو ڕژێمە کۆمەڵایەتییە کـاتبەســـــەرچووە و دامەزراندنی ڕژێمێکی نوێی پێشـــکەوتووتر و ســـــەروەری لە دەســـــتی چینێکی کۆنەپەرســـــتەوە گۆڕییـە دەســـــتی چینێکی پێشـــــکەوتووخواز، کە دەبێتـە پلەیەکی نوێ بۆ پێشـــــکەوتنی کۆمەڵگە. هیچ گومـانی تێدا نییـە شـــــۆڕش لە ئەنجامی ململانێ لەنێوان هێزی بەرهەمـدار و پەیوەنـدیی بەرهەمـدا ڕوو دەدات، لەگەڵ پەیوەنـدیی مووڵکداری کە لەنـاو ئەو کۆمەڵگەیـە هەوزەڵ دەکات، تـا ئەو کـاتەی شـــــۆڕش ئەو پەیوەندییـانەی کە دەبێتە کۆســـــپ لە بەردەم پێشـــــکەوتنی هێزی بەرهەمدار، ئا لەم کاتەدا ڕێگەی ڕووداڵی شـــۆڕش دێتە دی. مەســـئەلەی بنەڕەتیی هەموو شـــــۆڕشـــــێک مەســـــئەلەی گۆڕینی دەســـــەڵات لە دەســـــتی چینی کۆنەپەرســـــتەوە بۆ دەســـــتی چینی پێشـــــکەوتووخواز. کەوابوو گۆڕینی دەسەڵات لە دەستی چین یان گروپێکی پێشکەوتووخواز بۆ دەســـتی چین یان گروپێکی کۆنەپەرســـت، ئەوە شـــۆڕش نییە، بەڵکوو گۆڕانێکی دژی شـــــۆڕشـــــــە. هەر گۆڕانێک کۆمەڵگە لە پلەیەکی پێشکەوتووەوە بگەڕێنێتە پلەیەکی پاشەوە، ئەوە شۆڕش نییە، بەڵکوو دژی شۆڕشە. لێرەدا ئەوەش دەکەوێتە باسەوە، ئایا

ئەو دەسەڵاتە بۆ کێ و دژی کێ بەکار دەهێنرێت و، مەسئەلەی دیکتاتۆری و دیموکراتییش لێرەدا لێی دەکۆڵێتەوە. لەبەر دەسەڵات ئەگەر بۆ زۆربەی میللەت و چینانی پێشکەوتووخواز بەکار بهێنرێت، بۆ زۆربەی میللەت دیموکراتی بێت، ئەوا دەبێتە دیکتاتۆری دژی دوژمنانی میللەت، بە پێچەوانەی ئەمە، ئەگەر دەسەڵات لە لایەن چینی کۆنەپەرست دژی زۆربەی میللەت بەکار بهێنرت، ئەوا دەبێتە دیموکراتی بۆ چینی چەوسێنەر و دیکتاتۆری دژی زۆربەی میللەت.

ئەگەر بەم مانایە باسی شۆڕش بکەین، شۆڕش یاسای خۆی هەیە، نە بە فەرمان ڕوو دەدات و نە بە قەدەغە دەوەستێت. لە عێراقدا، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی حووکمی مەلەکی، دەسەڵات کەوتە دەستی چینی بورجوازیی کومبرادۆر، کە خۆی تەرخان کردبوو بۆ پێکهێنانی بەرژەوەندیی دەوڵەتی ئیستیعماری، وەکوو کاربەدەستی حووکمەت یا بەڕێوەبەری کاروباری کۆمپانیاکانی بێگانە، بۆ نموونە کۆمپانیای نەوت، بە هاوکاری لەگەڵ دەرەبەگ و سەرۆک عەشیرەتان و ئیرستقراتیانی ناوشار..... هتد، دژی چینەکانی تری میللەت. ڕەجیمە دەبووە کۆسپێک لە بەردەم پێشکەوتنی میللەت، کۆمپانیاکانی دەوڵەتە ئیستیعماریەکان و نۆکەرانی، بورجوازیی کومبرادۆر، چینی دەرەبەگ، بوونە هۆی پاشکەوتنی وڵات، ئەمە پێویستیی بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی هەبوو، کە چینی بورجوازیی نیشتمانی و بورجوازیی بچووک و کاسبکاران و ڕۆشنبیران و کرێکاران و جووتیاران، کە زۆربەی زۆری میللەتن، بکەونە تێکۆشانێکی بە جەخت بۆ سەرنگومکردنی حووکمی

کۆنەپەرستی نۆکەری ئیستیعمار و وەرگرتنی دەسەلات بۆ بەرژەوەندیی ئەم چینانە.

لە دەستووری مەلەکیدا دەیوت عێراق دەوڵەتێکی دیموکراتیی پەرلەمانیی سەربەخۆیە. بەڵام کام دیموکراتی، کە هەموو کات بەندیخانەکانی پڕبوون لە نیشتمانپەروەران، نوێنەرانی پەرلەمان بریتیبوون لە نۆکەرانی ئیستیعماری و دەرەبەگەکان و سەرۆک عەشیرەتەکان، کە بە جۆری ساختەکاری و دژی زۆربەی میللەتان دادەنران. سەربەخۆیی چی، کە عێراق بەسترابووەوە بە پەیمانی دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان و بۆ بەرژەوەندیی ئەوان و دژی میللەت بەسترابوو بە پەیمانی (سنۆ) و (بەغدا).

هەر شۆڕشێک دەبووایە ئەم بارودۆخە بگۆڕێت. ڕژێمی مەلەکی و نۆکەر و کۆنەپەرست سەرنگوم بکات و سەربەخۆیی ڕاستەقینە بۆ وڵات جێبەجێ بکات و چینی دەرەبەگ لابببات و زەویوزار بداتە جووتیاران و ژیانی میللەت بەرز بکاتەوە و کێشەی کورد چارەسەر بکات. جوولانەوە بۆ ئەمە ئامادەبوو، حیزبانی نیشتمانی لە بەرەی نیشتمانیدا یەکیان گرتبوو، ئەفسەرانی ئازادی لەژێر سەرکردایەتیی جەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم خۆیان ڕێک خستبوو. میللەت ئامادەی خەبات و قوربانیدان بوو.

لەو ڕۆژانەدا من لە کفری لەژێر چاودێریی پۆلیس دەستبەسەر بووم. شێخ عەتای برام ئاگاداری کردم کە یەکێک لە بەغداوە هاتووە بۆ دێی زەرداو و دەیەوێت بتبینێت. ئەو پۆلیسە کە هەمیشە لەگەڵم بوو، تەفرەم دا و چوومە دێی زەرداو بۆ ماڵی شێخ عەتا. بینیم ئەندامی لێژنەی ناوەندی حیزبی شیوعییە و

هاوڕێی (جۆرج تلو)ـە. مژدەی نزیکبوونەوەی شۆڕشی دامێ، کە لیوایەکی سـەربازی دەچێتە ئوردن و بە پشـتگیریی لیوایەکی تر بەغدا دەگرن و حووکم سـەرنگوم دەکەن و میللەت شـەقامەکان کۆنترۆڵ دەکات و ئەم شـۆڕشـە لەنێوان ڕۆژی (11-15)ـــــی تەممووز دەبێت. وا ڕێک کەوت لیوای بیسـت کە عەبدولسـەلام عارف فەرماندەی بوو و دەچوو بۆ ئوردن، بەڵام ئەم ئەرکەی بە تەنها بۆ ئەنجام نەدەدرا، لە هەمان ئۆردوگای (المنصورية) لیوای نۆزدە کە عەبدولکەریم قاسـم فەرماندەی بوو، بەبێ پرسـی حووکمەت لەگەڵ لیوای بیست بەرەو بەغدا هات و لە بەرەبەیانی ١٤ـــــی تەممووزی ١٩٥٨ توانییـان بەغـدا کۆنترۆڵ بکەن و جەماوەری میللەت شـــەقامەکانیان پڕ کرد و هەموو دەزگەکانی حووکمەت داگیر کران.

لە بەیانی یەکەمی شـــۆڕش مەبەسـت و ئامانجی شـــۆڕشـیان گەیاندە میللەت و شـۆڕش، بە ڕووخانی ڕژێمی مەلەکی سـەر بە ئیسـتیعمار و دوژمنی میللەت و تێکشـکاندنی دەزگەکان و جارِی دامەزراندنی کۆمارێکی ئازادی سەربەخۆ سەرکەوت و، هەر لەم ڕۆژەدا مەجلیسـی سـیادە بە سـەرۆکایەتیی فەریق ڕوکن نەجیب ڕەبیعی و ئەندامانی محەمەد مەهدی کبە و عەقید ڕوکن خالید نەقشـبەندی دانرا. حووکمەتێک بە سـەرۆکایەتیی عەبدولکەریم قاسـم و جێگری عەبدولسـەلام عارف، بە بەشـداریی پارتە نیشتمانییەکان پێک هات. ئەوەندەی پێ نەچوو یاسـای ئیسـلاهیی کشـتوکاڵی، بۆ دەسـتبەسـەرداگرتنی زەویوزاری دەرەبەگەکان دانرا و، بۆ ئەم مەبەسـتە ئەنجومەنی کشـتوکـاڵی بـاڵا بە سەرۆکایەتیی سەرۆک وەزیران عەبدولکەریم قاسم، دامەزرا.

ئەو فەرماندانەی دژی شـۆڕش وەسـتان دوو فەرماندەی فیرقە، لیوا ڕوکن عومەر عەلی و لیوا ڕوکن عـادل ڕاغـب بوو، کـە جەماوەر بەزۆر دەریان کردن و دایانە دەســـتی حووکمەتەوە. هەروەهـا ســـەرۆک وەزیر ئەحمەد موختـار بـابـان و هەموو وەزیران دەســـتگیر کران و دران بە دادگەی تـایبەت (محکمـة الشـــعـب) و ســـزای خۆیـان وەرگرت و هەموو زینـدانییـە سیاسییەکان ئازاد کران.

پیلانی دابەشکردنی کوردستان

لەو بەڵگەنامانەی کە لە بالۆیزخانەی بەریتانیا لە ئەنقەرە و بالۆیزخانەیان لە واشنتن ئالۆگۆڕ پێ کراون، ئەوە دەگەیەنێت کە لە پێش شۆڕشی ١٤ـــی تەممووزی ١٩٥٨، پلانێکی وا دانراوە ئەگەر لە عێراقدا شـــۆڕش ڕووی دا، ڕەنگە عێراق یەکێتی لەگەڵ کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو بکات و عەبدولناســـر ڕژێمێکی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ڕێک بخات. بەپێی بۆچوونی دەوڵەتانی ئێران و تورکیا، دەبێتە کێشـــەیەکی گەورە بۆ ئەوان، لەبەر ئەوە پلانێکی دابەشـــکردنی کوردســـتانی باشـــوور لەنێوان ئێران و تورکیا دانرابوو. وا دەردەکەوێت پارێزگەی سلێمانی و بەشـێک لە پـارێزگەی هەولێر و قەزای کفری بە ناحیەی ســـەرقەڵاوە دەبێتە بەشـی ئێران و پارێزگەی موسـڵ و کەرکووک و ناحیەی ســـۆرانیش بۆ تورکیا. ڕەنگە بەریتانیا شـــتێکی لە بابەت و هەڵوێستی ئەفسـەرانی ئازادییەوە زانیبێت و پیلانی دابەشکردنی کوردستانی بە باش دانابێت.

دەڵێن جارێک نووری سەعید بە عەبدولکەریم قاسم دەڵێت:

"کرومی دەڵێن دەتانەوێت موئامەرەمان لێ بکەن"، ئەویش دەڵێت: "پاشا ئەم دەنگوباسە دوژمنانی ئێوە بڵاوی دەکەنەوە، بۆ ئەوەی ئیمە دوور بخەنەوە و ڕێگەی موئامەرەیان بۆ ئاسان بێت".

عەبدولئیلا هەستی بەوە دەکرد ئەمە دوور نییە ئەفسەرانی لەشکر بکەونە دژی حووکمەت. ترسی سەروماڵچوونی لێ نیشتبوو، چەند جارێک بە فەیسەڵی دووەمی وتبوو کە واز لە عەرش بێنێت و سەری خۆیان بپارێزن.

پەیمانی بەغدا کە لەنێوان ئێران و تورکیا و عێراقدا بەسترابوو، لەوە دەترسان لە گۆڕانکارییەکانی عێراق، نەوتی عێراق بکەوێتە دەستی عەبدولناسڕ و دەوڵەتێکی گەورە دابمەزرێنێت و بە هەر جۆرێک بێت لە نەوت بێبەشی بکەن.

لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ـی تەممووزی ١٩٥٨، ئێران و تورکیا وێستیان ئەو پیلانە بۆ داگیرکردنی کوردستان بخەنە کار، بەڵام وەکوو لە بەڵگەنامەکانی بااڵوێزخانەی بەریتانیا دەردەکەوێت، دوو هۆکار هەبوو ئەو پیلانەی لە کار خست، یەکەمیان هەردوو حیزب کە لە کوردستان کاریان دەکرد، پارتیی دیموکراتی کوردستان لقی کوردستانی حیزبی شیوعیی عێراق، کە پەیوەندییان بە بەرەی یەکێتیی نیشتمانی هەبوو، بە هەموو توانای پشتگیریی شۆڕش و کۆماری نوێی کرد. هەروەها یەکێتیی سۆڤیەت هێزێکی زۆری لە سنووری ئێران و تورکیا کۆ کردەوە و لە دەزگەی ڕاگەیاندنەوە ئەوەیان گەیاند، ئەگەر هاوسێکانی عێراق خۆیان لە عێراق بە بەهێزتر بزانیایە، دەبێت ئەوەش بزانن ئەوانیش هاوسێیەکی بەهێز لە سنووریاندا هەیە. لە پرسیارێک کە بااڵوێزی بەریتانیا لە واشنتن لە بااڵوێزی

ئەنقەرە دەیکات، کە بۆچی ئێران و تورکیا هیچ جوولەیەک ناکەن، لە وەڵامدا ئەو دوو هۆکار دەخاتە پێش چاو، واتا پشتگیریی کورد لە کۆماری عێراق و هەڕەشەی حووکمەتی سۆڤیەت. هەڵوێستی بارزانی و دوای گەڕانەوەی لە ڕووسیا و هەڵوێستی ئەرێنیی عەبدولکەریم قاسم، ئەو وەزعەی پتەوتر کردەوە.

پیلانی دابەشکردنی کوردستان لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی لە عێراق و لەو دوو وڵاتە هاوسێیانەدا وەکوو ژیلەمۆ کە هەر بەینێک و بەینێک دووکەڵی لێوە هەڵدەستێت. لە پاش شۆڕشی ١٤ـی تەممووزی ١٩٥٨، لە عێراقدا سێ ئینقیلابی سەربازی و شەڕێکی داگیرکردن ڕووی دا. لە تورکیاش چوار ئینقیلابی سەربازی و گۆڕانکارییەکی زۆر بوو. لە ئێرانیش ڕژێمی شاهانشاهـ سەرنگوم کرا و حووکمەتی بەرەی نیشتمانی بە سەرۆکایەتیی مەهدی بازرگان و لە پاشان کۆماری ئیسلامیی ئێران دامەزرا. بەڵام سەودای پێشوو، هەر چۆنێک بە شێوازێکی تر دەبوو، هەر مایەوە. بۆ ئەم مەبەستە دووبەرەکی و دژایەتییان لە کوردستان قوولتر دەکرد. لە شەڕێکی نێوان یەکێتی و پارتیدا، کە یەکێتی سنووری پارتیی بەزاند و لە ڕێگەکان پەڕییەوە، تورکیا بە تۆپ و تانکی فڕۆکەی جەنگی، هێزەکانی یەکێتیی گەڕانەوە سنووری خۆیان. لە شەڕێکیشدا پارتی ئەو سنوورەی بەزاند، هێزی (البدر) هێزەکانی پارتیی گەڕاندەوە سنووری پێشووی.

ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی شۆڕش بوونەوە

ئەو کێشـــــانەی کە ڕووبەڕووی شـــۆڕش بوونەوە، ئەمـانەی خوارەوە بوون:

١- کێشەی یەکێتی لەنێوان وڵاتانی عەرەبدا.

٢- کێشەی نەوت لەگەڵ کۆمپانیای I.P.C.

٣- کێشەی کوێت.

٤- کێشەی کورد.

یەکێتی لە وڵاتانی عەرەبدا

لە پاش ڕووخانی دەوڵەتی عەبباسییەوە، وڵاتانی عەرەب بوونە بەش بەشەوە و بە درێژاییی مێژوو یەکێتییان بە خۆوە نەبینی. بورجوازیی عەرەب لە دەورانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا وەکوو میللەتانی تر ئامانجی ئەوەیان هەبوو، لەم ئیمپراتۆرییە ڕزگاریان ببێت و وڵاتێکی عەرەبیی یەکگرتوو و دەوڵەتێکی عەرەبیی سەربەخۆ دابمەزرێن و، بۆ ئەم خەونە قوربانییەکی زۆریان دا. دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان، بەپێی پەیمانی سایکس-بیکۆ، وڵاتانی عەرەبییان لەناو خۆیاندا دابەش کردبوو و ڕێگەی هەر جۆرە یەکێتییەکیان لێ بەستبوون. لە شەڕی دووەمی جیهانیدا، هەرچەندە ئەم وڵاتانە لەژێر دەستی ئیستیعماری ڕزگاریان بوو، بەڵام ئیستیعمار هەر ما و بە جۆرێک کە خۆی لەگەڵ بارودۆخی نوێی جیهان گونجاند و بەرژەوەندیی ئیستیعماری لە زۆربەی ئەو وڵاتانە هەر مایەوە. ئەم جیابوونەوەی وڵاتانی عەرەب بووە هۆی جیاوازیی ڕژێمی حووکم و باری کۆمەڵایەتی و کولتووری و شێوازی ژیانیان. کۆکردنەوەی ئەم شێوازە جیاوازانە لەژێر ئاڵای یەک حووکمەتدا، نەک تەنها وەکوو کارێکی قورس، بەڵکوو وەکوو موستەحیل وا بوو. لە شۆڕشی میسر و دامەزراندنی کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو، کە جەمال عەبدولناسەر ئاڵای

(ئازادی و سۆشیالیستی و یەکێتی)ـــــی هەڵکردبوو، ڕێگەیەکی دووڕودرێژ لەبەر یەکێتیی ئەم وڵاتـــانە هەبوو. بەپێی ئەم دروشمە، دەبێت هەموو وڵاتانی عەرەب لە دەسەڵاتی ئیستیعمار و حووکمەتانی کۆنەپەرســـت ڕزگاریان ببێت و ڕێگەی ڕژێمی ســـۆشـــیالیســـتی بگرن، ئینجا بیر لە یەکێتی بکەنەوە. جەمال عەبدولناســـر خۆیشـــی ئەمەی بە ڕێگەیەکی دووڕودرێژ دەزانی، بۆ کورتکردنەوەی ئەم ڕێگەیە، پشـــتی لە دیموکراتی و داخوازییەکـــانی میللەتی عەرەب کرد و ڕێگەی ئینقیلابی سەربازیی گرت، بەڵام گۆڕینی حووکمەت بە ئینقیلاب جۆری بیر و ژیانی میللەتانی عەرەبی زووبەزوو نەدەگۆڕی، لەبەر ئەوە ئەم یەکێتییەی لەگەڵ ســـووریا و یەمەندا کردی، ڕووبەڕووی ئەو ڕاســـتییە بووەوە. لەبەر ئەوە کە حیزبە شـــیوعییەکانی وڵاتان عەرەب ئاڵای یەکێتیی فیدراڵییان لەنێوان وڵاتانی عەرەبدا هەڵکرد و ئەمەشـــیان بە ڕێگەیەکی کورت نەدەزانی پتر لە واقیعییەوە نزیک بوو، بەڵام ڕووبەڕووی توندوتیژیی نەتەوەپەرستان بوون و تا ڕادەیەک ئەم وڵاتانە تووشی ئینقیلابات و کوشتاری ناوخۆ بوون و، عێراقیش یەکێک بوو لەو نموونانە کە وا لە قەڵەم دەدرا کە ئەمە دووبەرەکی و تونـدڕەوی لەنێوان بەرەی شـــیوعی و بەرەی قەومییە. لە دوا بینینی سەددام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٢ـدا کە داوای سەلماندنی فیدراڵیی بۆ کوردستانم لێ کرد، وتی: "ئێمە و ئێوە ئەمە نیو ســـەدەیە کێشـــەمان لەســـەر یەکێتی و فیدراڵییە، ئێســـتا چۆن فیدراڵی لە وڵاتانی خۆمدا دەکەم"؟! وتم: "جا لە نیو ســـەدەدا توانیتان یەکێتی بکەن؟ ئەمە دروشـــمێکە لە ئاســـمان هەڵواســـراوە و پێی لەســـەر ئەرزی واقیع نییە، لەبەر ئەوە نیو ســـەدەی تریش یەکێتی ناکەن". لە عێراقدا هەڵکردنی ئاڵای (وحدة

– حرية – اشـــتراكية) له لایەن حیزبی بەعســـەوە، واتا پێنســـت (ڕوانگە)ـــــــی یەکێتی کـارەکەی ئـاڵۆزتر کرد. زۆر کەس ئەو پرســـیارەی دەکرد، چۆن یەکێتی لەنێوان عێراق و مۆریتـانیـا دەکرێت؟ لەبەر ئەوە بەعســـیش هەمان ڕێگەی عەبدولناســـڕی گرت، ئەویش ڕووخاندنی حووکمەتانی عەرەب، بە ئینقیلاب یان داگیرکردنی سەربازی....هتد.

ئەم کێشەیە، هەر لە دووەم ڕۆژی شۆڕشی ١٤ـــی تەممووزی ١٩٥٨ ڕووبەڕووی حووکمەتی شـــۆڕش بووەوە. عەبدولکەریم قاسم و هاوڕێکانی و حیزبە دیموکراتی و چەپگەران لە لایەک و، عەبدولســـەلام عارف و گروپە نەتەوەییەکان لە لایەک. بۆ ئەم مەبەســـتە چەنـد جـارێـک تەقەڵای ڕووخـانـدنی حووکمی عەبدولکەریم قاســـم درا، عەبدولســـەلام – نازم تەبقەجەلی – عەبدولوەهاب شـەواف – ڕەشـید عالی گەیلانی و کۆنەپەرسـتان و لە دوای ئینقیلابی ٨ـــــی شـــوبات ١٩٦٣، کە بە ڕووخانی حووکمەتی عەبـدولکەریم و کوشـــتنی خۆی و هـاوڕێکـانی و ژمارەیەکی زۆر لە شیوعییەکان و دیموکراتییەکان، دواییی هات.

هەڕەشەی پەیمانی سنۆ

کە شۆڕشی ١٤ـــی تەممووزی ١٩٥٨ سەرکەوت، بەریتانیا و ئەمریکا ویستیان هەر لە سەرەتاوە نابووتی بکەن. لەشکری بەریتانیا لە ئوردن و لەشکری ئەمریکا لە لوبنان دابەزین. جەمال عەبدولناسڕ لە یەکێتیی سۆڤیەت دەگەڕایەوە، هەر کە گەیشتە قاهیرە، دووبارە گەڕایەوە بۆ مۆسکۆ و داوای لە سەرکردەکانی سۆڤیەت کرد، کارێکی وا بکەن، کە بەریتانیا و ئەمریکا شۆڕشی عێراق پێشێل نەکەن. مەترسیی لەو دوو دەوڵەتە نەبوو. لە بەڵگەنامەکانی باڵوێزخانەی بەریتانیا لە ئەنقەرە و واشنتن دەردەکەوێت، پلانێکی وا هەبوو، لە حاڵەتێکی وادا، ئێران و تورکیا کوردستان داگیر بکەن و تورکیا دەست بەسەر نەوتی کەرکووک و عەین زالەی موسڵ بگرێت. کە هەر چاوی لەوەبوو بۆ دەرفەتێک دەگەڕا و دەرفەتیش لەوە باشتر نابێت، کە بەریتانیا و ئەمریکا پشتگیرییان دەکرد. مەبەستی بەریتانیا و ئەمریکا ئەوەبوو، جەمال عەبدولناسڕ لە نەوتی عێراق بێبەش بکەن. لە پرسیارێکدا کە لەنێوان حووکمەتی بەریتانیا و ئەمریکا دەکرێت، لەوە دەپرسن، بۆچی تورکیا و ئێران لەم گۆڕەپانەدا ناجوولێن؟ لە وەڵامدا دەڵێن: لە ترسی سۆڤیەت و کوردەکانیش لە شۆڕش کرد. چونکە سۆڤیەت هێزێکی سەربازیی گەورەی لە سنووری تورکیا و ئێران کۆ کردەوە و هەڕەشەی ئەوەی کرد، کە ئەگەر بەریتانیا و ئەمریکا هەر دەستدرێژییەک بەسەر عێراقدا بکەن، یەکێتیی سۆڤیەت بە دەستبەستراوی ناوەستێت و هەڕەشەی لە تورکیا و ئێرانیش کرد، کە ئەگەر خۆیان بە هاوسنووریکی

گەورەی عێراق بزانن، دەبێت ئەوەش بزانن ئەوانیش هاوسنووریکی گەورە و بەهێزتریان هەیە. لەبەر ئەم هەڵوێستە، دەستدرێژیی بەریتانیا و ئەمریکا دژی شۆڕشی عێراق و دەستدرێژیی تورکیا و ئێران بۆ داگیرکردنی کوردستان و دابەشکردنی لەنێوانیاندا، پووچەڵ کرایەوە و عێراق و کوردستانیش ڕێگەی خۆیان گرت.

عەبدولکەریم قاسم لەم بارودۆخەدا کە جارێ دەستووری لە دەستووردا تۆمار کرد: "العرب والأكراد شركاء في هذا الوطن"، واتا: "عەرەب و کورد هاوبەشن لەم نیشتمانەدا". ئەمە جگە لەوەی کە دان بە بوونی نەتەوەیەکی تر، کە کوردە دەنێت، مافی نەتەوەی کورد دیاری ناکات و لە چوارچێوەی بورجوازی دەرناچێت کە لە دەستووری پێشوودا بە "المساواة = یەکسانی" ناوی بردبوو. ئەفسەران کە دەستەیەکی ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگەن و بەشێکی هیچ چینێک نین و بە تەنهاش چین نین، بەڵام لە پەرەسەندندان، زۆربەیان ڕۆڵی مولکداران و پیاوانی ئایینی و کاربەدەستانیان دەبینی. دەبێت ئەوەش بزانین کە حیزبی نیشتمانیی پێشکەوتووخواز، کە لە حیزبی نیشتمانی دیموکراتی بە سەرۆکایەتیی محەمەد حەدید جیا بووەوە، کاریگەریی زۆری بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا هەبوو. لە کۆبوونەوەیەکدا کە منیش ئامادە بووم، عەبدولکەریم دانی بەم مەینەتییە دانا و لە پڕۆگرامی حیزبی نیشتمانیی دیموکراتی کە کامل چادرچی سەرۆکی بوو، تەنها مافی نەتەوەی کوردی بە یەکسانی "لەنێوان هاوولاتییانی دەردەخست". هەروەها کە لە پاش ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ سوپای عێراق هێرشی بردە سەر کوردستان، محەمەد حەدید بە "کارێکی هونەریی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد"ی دانا.

دووبەرەکی لەنێوان بەرەی نیشتمانی و ئەفسەرانی ئازاددا

وەکوو زانیمان بەرەی نیشتمانی کە لە ساڵی ١٩٥٦ پێک هات و گروپی ئەفسەرانی ئازادیش هاوکارییان کرد. هەر لە چەند ڕۆژێک لە پاش شۆڕشی ١٤ی تەممووز ١٩٥٨، دووبەرەکی کەوتە ناویان.

بەرەی نیشتمانی (جبهة الاتحاد الوطني) کە لە حیزبی شیوعی و حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆشیالیستی و حیزبی الأستقلال و حیزبی الوطني الدیموقراطي پێک هاتبوو، ڕەگەزپەرستانی ئەو بەرەیە کە حیزبی بەعس و حیزبی الأستقلال و حیزبی پارتیی کوردیی بە پارتێکی "انفصالی" دانا و ڕێگەی هاوکارییان لەم بەرەیەدا بەست. حیزبی شیوعی لەبەر بوونی پارتیی دیموکراتی کوردی لەم بەرەیەدا، نەیتوانی هاوبەشی بکات، لە ڕێگەی هاوکاریی دووقۆڵییەوە هاوکاریی ئەوانیشی دانابوو. لەم هاوکارییە دووقۆڵییەدا مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و جەلیل هۆشیار نوێنەری پارتی بوون، لەبەر ئەوە، لە ئەنجامی هێرشی حووکمەتی نووری سەعید، هەردووکیانی بە دوو ساڵ بەندکردن خرانە بەندیخانەی بەغدا.

له گروپانی ئەفسەرانی ئازادا، کوردەکان لە گروپی سەربەخۆی حیزبی شیوعی بەشداریيان کردبوو.

له دامەزراندنی حووکمەتی کۆماریدا، ئەم پارتانەی بەرەی نیشتمانی بەبێ بەشداریکردنی حیزبی شیوعی له حووکمەتدا بەشداریيان کردبوو. عەبدولکەریم قاسم بەشداریی ئیبراهیم کبەی بە بەشداریی شیوعییەکان دادەنا و هەر واش بوو. له کوردەکان، خالید نەقشبەندی له ئەنجومەنی سەروەری و بابا عەلی شێخ مەحموود بەشداریيان کردبوو. له پاش ئەوەی نوێنەری حیزبی بەعس فوئاد ڕکابی و نوێنەری حیزبی (الأستقلال) شێخ محەمەد مەهدی کبە و وەزیریان له حکومەت کشانەوە، بابا شێخ مەحموودیش کشایەوە.

هۆی دووبەرەکیی ئەفسەران و پارتە نەتەوەییەکان ئەوەبوو، کە دەبێت له سەرووی حووکمەتەوە (ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش) له هەموو گروپەکانی ئەفسەرانی ئازاد دادەنرێت و زووبەزوو یەکێتی لەگەڵ میسردا بکرێت.

یەکەم جار ڕەشید عالی گەیلانی کە گەڕابووەوە بۆ عێراق، لەگەڵ چەند له سیاسیيە کۆنەکان و ئەفسەراندا، پیلانی سەرنگومکردنی حووکمەتی شۆڕش و دانانی حووکمەتێکی ڕاستڕەوی دانابوو، بەڵام خۆشبەختانە ئەم پیلانە له پێش کردنیدا ئاشکرابوو و ڕەشید عالی له دادگە حووکمی له سێدارەدانی درا، بەڵام عەبدولکەریم له پاشان لێی خۆش بوو و ئازادی کرد. هەر له دوا مانگەکانی ساڵی ١٩٥٨، پیلانی کوشتنی عەبدولکەریم قاسم له لایەن عەبدولسەلام عارف دانرا، بەڵام عەبدولسەلام عارف دەستگیر کرا و له دادگەی میللەت (محکمة

الشعب)ـــــەوە سزای لە سێدارەدانی درا و، لە پاش ماوەیەک عەبدولکەریم قاسم لێی خۆش بوو و ئازادی کرد.

لە ســـــاڵی ١٩٥٩ فەرماندەی فیرقەی دوو نازم تەبقەجەلی و هاوڕێیانی پیلانی وەرگیرانی ســـــەربازییان دانابوو، بۆ ئەم مەبەستە عەقید عەبدولوەهاب شەواف لە موسڵ یاخی بوو، بەڵام بە یارمەتیی جەماوەری موســـــڵ، ئەم یاخیبوونە بە کوشـــــتنی عەبدولوەهاب شەواف و دادگەییکردنی ئەفسەرانی هاوبەشی و گوللەبارانکردنیان، کۆتاییی هات.

لە ساڵی ١٩٦١ تەقەڵای تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسم لە لایەن حیزبی بەعســـــەوە کرا و هەر چۆنێک بوو، عەبدولکەریم بە ســـــەختی بریندار بوو، بەڵام لە مەرگ ڕزگاری بوو و، زۆربەی تیرۆرستەکان دەستگیر کران و لە دادگەی (الشعب) حووکمی لە سێدارەدانیان درا، بەڵام عەبدولکەریم لە سێدارەی نەدان.

ئەم هەموو گروپاتی دژی حووکمی عەبدولکەریم قاســـــم یەکیان گرت و پەیوەندییان لەگەڵ ئەمریکادا پەیدا کرد و لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بە وەرگیرانی ســـــەربازیی خوێناوی، توانییان حووکمی عەبدولکەریم بڕووخێنن و عەبدولکەریم و هاوڕێکانی گوللەباران بکەن، هەروەها کوردەکانیش بە هاوبەشی بابا شێخ مەحموود و فوئاد عارف لە حووکمەتدا، هاوکارییان کرد.

یەکێتی لەنێوان وڵاتانی عەرەبدا

لە سیاقی شەڕی یەکەمی جیهانی لەنێوان دەوڵەتە ئیستیعماریيەکان بۆ دابەشکردنەوەی وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی. گەلێک لە وڵاتان و میللەتان دووچاری لەتلەتکردن بوون و هەندێک حووکمەتی ژێردەست لە پارچەی چەند میللەت و وڵاتێک دروست کران. ئەم کردەوە ئیستیعماریيانە بە پێچەوانەی ئامانجی ئەم میللەتانە و بە مەبەستی بەرژەوەندیی دەوڵەتە ئیستیعماریيەکان ڕووی دا.

لەو میللەت و وڵاتانەی لەت لەت کران، میللەت و وڵاتانی عەرەب و میللەتی کورد و وڵاتانی کوردستان بوون. نموونە بۆ ئەو حووکمەتانەی بۆ بەرژەوەندیی ئیستیعماریيەکان دروست کرا، حووکمەتی عێراق بوو، کە لە بەشێک لە عەرەب و بەشێک لە کورد دروست کرا.

عێراق، لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی، بریتیبوو لە ویلایەتی بەغدا و بەسرە و، کوردستانی باشووری بە "ویلایەتی موسڵ" ناو نرابوو. لە سیاقی بەرە و بێنە. لەنێوان بەریتانیا و فەرەنسا، زۆربەی لە ویلایەتی موسڵ بەر فەرەنسا کەوتبوو، بەڵام بەپێی مساوەمەیەک لەنێوانیاندا، بەریتانیا لە جێگەی وەرگرتنی ویلایەتی موسڵ (کوردستانی باشوور)، سووریای دایە فەرەنسا.

له پاش شـۆرشـی ۱۹۲۰ له عێراق، بەریتانیا حووکمەتی عێراقی له ویلایەتی بەغدا و بەسرە دامەزراند، بەڵام بە گەلێک پەیمان و ڕێککەوتننامە لەژێر دەستی خۆی مایەوە.

کوردسـتان کە بەپێی پەیمانی (سـیڤەر) داوای دامەزراندنی حووکمەتێکی سـەربەخۆی کوردیی دەکرد، کە لەو هەرێمانەی کوردستان کە لەژێر دەستی عوسمانیدا بوو، لە سەرانسەری کوردسـتان شـۆرش هەڵگیرسـا و تورکەکان لە کوردسـتانی باشوور و ئینگلیزەکانیش لە کوردستانی باشوور، ئەو داوایانەی میللەتی کوردیان پێشێل کرد.

لە عێراقدا، هەردوو میللەت، عەرەب و کورد هەستیان بە ئامانجی یەکتر دەکرد، هەر کەسە بە شێوازی خۆی. عەرەبەکانی فوراتی ناوەڕاست لە (هۆسە)ـدا دەیانەوێت: "ثلثين الجنة لها دينا و ثلثة لة كاك احمد و كرادة"، واتا: شـۆرشـی هەردووکیانیان بە "غزا" دەزانی و بەهەشـتیان لە سـێ بەش، دوو بەشـی بۆ عەرەب و بەشێکی بۆ کورد دادەنا.

بەریتانیا ئەمانەی دەدا پشـتگوێ، بۆ نەوتی کوردسـتانیش هیچ درێخیی لە پێشـێلکردنی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد نەدەکرد. حاکمی سـیاسـیی کەرکووک (ئەدمۆنز) لە ڕاپۆرتێکیدا کە بۆ وەزیری ئیسـتیعماریی بەریتانیا (چەرچڵ) نووسـیوێتی: "هیچ گومانی لە کوردایەتیی کەرکووک نییە، بەڵام لەبەر بوونی نەوت، بەرژەوەندیی بەریتانیا لەوەدایە کە کەرکووک لەسەر کوردستان نەبێت. نەک تەنها پەیمانی سـیڤەر، بەڵکوو ئامادەبوو هەموو زنجیرە چیاکانی حەمرینیش لە بن هەڵبکەنێت بۆ بەرمیلێک نەوت. هەر وا لە سـاڵی ۱۹۲۵، بە پێچەوانەی داخوازییەکانی

میللەتی کورد، لەسەر داوای بەریتانیا، (عصبة الأمم) بڕیاری لە سێدارەدانی کوردستانی باشووری دا و کوردستان بەسترایە عێراقەوە، بەڵام میللەتی کورد لە داوای خۆی سارد نەبووەوە و بۆ ئەم داوایە لە قوربانیدانِ دریخیی نەکرد.

قەوماییە عەرەبەکان هەستیان بەوە کرد کە ناتوانن کوردستان قووت بدەن. ئەدمۆنز لە ڕاپۆرتێکدا دەڵێت: "قەوماییەکانی عەرەب لەو باوەڕەدان کە کوردستان هەتاهەتایە نابەستریتەوە بە عێراقەوە و، میللەتی کوردیش چاوی لەوەیە کە ڕۆژێک بێت لەگەڵ هاووڵاتییانی یەک بگرن و ئازاد بن، لەبەر ئەوە چاو دەبڕنە باشوور و ڕۆژئاوای عێراق، بەڵام پاش ئەوەی ناوچە بە پیت و بەرەکەتەکانی کوردستان بۆ خۆیان دابڕن.

ئەمەیە بنچینەی ئامانجی قەوماییەکانی عەرەب بۆ یەکێتیی وڵاتانی عەرەب. بەڵام بە دریژاییی مێژوو گۆڕانکارییەکی زۆر لەم وڵاتانەدا ڕووی داوە و ئەم شێوازە یەکێتییەی لە دڵیاندایە، ناتوانن بە ئاسانی بیسەپێنن سەر ئەو واقیعە، ئامانج جیایە و واقیع جیایە، لەبەر ئەوە بیروڕای جیاواز، بۆ بەدیهێنانی یەکێتی لە بیروباوەڕیاندا هەبوو، ئەم جیاوازییە گەلێک کێشەو و گرفتی لێ دەبووەوە و زۆر جار دەبووە هۆی کوشتار لەنێوانیاندا.

شێوازەکانی یەکێتی

جیاوازیی هەڵوێست و بیروڕا لەنێوان عەرەبدا لە شەڕدا، لە دوو شـــێوازی ســـەرەکیـدا بوو. یەکبوون و یەکێتیی فیـدراڵی. ڕەگەزپەرستان قەومییە نەرمڕەوەکان و دیموکراتییەکان یەکێتیی فیدراڵییان بە شێوازێکی واقیعی دەزانی.

یەکەم – یەکبوون (الوحدة):

ئەم یەکبوونە ئەمە دەگەیەنێت کە حووکمەتەکان هەموو لەنێوان یەک حووکمەت بتوێنەوە و تەنهـا یەک حووکمەت بە هەموو کاروبارێکی ناوخۆ و دەرەوە هەڵبســـێت، بەبێ بەشـــداربوونی لایەکی تر لە کاروباری ســیاســی و دەســتووری و یاســاییەوە. تەنها ئەم دەوڵەتە بە چالاکیی ســـیاســـییەوە، بەبێ ئەوەی هیچ دەســـەڵاتێکی ســیاســیی تری هەبێت، هەڵدەســتێت. لەم دەوڵەتە دەبێت شێوازێکی جۆراوجۆری بەڕێوەبردن هەبێت.

ئەمە لە مێژوودا ڕووی داوە، یەکێتیی دەوڵەتـانی ئەڵمـانی و یەکێتیی هەرێمەکانی ئیتاڵیا و یەکێتیی وڵاتانی ئیســـــلامی دژی مەسیحییەکان لەسەر دەستی سەلاحەددینی ئەیووبی.

دووەم: یەکێتیی فیدراڵی (اتحاد):

ئەم جۆرە یەکێتییە لە دەوڵەتێکی چەند حووکمەتیدا دەبێت، کە یەکێک لەم شێوازانەی خوارەوەیە:

١- یەکێتیی کەســـی: بریتییە لە یەکێتییەک تەنها لە کەســـی ســـەرۆکی دەوڵەت و هەموو حووکمەتێکی نێوان یەکێتی لە یەک جودان. لە ســـەروەریی کاروباری ناوخۆ و دەرەوە و هەر یەکە دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی بێگانە بکات و جیاوازیی ســیاســیی و دەســتوورییش لەنێوانیاندا هەبێت، نموونە بۆ ئەمە نەمسا و مەجەر لە سالانی (١٨٦٧-١٩١٨).

٢- یەکێتیی ســەربەخۆیی: بریتییە لە یەکێتیی چەند حووکمەتێک، ســـەربەخۆن لە کاروباری ناوخۆ و دەرەوە. هەر یەکە دەتوانێت پەیوەندیی نێودەوڵەتی بکات و هەر کە کیانێکی ســـەربەخۆ و ســـەروەریی هەیە، وەکوو: یەکێتیی هاشـــمی لەنێوان عێراق و ئوردندا.

٣- یەکێتیی ڕاستەقینە: لە چەند حووکمەتێک پێک دێت و بە یەک دەناسرێت، ئەویش دەوڵەتی (یەکێتی)ـــــیە کە تەنها سەروەریی دەرەوەی هەیە و تەنها ئەو مافی پەیوەندیی دبلۆماسیی بە ناوی حووکمەتی یەکێتییەوە هەیە، بەڵام لە کـاروبـاری نـاوخۆ، هەر حووکمەتێک بە یاسـای دەسـتووری و یاسـای خۆی کار دەکات، بە مەرجێک دژی دەســـتووری دەوڵەتی یەکێتی نەبێت، وەکوو: یەکێتیی یوگسلاڤیا.

٤- یەکێتیی ناوەندی (الاتحاد المرکزي):

لەم جۆرە یەکێتییەدا، حووکمەتی ناوەندی ســەروەریی دەرەوەی دەبێت و، تەنها مافی پەیوەندیکردنی دبلۆماســـیی نێودەوڵەتیی

هەیە و تەنها ئەم لە لایەن دەوڵەتانەوە ناسراوە. بەڵام سەروەریی ناوخۆ لەنێوان هەرێم و حووکمەتی ناوەندی دابەش دەکرێت. حووکمەتانی هەرێم، سەربەخۆییی ناوخۆیان هەیە و دەستووری حووکمەتی ناوەندی بەبێ ســـــەلماندنی حووکمەتانی فیدراڵی ناکرێت، حووکمەتی ناوەندییش بۆی نییە یاســـــای پێچەوانەی دەستوور دابنێت، وەکوو: (حووکمەتی ئیتیحادی عێراق).

کێشەی کوێت

ئەو بەڵگەنامانەی کە وا لە ویلایەتی بەسرەدا لە حووکمی عوسمانیدا هەیە، ئەوە دەردەخات کە کوێت قەزایەکی سەر بە ویلایەتی موسڵ بووە. حووکمەتی عوسمانی لەگەڵ ڕژێمی بەڕێوەبەرایەتیدا، جۆرە سەربەخۆییەکی کاروباری ناوخۆی بە میرانی ئەو ناوچانەی سەلماندووە، هەر لەگەڵ بوونی دەسەڵات ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، ئەو میرنشینانە گەلێک پەیمان و ڕێککەوتننامەیان لەگەڵ کۆمپانیاکانی بەریتانیا و لەندەندا بەستووە و گوێیان بە هەڕەشەی کاربەدەستانی حووکمەتی عوسمانی نەداوە.

لەگەڵ ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، دەوڵەتە ئیمریالیستەکان، بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان گەلێک گۆڕانکارییان کرد، لەوانە دابڕینی قەزای کوێت و بەستنی بە موستەعمەراتی بەریتانیاوە. هەروەها دابڕینی کوردستانی باشوور و بەستنی بە حووکمەتی عێراقەوە. ئەم گۆڕانکارییانە هەرچەندە لە بەرژەوەندیی میللەتانی ئەو ناوچانە نییە، بەڵام واقیعێکە ناتوانێت باز بەسەریدا بدرێت. لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی موستەعمەرات لە سیاقی شەڕی دووەمی جیهانی لە هەموو دونیادا، کوێت بووە میرنشینێک تا گەیشتە میرنشینێکی سەربەخۆ. ئەگەر ئەو

واقیعانه بخرێته پشـــتگوێوه، دەبێت عوســـمانی داوای وڵاتانی عەرەب و، بەریتانیا داوای هیندســـتان و، ئیســـپانیاش داوای ئەمریکا بکات. بە بەخت لەبەر ئەوەی کوێت وڵاتێکی دەوڵەمەند و سامانی نەوتی هەیە، بەو جۆرە دەبێتە چاوتێبڕینی ئەم و ئەو.

لەبەر ئەوە حووکمەتانی عێراق نەیاندەویســـت دان بەو واقیعە بنێن و پەیوەندیی دبلۆماسییان لەگەڵ نەدەکرد و جار بە جار لە شـــەڕی کوێت کە بەشـــێکە لە عێراقیـان، لێیـان دەدا. لەو کاربەدەستانە، سەرۆک وەزیرانی عێراق عەبدولکەریم قاسم بوو، ڕەنگە بۆ گوشـــارخســـتن بەســـەر کۆمپانیاکانی نەوتی عێراق لە کاتی وتووێژدا بۆ داواکردنی مافەکانی میر لە بەشـــی نەوتدا بۆ پڕوپاگەندە جارِی ئەوەی دا و ڕەنگیشـــە بۆ ئەم مەبەســـتە پشـــتگیریی لە موعارەزەی کوێتیش کردبێت. عەبدولکەریم، نەک تەنها کوێت، بەڵکوو لەگەڵ بوونی هیچ پەیوەندییەک بە میرنشینی عومانەوە، بە ئاشـــکرا پشـــتگیری و یارمەتیی دژی ســـوڵتان و کردیە دوژمنی خۆی.

دەڵێن عەبدولکەریم قاســـم پشـــتی بەوە دەبەســـتا کە یەکێک لە کاربەدەستانی کوێت بە پشتگیریی عەبدولکەریم قاسم دەیویست، دژی میری کوێـت، ئینقیلابێـک بکـات، بەڵام پووچەڵ کرا و عەبدولکەریم لەوە بەو لاوە جارِی ئەو داوایە بدات ڕێگەی تری نەبوو، ئەوە کارێکی ناڕەواتر بوو.

کاربەدەســـتانی بەعس کە دەیانویســـت، بەبێ پرســـی میللەتانی وڵاتی عەرەب، بە پیلانگێڕان و هەڕەشـــە و بەکارهێنانی هێزی ســـەربـازی یەکێتی بە ڕوویـانـدا بهێنن. ڕەخنەی ئەوەیـان لە عەبدولکەریم قاســـم دەگرت کە لە جیـاتیی وتاردان، دەبووایە

لیوایەکی لەشـــکری بناردایە بۆ کوێت و داگیری بکردایە. خۆیان کە وایان کرد، بە سەرومالّەوە تێچوون و عێراقیش تاکوو ئێستا قەرەبووی کردەوەی ئەوان دەدا، هێشـــتاش هەر لەژێر بـاری گەمارۆی ئەنجومەنی ئاســاییشـــی نێودەوڵەتییە و نازانێت چۆن لێی دەرباز بێت.

کێشەی کورد

لە بەڵگەنامەکانی بالۆێزخانەی بەریتانیا لە ئەنقەرە و واشـــنتن ئەوە دەگەیەنێت، لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ـی تەممووزی ١٩٥٨، کە نە بەریتانیا و نە ئەمریکا بە هۆی هەڕەشـەی دەوڵەتی سـۆڤیەت نەیانتوانی حووکمەتی شـۆڕش لە سـەرەتاوە بخنکێنن، بڕیار وا بوو، لە حاڵەتێکدا ئەگەر یەکێتی لەنێوان عێراق و میسـر ڕووی دا، بۆ ئەوەی عەبدولناسـڕ لە نەوتی عێراق بێبەش بکەن. پشـــتگیری لەو بڕیـارەی نێوان تـاران و ئەنقەرە بکەن بۆ دابەشـــکردنی کوردســـتان لەنێوان هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا. لەو پرســـیار و وەڵامانەی بالۆێزخانەی بەریتانیا، وا دەردەکەوێت کە ئێران و تورکیا لەبەر دوو شـت نەیانتوانی بەو کارە هەستن، یەکەمیان کۆکردنەوەی هێزی سەربازیی سۆڤیەت لە ســـنووری ئەو دوو دەوڵەتە و هەڕەشـــەکردنی دەوڵەتی ســـۆڤیەت، دووەمیان پشـــتگیریکردنی کورد بۆ شـــۆڕش و هاتنەوەی مەلا مستەفا بۆ بەغدا.

دەبێت ئەوەش بزانرێت، گروپەکانی ئەفســـەرانی ئازاد و بەرەی نیشـتمانی (الاتحاد الوطني) نێوان پارتە سـیاسـییەکان، هەرچەندە یەک بیر بوون بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی مەلەکی سەر بە ئیستیعمار و دامەزراندنی کۆمارێکی ســـەربەخۆی ئازاد. دووبەرەکییەکی

قوولّ لەنێوانیـانـدا هەبوو لەســـەر یەکێتیی زووبەزوو لەگەڵ حووکمەتی عەبدولناسڕ لە میسر.

لەمەدا، جەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاســـم و دەســـتەیەکی زۆری فەرماندەرانی سوپا، بە تایبەت ئەفسـەرانی شیوعی و دیموکراتی و حیزبی الوطني الديموقراطي به سەرۆکایەتیی کامل چادرچی و حیزبی وطني التقدمي به سـەرۆکایەتیی محەمەد حەدید و حیزبی شـــیوعی. لەو باوەڕەدابوون کە پەلەکردن لەم یەکێتییە، ڕەنگە زیـان بگەیەنتە بزووتنەوە و ئـازادبوونی نیشـــتمـانی ولاتـانە عەرەبییەکان، بە تـایبەت عێراق کە بـارودۆخێکی تـایبەتیی خۆی هەیە. کەچی چەند گروپێک لە ئەفسەرانی نەتەوەیی کە لە دەوری عەبدولســـــەلام عـارف کۆ دەبوونەوە و حیزبی ســـــەربەخۆیی (الأســـتقلال) و حیزبی بەعســـی عەرەبیی ســـۆشـــیالیســـتی و گروپەکانی ســەر بە جەمال عەبدولناسـڕ، پەلەکردنیان لە یەکێتی لەگەڵ میسـر، بە کارێکی پاراسـتنی ولاتە ئازادبووەکانی عەرەب دەزانی و، بۆ ئەم مەبەستە کەوتنە دووبەرەکی لەگەڵ حووکمەتی عەبـدولکەریم قـاســـم، کە تـا ڕادەیەک محـاوەلەی وەرگیرانی میسریان دەکرد.

هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستان جۆرە تەمییەکی لەسەر بوو. لەبەر ئەوە عەبدولکەریم قاسم تا دەهات دەکەوتە گومانەوە لەم پارتە و سـەرکردەکەی (مەلا مستەفا بارزانی). ئەم گومانە و هەڵوێســتە نەرێنییەکەی کە عەبدولکەریم لە چەند هەڵوێســتێکی یەک لە دوای یەک پتر دەبوو. یەکەمیـان، مەلا مســـتەفـا لە گەڕانەوەیدا بۆ عێراق، چووە لای جەمال عەبدولناسڕ، کە هەر لە ســـەرەتای حووکمەتی شـــۆڕشـــەوە ناکۆکی دەکەوتە نێوان

حووکمەتی عێراق و میسر. ئەم ناکۆکییە نەک تەنها لەنێوان دوو حووکمەت و دوو سەرۆک کۆمار بوو، بەڵکوو لەنێوان نەتەوەکانی عەرەب بوو لە زۆربەی وڵاتاندا و چەپڕەوەکانی عەرەب و نەتەوەکانی تری وڵاتانی عەرەب، ئەوان داوای یەکێتیی وڵاتانی عەرەبییان دەکرد، ئەمان یەک بوون (اتحاد)یان بە ڕاستی دەزانی، کە ئەم جیابوونەوەیەی وڵاتانی عەرەب جیاوازییەکی زۆری باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی دروست کرد و ڕژێمی سیاسیی جۆراوجۆری پێک هێناوە، ناتوانرێت بازی بەسەردا بدرێت. دروشمی یەکێتی (الوحدة) بووە هۆی دابەشبوونی وڵاتانی عەرەب بۆ ڕووخاندنی ئەوی تر، پیلان دابنێت و تاقیکردنەوەی یەکێتی لەنێوان میسر و سووریا و یەمەن گەورەترین بەڵگە بوو بۆ سەرنەگرتنی ئەم جۆرە یەکێتییە. لە پڕۆگرامی یەکێتی دوو ئالا هەڵکرابوو، تەیاری بەعس کە (وحدة – حرية - اشتراكية) واتا: لە پێشدا یەکێتی بەبێ گوێدانە ڕژێمی سیاسی و کۆمەڵایەتی، وەکوو یەکێتییەک لەنێوان عێراق و سعوودیە کە هەر ڕێی تێ ناچێت، ئەم جۆرە یەکێتییە پشت دەبەستێتە ڕووخاندنی حووکمەتێکی تر بەزۆرداری بەستنەوەی بە حووکمەتێکی ترەوە.

واتا: هیچ گوێی نەدایە ڕای میللەت و پێشێلکردنی مافی دیموکراتی. هەر چەندێک پەروەردەی ئەم جۆرە سەرۆکانە وەکوو عەبدولکەریم قاسم، وا دەزانن بە یاسا و دەزگەکانی حووکمەت، وەکوو مستەفا کەمال لە تورکیا و ڕەزا شاهە لە ئێران، دەتوانن میللەت پێش بخەن، بەڵام ڕاستڕەوەکانیش لەسەر هەمان بیروڕان. ڕووخان و نابووتکردنی ئەو حووکمەتانەی کە بە ئینقیلاب دێنە سەر حووکم، پشت بە میللەت نابەستن و وا

دەزانن بە دەزگەی ســـەربازی و ئاســـاییش و پۆلیس دەتوانن ولات بپـارێزن، کەچی بە ئینقیلابێکی تر ســـەرەوژێر دەکرێن. لەبەر ئەوە، وردە وردە پرۆگرامی شـۆڕش دەخرێتە پشـتگوێ و دەستکەوتەکانی میللەتیش لە دەست دەچن.

کۆبوونەوەی بەرپرســانی پارتیی دیموکراتی کوردســتان لەگەڵ بەرپرسانی حیزبی بەعس و حیزبی الأستقلال، لە کاتێکدا چوونە ڕیزی موعارەزەی حووکمی قاسـم، ئەوەندەی تر گومانی خسـتە دڵی عەبـدولکەریمەوە. ئەم هەڵوێســتەی پـارتیی دیموکراتی کوردســتان، تا دەهات لە موعارەزەی حووکمی قاســم نزیکیان دەکردەوە. لەمەدا هیچ بەرژەوەندیی میللەتی کوردی تێدا نەبوو، هەرچەنـدە عەبـدولکەریم قـاســـم مـافی نەتەوەی کوردی نەسەلماندبوو، بەڵام لە دەستووردا یەکسانی و هاوبەشیی کورد و عەرەبی لە عێراقدا تۆمار کردبوو، حیزبی الأسـتقلال و حیزبی بەعس دانیان بەوەش نەدەنا و یەکێتیی عێراق و میســـریش و مەترسـیی دابەشـکردنی کوردسـتانی لەنێوان تورکیا و ئێراندا، لە دواوە بوو.

حیزبی بەعس چۆن پەیوەندیی لەگەڵ حیزبی پارتیی دیموکراتی کوردستان پەیدا کرد؟

لە بەرنامەی حیزبی بەعس هیچ جۆرە چارەسەرکردنێکی کێشەی کورد نەبوو، هەر ئەویش دژی ئەندامێتیی پارتیی دیموکراتی کوردستان لە بەرەی نیشتمانی لە ساڵی ١٩٥٦، وەستا. بەڵام بەبێ بەڵێندان بە بەجێهێنانی مافی نەتەوەی کورد، تەنها بۆ ڕووخانی حووکمی عەبدولکەریم قاسم کە دژی یەکێتی زووبەزوو لەگەڵ میسر دەوەستا، ئامادەبوو هاوکاریی لەگەڵیاندا بکات. هیچ گومان نییە کە مەلا مستەفا باوەڕی نە بە بەعس و نە بە عەبدولسەلام عارف هەبوو، چونکە هەردوو لایەن بەرانبەر مافی ڕەوای کورد هەڵوێستی شۆڤێنییان هەبوو. تا ڕادەیەک عەبدولسەلام عارف لە ساڵی ١٩٥٨ نەیدەویست مەلا مستەفا و بارزانییەکان بگەڕێنەوە بۆ عێراق و دەیوت: داوایان لە من بکردایە، پێم دەوتن: "برۆن برۆن"! لەبەر ئەوە، وەکوو باسی دەکەین، مەلا مستەفا مەرجی ئەوەی دانا کە حووکمەتێکی سویل (مەدەنی) بە سەرۆکایەتیی حیکمەت سلێمان دابمەزرێت.

ئەوەی لە لایەن بەعسەوە داوای لێ کرا کە پەیوەندی لەگەڵ مەلا مستەفا و پارتیی دیموکراتی کوردستانیان ڕێک بخات، شەوکەت عەقراوی بوو. شەوکەت عەقراوی لە ساڵی ١٩٤٧ لە پەیمانگەی

تەکنەلۆجیـای بەغـدا دەرچووبوو. بە دوای گوزەرانـدا هـاتە کەرکووک. من لەوێ پـارێزەر بووم. تکـای لێ کردم بە هەر جۆرێک بێت لە کۆمپانیای نەوت کارێکی بۆ بدۆزمەوە. سـەرۆک پاراستنی کۆمپانیا (حەیدەر) کە خەڵکی خانەقین بوو، هاوسێمان بوو، داواکەی شـــەوکەتم پێ وت و توانیی بۆی جێبەجێ بکات. شـــەوکەت خۆی لەگەڵ ئینگلیزەکـان گونجـاند و بۆ خوێندن نـاردیـانە بەریتـانیـا. لە گەڕانەوەیـدا، پەیوەندیی لەگەڵ پـارتیی دیموکراتی کوردستان پەیدا کرد و مەلا مستەفا وەکوو نوێنەرێک نـاردیە عەممـان (ئوردن). وەکوو مەلا مســـتەفـا دەیگێڕایەوە، ســـیخووڕیی لەنێوان مەلیک حوســـێن و جەمال عەبدولناســـڕ دەکرد، لەبەر ئەوە مەلا مستەفا ئەفەرۆزی کرد، وا دیاربوو خۆی لەگەڵ دژانی عەبدولکەریم قاسـم گونجاندبوو. سـکرتێری حیزبی بەعس عەلی سالّح سەعدی کە لە ڕەسەندا لە عەشیرەتی دزەیی کورد بوو، داوای شەوکەت عەقراویی کرد کە بەم کارە هەستێت. شـــەوکەتیش کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ کاک فوئاد عارف بۆ ڕێک خستن، کە کاک فوئاد داوای کرد کە سالّح یووسفییش بەشداری بکات. لە کۆبوونەوەی پاش پرســـکردن بە مەلا مســـتەفا، فوئاد عارف و سـالّح یووسـفی و عەلی سـالّح سـەعدی و تاهیر یەحیا بەشداریان کرد. لە کۆبوونەوەدا، بەبێ هیچ پەیمانێکی نووسـراو بڕیاریان دا، لە پاش ڕووخانی حووکمی عەبدولکەریم قاســـم، حووکمەتێکی سویل (مەدەنی) بە سەرۆکایەتیی حیکمەت سلێمان دابنرێت و، هیچ بەڵگەیەک نییە کە باســی کێشـــەی کورد و مافی ڕەوای کرابێت. وا دیارە ئەمەیان پاش خســـتبوو بۆ گفتوگۆی پاش ئینقیلاب.

پەیوەندی لەگەڵ حیکمەت سلێمان لە ڕێگەی ماجد مستەفاوە کرا، ئەویش بەوە ڕازی بوو. ماجد مستەفا لە دەوڵەتی عوسمانیدا ئەفسەرێکی ملازم بوو. لە پاش داگیرکردنی کوردستان (ویلایەتی موسڵ) لە شەڕی دووەمی جیهانیدا و شۆڕشی تورک بە سەرۆکایەتیی مستەفا کەمال، بۆ ئەوەی شێخ مەحموودی حەفید ڕابکێشنە لای خۆیان دژی ئینگلیز، تورکەکان سێ ئەفسەری کوردیان نارد کوردستان، عەقید سالح زەکی ساحێبقران و نەقیب محەمەد عەلی عەزیز و ملازم ماجد مستەفا. هەر کە هاتنە کوردستان، سالح زەکی ساحێبقران پەیوەندیی لەگەڵ حووکمەتی بەغدا پەیدا کرد و پشتی لە تورکەکان کرد.

محەمەد عەلی عەزیزیش دەستی لە کارەکە هەڵگرت و چووە ماڵی خۆی.

ماجد مستەفا هاتە لای شێخ مەحموود و هاوکاریی لەگەڵیادا کرد، بەڵام زانیی کە تەقەڵای تورکەکان بۆ گەڕاندنەوەی ویلایەتی موسڵ بێ ئەنجامە، خۆی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا گونجاند و لە پاش دامرکاندنی شۆڕشی کورد و دەستگیرکردنی شێخ مەحموود، لە کاروباری حووکمەتی عێراقدا، بە بەڕێوەبەری ناحیە و قائیمقام و موتەسەریف و وەزیر سەرکەوت. ماجدیش هیچ گومانی تێدا نەبوو کە دژی حووکمەتی عەبدولکەریم قاسم بوەستێت.

وەکوو باسی دەکەین، لە پاش ئینقیلابی ٨ی شوباتی ١٩٦٣، یەکەم بەڵێن کە ئینقیلابییەکان پشتیان تێ کرد، دانانی حیکمەت سلێمان بوو بە سەرۆکی کۆمار، عەبدولسەلام عارف بە سەرۆک جار درا.

گەڕانەوەی مەلا مستەفا

لە ١٤ـــی تەممووزی ١٩٥٨ شۆڕشی نیشتمانی بە کۆتاییهاتنی ڕژێمی مەلەکی و، لە پەیمانی بەغدا دەرچوون و دامەزراندنی کۆماری عێراق، سەرکەوت.

مەلا مستەفا لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە بروسکەیەکی ئاراستەی عەبدولکەریم قاسم کرد، لەگەڵ پیرۆزباییی سەرکەوتنی شۆڕش، داوای گەڕانەوەی بۆ وڵات کرد. عەبدولکەریم بە دڵگەشـــییەوە وەڵامی بۆ گەڕانەوەی خۆی و هاوەڵانی دا و ئەوەی بە مافێکی ڕەوای خۆی دانـا. بەڵام مەلا مســـتەفـا لە بـاتیی گەڕانەوەی یەکانسەر بۆ بەغدا، چووە قاهیرە و لەگەڵ جەمال عەبدولناسڕدا کۆ بووەوە.

چوونی مەلا مستەفا بۆ قاهیرە

کە شۆڕشی ١٤ـــی تەممووزی ١٩٥٨ ڕووی دا، سەرۆکی میسر جەمال عەبدولناسـر لە مۆسکۆ بوو و لە هەمان ڕۆژدا گەڕانەوە قـاهیرە. ئەمریکـا لە لوبنـان و بەریتـانیـا لە ئەردەن بۆ ســەرکووتکردنی شــۆڕش، هێزی ســەربازانی دابەزاند. جەمال عەبدولناسـر یەکسـەر گەڕایەوە بۆ مۆسـکۆ و داوای لە یەکێتیی سـۆڤیەت کرد شـۆڕشـی عێراق بپارێزێت و سـۆڤیەتیش لەگەڵ جێگیرکردنی هێزی لەشکر، هەڕەشەی کرد لە دەستتێوەردانی لە کاروباری عێراق و سنووردێک بۆ ئەو پیلانە دانرا.

مەلا مستەفا کە ئەمەی زانی، لە پێش گەڕانەوەی بۆ بەغدا، چووە قاهیرە و لە لایەن جەمال عەبدولناســـڕەوە پێشـــوازیی لێ کرا. ئەوە یەکەم هۆی عەبدولکەریم قاسـم بوو بەرانبەر مەلا مستەفا، چونکە خۆی و هاوەڵانی "ئەفسـەرانی ئازاد"ـــــی بە شـۆڕشـگێڕ دەزانی، نەک جەمـال عەبـدولنـاســـڕ و هەر خۆی. وەڵامی گەڕانەوەی مەلا مســـتەفا و بارزانییەکان بە ئەرێنی دابووەوە و عەبـدولســـــەلام عـارف کە لایەنگیریی ئەوانەی ســـەر بە عەبدولناســـڕی دەکرد، وتبووی: "ئەگەر مەلا مســـتەفا داوای گەڕانەوەی لە من بکردایە، دەموت: (بڕۆ بڕۆ)".

هەر هەنگـاوێـک بەرەو یەکێتی لەگەڵ (کۆمـاری عەرەبیی یەکگرتوودا) کێشـــەیەکی گەورەی بۆ کورد دروســـت دەکرد، چونکە پلانێک هەبوو بۆ دابەشکردنی کوردستان لە لایەن ئێران و تورکیا بە پشـتگیریی ئەمریکا و بەریتانیا، مەلا مسـتەفا ئاگای لەم پیلانە نەبوو

پێشوازیکردنی مەلا مستەفا لە بەغدا

شۆڕشی ١٤ـــی تەممووزی ١٩٥٨ دژی ئیستیعمار و ڕژێمی مەلەکی بوو. هەروەها جەوهەری دیموکراتیی شـــۆڕشـــیش نابووتکردنی ڕژێمی دەرەبەگی و دامەزراندنی حووکمەتی میللی بوو. لەوەدا ڕای گشتیی جەماوەری عێراق دژی ئیستیعماری و دۆســـتایەتی لەگەڵ یەکێتیی ســـۆڤیەت بوو. لەبەر ئەوەی مەلا مســـتەفا ڕۆڵێکی لە دامەزرانـدنی کۆمـاری میللیی کورد لە مەهابادا هەبوو و لە پاش شـکسـتی ئەو کۆمارە و چوونی بۆ یەکێتیی ســۆڤیەت، جێگەیەکی تایبەتی لە دڵی جەماوەری عێراقدا هەبـوو، لەبەر ئەوە پێشـــوازیـیەکی زۆر گەورەی لە لایەن جەمـاوەرەوە لێ کرا. عەبدولکەریم قاســـم کە خۆی بە (زعیم الأوحـد) دادەنـا، دژی ئەمەبوو کە یەکێکی تری لەم زەعـامەتەدا پێشـــبڕکێی لەگەڵدا بکات. کامل چادرچی کە ســـەرۆکی پارتی (الوطني الديموقراطي) بوو، هەستی بەمە کردبوو، مەلا مستەفای لەمە ئاگادار کرد و داوای لێ کرد بە ناوی ســەردانی خزمانی لە بارزان، بەغدا بەجێ بهێڵێت و ســنووردێک بۆ ئەمە دابنێت و مەلا مستەفا ئەمەی سەلماند و چووە کوردستان.

کۆبوونەوەی ئاغایانی کورد لە دەورەی مەلا مستەفا

ئاغایانی کورد کە بەرژەوەندییان بە شـــۆڕشـــی لێ نرا، وەکوو دەڵێن "یتشبث الفریق بکل حشیش" دەستیان بۆ هەر کەسێک، جگە لە فەرماندەی شۆڕش، درێژ دەکرد و لە کاتێکدا لە شۆڕشی مەلا مســتەفا لە ســاڵی ١٩٤٥، زۆربەیان چەکیان دژی هەڵگرت، ئێســـتا ســـوێندی پیرۆزیان بۆ مەلا مســـتەفا دەخوارد کە بە سەرومااڵیان پشتگیریی بکەن، بۆچی؟ بۆ جیابوونەوە لە شۆڕشی ١٤ی تەممووز. ئەم پێشوازییەی ئاغایانیش لە مەلا مستەفا، بووە هۆی گرژییەکی تری عەبدولکەریم قاسم.

پێشوازی لە مەلا مستەفا

شۆڕشی ١٩٤٥ کە لە کوردستانی باشوور شکستی هێنا و مەلا مستەفا و هاوەڵانی چوونە مەهاباد، هەروەها بەشداربیان لە دامەزراندنی کۆماری میللیی کوردستاندا کرد و لە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان، مەلا مستەفا بۆ ڕێگەیەکی دەربازبوون دەگەڕا، چونکە لە عێراق سزای لە سێدارەدانی بەسەردا درابوو، نەشیدەتوانی بچێتە تورکیا و شای ئێران داوای لێ دەکردن، بەبێ چەک، خۆی و هاوەڵانی لە ناوچەی (کێرێ) دوور لە کوردستان، جێنشینیان بکات و بۆ مەبەستی بەرژەوەندیی خۆی لە کاتی پێویست دژی عێراق، بەکاریان بێنێت. مەلا مستەفا ملی بەوە نەدا و لەوە بەو لاوە بچنە یەکێتیی سۆڤیەت، هیچ چارەیەکی تریان نییە و بە جۆرێکی ئەفسانەیی ڕێگەیان بەرەو سنووری یەکێتیی سۆڤیەتدا، لە ڕووباری (ئاراس) پەڕینەوە بۆ ئازەربایجانی سۆڤیەتی.

لە پاش شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ کە گەڕایەوە عێراق، میللەتی عێراق بە کورد و عەرەب پێشوازییەکی وای لە مەلا مستەفا کرد، لایقی ئەو کارە شۆڕشگێڕانەی بێت. بە سەدان کەس دەهاتن بۆ بەخێرهاتنی مەلا مستەفا و وەکوو خۆپیشاندان بە سروودی (یا بارزاني اهلا بیک، شعب العراق یحییک) بەخێرهاتنیان دەکرد.

عەبدولکەریم قاسم وای لێک دەدایەوە کە ئەمە دەبێتە هۆکاری بوونی دوو (زعیم)، یەکێک لە عێراق و یەکێک لە کوردستان. ئەمەی پێ قوبوول نەدەکرا، چونکە دەیویست هەر خۆی (الزعیم الأوحد) بێت نەک یەکێکی تریش. لەمەدا زۆر نیگەران بوو. سەرۆکی حیزبی (الوطني الديموقراطي) کامل چادرچی هەستی بەمە کردبوو، داوای لە مەلا مستەفا کرد بۆ دانانی سنووربێک بۆ ئەم پێشوازییە، بۆ سەردانی خزمانی لە بارزان، بۆ ماوەیەک لە بەغدا دوور بکەوێتەوە و مەلا مستەفا بەغدای بەجێ هێشت و چووە کوردستان. بەڵام ئەمە لە مێشکی عەبدولکەریم قاسمدا دەسووڕایەوە.

مەلا مستەفا لە کوردستاندا بە ناو شار و شارۆچکەکانیدا دەسووڕایەوە، لێرەش پێشوازیی زۆرتری لێ کرا. کە هاتە کەرکووک، فەرماندەی فیرقە بۆ ئەوەی لەگەڵ خەڵکیدا کۆ نەبێتەوە، لە یانەی سەربازی میوانداریی لێ کرد. لە ڕۆژی گەڕانەوەی بۆ بەغدا، لە فڕۆکەخانەدا، لە لایەن جەماوەرەوە بەڕێ کرا و لە گەڕانەوەیاندا، تورکمانەکان ڕێیان لێ گرت و شەڕ و لێکدانێک ڕووی دا. بۆ ڕۆژی دووەم خۆپیشاندانێکی گەورەی تورکمانان کرا، کە نازم تەبقەجەلی بنکەی ڕۆشنبیریی تورکمانی داخست و کاربەدەستانی لە عێراق دەرکرد.

لەو سەردانەی مەلا مستەفا بۆ کوردستان، گەلێک لە سەرۆک عەشیرەتان خۆیان بە پشتیوان و سوێندخواردی دا و مەبەستیان دامەزراندنی دەزگەیەک بوو دژی حووکمەتی عەبدولکەریم قاسم، کەچی کە لە ساڵی ١٩٦١ شۆڕش هەڵگیرسا، زۆربەیان وەکوو (موستەشاری فەوج) دژی شۆڕش چوونە لای حووکمەت، بۆ ئەوەی بەو هێزە چەکدارییانە دەسەڵاتی خۆیان بەسەر عەشیرەتدا بچەسپێنن.

پەیوەندیی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ دژانی عەبدولکەریم قاسمدا

لە سەرەتای شۆڕشەوە ئەنجومەنی سەروەری (مجلس السيادة) لە سەرۆکی ڕەبیعی و جێگرانی محەمەد مەهدی کبە و خالید نەقشبەندی پێک هاتبوون. محەمەد مەهدی کبە سەرۆکی حیزبی ئیستیقلال بوو و، لە ئەنجومەنی وەزیرانیش سکرتێری ئەم حیزبە سدیق وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بوو. هەر وا سکرتێری حیزبی بەعس فوئاد ڕکابی وەزیری پلاندانان بوو. هەر لە سەرەتاوە ئەمانە لە ناکۆکی لەسەر یەکبوونی لەگەڵ کۆماری عەرەبیی یەکبوون (عصر) کەوتنە دژایەتی و لە پاش ماوەیەک، لە حووکمەت کشانەوە.

نازانم مەکتەبی سیاسیی پارتیی دیموکراتی کوردستان لەسەر چی بنەمایەک لایەنگیریی دژانی عەبدولکەریم قاسمیان دەکرد و هەیتا هەیتا لەگەڵ سەرۆکی فەرماندەی نەتەوەیی حیزبی بەعس میشێل و سکرتێری حیزبی ئیستیقلال سدیق شنشل کۆ دەبوونەوە، لە کاتێک زۆربەی میللەتی عێراق لایەنگیریی سەربەخۆیی عێراق و سەقامگیریی حووکمیانی دەگرت و زووبەزوو ئەو یەکێتییەیان بە کارێکی ڕاست نەدەزانی. یەکێتیی میسر و سووریا و لە پاشان یەمەن، هەروەها هەڵوەشانەوەی

ئەوەی گەیاند کە ئەو کارە بە وردی هەڵنەسەنگاندبوو و زیانێکی زۆری بەو وڵاتانە گەیاند.

حیزبی شیوعیی عێراق (اتحاد)ـــــی لا پەسەند بوو، زۆربەی میللەتیش ئەمەی بە ڕاست دەزانی. لایەنگیریی پارتیی دیموکراتی کوردستان بۆ (وحدة) چی سوودێکی بۆ کورد هەبوو؟! میللەت بە ڕاســـتی نەدەزانی. لەمەدا وەکوو دەڵێن: "کوردی لە هەردوو جەژن بوو" وای لێ هات. نە وەحدە سوودێکی بۆ کورستان بێت و نەیش لە ســەربەخۆیی عێراق ســوودی وەرگرت. جگە لەوە، کورد هێلکەی ئەو حیزبـانەی لەوان دابوو. کە لە دامەزرانـدنی بەرەی نیشـتمانی (الاتحاد الوطني)، حیزبی الأسـتقلال لەو حیزبی بەعس دژی بەشداریی پارتیی دیموکراتی کوردستانیان کرد، لەو بەرەیەدا و پـارتی لە ڕێگەی هـاوکـاریی دووقۆڵی لەگەڵ حیزبی شیوعیدا بەشداریی شۆڕشیان دەکرد.

ئەم کۆبوونەوەیەی پارتی لەگەڵ میشێل عەفلەق و سدیق شنشل، بووە هۆی نیگەرانیی عەبدولکەریم قاسـم و لایەنگرانی، هەروەها پارتیی دیموکراتی کوردســـتانیان وەکوو پارتێکی دژایەتی چوو بووە بیریان.

کوردستان بەشێک نییە لە عێراق

کوردستان، لە مێژوودا بەشێک نەبووە لە عێراق، هەر چەندێک دەوڵەتی عوسمانی بە ویلایەتی موسڵ ناوی نابوو، بەڵام ئەم ویلایەتییە ناوی ویلایەتی شارەزوور بوو، کە کەرکووک (متحية)ی ئەم ویلایەتە بوو. ئەمە حەقیقەتێکە و تاکوو ساڵی ١٩٤٠ دامەزرا. هیچ نەتەوەپەرستانی عەرەب دان بەمە دانانێن و هەر دەڵێن: "الحفاظ على وحدة التراب العراقي" کە هیچ بنەمایەکی مێژوویی نییە.

بۆ یەکەم جار لە دەستووری حووکمەتی شۆڕشی ١٩٥٨ دان بەمە دانرا، کە کوردیش هاوبەشە لە عێراقدا کە لە ماددەی ٣ی دەستووردا وتی: "العرب والاكراد شركاء في هذا الوطن..الخ"، بەڵام نەیوت کە لە عێراقدا هەرێمێک هەیە ناوی کوردستانە و نەتەوەی کورد لە مێژوودا لەم هەرێمەدا ژیاوە.

هەرچی کوردستانی باشوور، لەسەر داوای بەریتانیا (عصبة الأمم)، بە پێچەوانەی داوای میللەتی کورد، بەزۆرەملێ بەستیە عێراقەوە و هەر لەو جارە نە کورد داسەکا نە عێراقیش. هەر لە شۆڕش و داوای مافی چارەنووسی دەکرد و حووکمەتانی عێراقیش بە جۆرێکی لاوپرندانە سەرکووتیانی دەکرد.

لە پاش شۆڕشی ١٤ـــی تەممووزی ١٩٥٨، سکرتێری پارتیی دیموکراتی کوردستان، مامۆستا برایم ئەگەر لە ڕۆژنامەی پارتی ئەم ڕاســـتییەی بڵاو کردەوە، کە لە کـاتی خۆیـدا نەبوو و زووبەزوو ســـەرۆک وەزیرانی عەبدولکەریم قاســـم بەرەنگاری بوو و وتی: "عێراق نیشـــتمانێکی هاوبەشـــی عەرەب و کوردە، بەڵام هاوبەشێکە قابیلی دابەشکردن نییە و، بڕیاری دا مامۆستا برایم ڕووبەڕووی دادگە بکرێت". دادگە ئەم ڕاستییەی سـەلماند، کە ئەمە ڕاستییەکی مێژوویییە و بڕیاری بێتاوانیی دا، بەڵام ئەوە هەر لە دەروونی عەبدولکەریم دەکوولا و چوو بووە ئەو باوەڕە کە پارتی و مەلا مسـتەفا بۆ دابەشـکردنی عێراق تێدەکۆشـن. ئەمەش خـاڵێـک بوو لەوانەی کە نیگەرانیی نەک تەنهـا لای عەبدولکەریم قاســـم، بەڵکوو لای زۆربەی قەومییەکانی عەرەبی دروست کردبوو.

تیرۆرکردنی ئەحمەد ئاغای زێباری

لە مێژووی ڕاپەڕینی کورد دژی ستەمی ئەو حووکمەتانەی کە کوردستانیان داگیر کردووە، بۆ سەرکووتکردنی شۆڕشانی کورد، سوودیان لە ناکۆکیی نێوان عەشیرەتان وەرگرتووە و یەکیان بە گژی یەک کردووە. ئەمانە لە شۆڕشی ١٩٤٥ لە ناوچەی بارزان و دەوروبەری، حووکمەتی عێراق سوودی لە ناکۆکیی نێوان بارزانییان و زێباری وەرگرت. ئاغایانی زێباری هەرچەندە خزمایەتییان لەگەڵ شێخانی بارزان بووە، ئەحمەد ئاغای زێباری لایەنگیریی حووکمەتی کرد دژی بارزانییەکان، کە لە ئەنجامی شکستی شۆڕش، کارەساتی زۆریان بەسەردا هات.

لە شۆڕشی ١٤ـی تەممووزی ١٩٥٨ کە مەلا مستەفا گەڕایەوە عێراق و شێخانی بارزانیش گەڕانەوە بارزان، ئەو ناکۆکییەی نێوانیان لەگەڵ زێبارییەکان، وەکوو ژیلەمۆی ئاگر هەر مابوو. ئەمە بووە هۆی تۆڵەسەندنەوەی ڕووداوی ساڵی ١٩٤٥، تیرۆرکردنی ئەحمەد ئاغای زێباری لە موسڵ. وەکوو زانراوە مەلا مستەفا لەو کارەدا هیچ دەستی تێدا نەبوو، بەڵام بەپێی عورفی عەشایەری، هەموو شێخانی بارزان بە تاوانبار دەژمێردران.

ئەم کارە بووە هۆی نیگەرانیی عەبدولکەریم قاسم وەکوو تەحەڕییەک بۆ دەسەڵاتی حووکمەت. لە هەموو خراپتر، ئەو تاوانبارانەی کە بەو کارە هەڵسان و لە دادگە بە سزای حەبسی هەتاهەتاییەوە دەگوێزرانەوە بۆ بەندیخانەی بەغدا، لە ڕێگە لە لایەن بارزانییەکانەوە ڕفێنران. ئەمە تووڕەیی عەبدولکەریمی گەیاندە لووتکە. ئیتر مەلا مستەفا، بەبێ پارێزگاریی حووکمەت لە بەغدا نەدەکرا و بەغدای بەجێ هێشت و چووە کوردستان و وای لێک دایەوە، کە عەبدولکەریم ئەمەی پێ قووت نەدرێت و کارێکی تۆڵەسەندن ئەنجام بدات. هەر ئەوەبوو کە مەلا مستەفا بۆ پارێزگاری، داوای لە مەکتەبی سیاسیی پارتی کرد کە خۆیان ئامادە بکەن و ئەوانیش لە پێویست پتر هەستان و ڕێگەکانی کوردستانیان داخست، کە بووە هۆی هێرشی ئاسمانیی حووکمەت دژی ئەو کۆبوونەوەیە و شەڕ هەڵگیرسا. کاک مەسعوود بارزانی لە نووسینەکانیدا هەستی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت کاشکی ئەو شۆڕشە (شۆڕشی ١١ی ئەیلوول) لە پێش عەبدولکەریم قاسم یان لە پاشی ئەو ببووایە، چونکە عەبدولکەریم زۆر یارمەتیی بارزانییەکانی دابوو.

ئەم کارە، تیرۆرکردنی ئەحمەد ئاغای زێباری و ڕفاندنی تاوانباران، بووە هۆی نیگەرانیی عەبدولکەریم قاسم و لەوە پتر داخستنی ڕێگەی کوردستان، هەروەها ئەمە ڕێگەی حەتمیی هەڵگیرسانی شەڕی کردەوە و هەر واش بوو.

کێشەی سنووری کوردستان

کوردستانی باشوور کە لە دەورانی حووکمی عوسمانی بە "ویلایەتی موسڵ" ناو دەبرا، لە پاش داگیرکردنی ویلایەتی بەسرە و بەغدا و زۆربەی موسڵ، لە لایەن بەریتانیاوە، ویلایەتی موسڵ بەپێی پەیمانی سایکس-بیکۆ، دەکەوێتە بەشی فەرەنسا. لە ئەنجامی بدە و بەرەیەک لەنێوانیاندا، فەرەنسا دەستی لە ویلایەتی موسڵ هەڵگرت بۆ بەریتانیا.

کوردەکان داوای حووکمەتێکی سەربەخۆیان دەکرد. تورکەکان لە کاتی پاشەکشەیان، حووکمڕانیی سلێمانییان بۆ شێخ مەحموود دانابوو، بەڵام نە شێخ مەحموود و نە سیستمدارانی کورد لە دامەزراندنی حووکمەتێکی سەربەخۆ لە هەموو کوردستانی باشووردا، بە کەمتر ڕازی نەدەبوون، بۆ ئەم مەبەستەش ئالای شۆڕشیان هەڵکرد.

ئینگلیز، کە لە ویلایەتی بەغدا و بەسرە، لە پاش شۆڕشی ١٩٢٠ حووکمەتێکیان لەژێر تاجی مەلیک فەیسەڵی یەکەم دامەزراند، دەیانویست ویلایەتی موسڵیش کە لە سەدا هەشتای کوردە، بیخەنە سەر حکومەتی عێراق و لەژێر دەسەڵاتی خۆیان دابێت.

بێ ئەم مەبەستە، کێشەکەیان لە "کێشەی کورد و کوردستان" کرا بە کێشەی سنووری نێوان عێراق و تورکیا و لەسەر داوای حووکمەتی بەریتانیا، لە ساڵی ١٩٢٥ بە بڕیاری (عصبة الأمم)، بە پێچەوانەی داوای کوردەکان، بەسترایەوە عێراقەوە و ناوی کوردستانی لێ هەڵگیرا و بووە لیوای کەرکووک و لیوای موسڵ و لیوای ئەربیل و لیوای سلێمانی.

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ئەم ڕستەیەی نووسی، ئەمە بووە هۆی تووڕەیی عەبدولکەریم قاسم و قەومییەکانی عەرەب و، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد درایە دادگەی سزا لە بەغدا، بە تۆمەتی داوای جیاکردنەوەی بەشێک لە عێراق. مامۆستا ئیبراهیم ئەو ڕاستییەی بەپێی بەڵگەنامەی (عصبة الأمم) بۆ دادگە ڕوون کردەوە و دادگە بڕیاری ئازادکردنی دا. بەڵام ئەوە هەر لە دڵی عەبدولکەریم قاسم مایەوە و لە هەموو بۆنەیەک دەیوت: "ڕاستە کورد و عەرەب لەم نیشتمانە هاوبەشن، بەڵام قابیلی دابەشکردن نییە".

کێشەی نەوت

شـــەڕی یەکەمی جیهانی بە ســـەرکەوتنی هاوپەیمانان کۆتایی هات. لەم شـــەڕەدا کوردســـتانیش مەیدانی شـــەڕ بوو. تووشـــی کەســـاســـی و ســـتەمکارییەکی زۆر بوو. بەریتانیا و فەڕەنســـا کە مولکەکانی دەوڵەتی عوسمانییان دابەش دەکرد، بەشـێکی زۆری کوردســـتان کەوتبووە ســـەر میزی دابەشـــکردن. بەریتانیا پێش ئەوەی تەماشـــــای ئازاری میللەتی کورد بکات، چاوی بڕیبووە نەوتی کوردســـــتان. هەر لە دەورانی حووکمی عوســـــمانییەوە بەریتانیا لە ساڵی ١٩١٢ کۆمپانیایەکی بە ناوی کۆمپانیای نەوتی تورکیا دامەزراند و توانیی بناغەی ئیمتیازی نەوت لە ســـــوڵتانی عوسمانی وەربگرێت. ئەمە گۆڕانکارییەکی زۆری بەســەردا هات، هاتنی ئیســـتیعماریـیەکان بۆ حووکم، شـــەڕی یەکەمی جیهانی و داگیرکردنی کوردســـتانی باشـــوور (ویلایەتی موســـڵ) لە لایەن بەریتانیاوە و دەستبەسەرگرتن لەســەر نەوتی کوردستان. بەڵام ئەمریکـا ئەمەی قوبووڵ نەدەکرد و دەیوت نەوتی عێراق هیی بەریتـــانیـــا نییە، بەڵکوو مولکی ئەو حووکمەتەیە کە لە عێراق دادەمەزرێت. خۆی خزانـدە نـاو کۆمپـانیـای نەوتی عێراقەوە و ئیمتیـازی هـاوبەشـــیـان لە حووکمەتی عێراق وەرگرت. ئەوەی دەمانەوێت باســـــی بکەین، هەڵوێســـــتی کۆمـاری عێراق کە لە ئەنجامی شـــۆڕشـــی ١٩٥٨ هاتە حووکم. لە پاش ســـەرکەوتنی

شۆرشی ١٤ـــی تەممووزی ١٩٥٨ کاربەدەستانی بەریتانیا بۆ بەریتانیا. هەر لەم کاتەوە پیلانێکی دانا بۆ تێکدانی شـــۆرش لە ناوەوە، لە ئەنجامدا هێرشیان بردنە سەری بۆ سەرنگومکردنی. ڕۆڵی یەکەم لەمەدا ئەوەبوو، دووبەرەکی بخرێتە نێوان پـارتە نیشتمانییەکان و نێوانی گروپی ئەفسـەرانی ئازاد و لەمەدا کەس نییە بەرپرسیار نەبێت.

لە هەنگاوی یەکەمدا، لەســـەر داوای حووکمەتی عەبدولکەریم قاسـم، بڕیاری داوە تاکوو سێ ساڵ بەرهەمهێنانی نەوت بگاتە ٧٠ تەن. لەمەدا گۆڤاری (سکۆتسمان)ی بەریتانی وتی: "مەبەست لەمە ئەوەبوو کە ئـابووری و میزانییەی عێراق تەنهـا پشـــت ببەســـتێتە نەوتەوە و، ئەگەر کۆمپانیای نەوت وێســـتی کەمی بکاتەوە، ئابووریی عێراق بەرەو ڕووخان دەڕوات".

عەبدولکەریم قاســـم بەمە خۆی کردە داوی کۆمپانیای نەوتەوە، کە بەشی میزانییە لە بەرهەمی نەوت لە ٣٠٪ـەوە بووە ٥٠٪ و ئەگەر کۆمپانیای نەوت بەرهەمهێنانی کەم کردەوە، کـاروبـاری ئـابووری دەکەوێتە کێشـــــە و بەرە. کۆمپانیـاش لەوە درێخیی نەکرد و چەند جارێک کەوتە کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت و باری دارایی حووکمەتی خستە مەترسییەوە.

ڕاوێژکاری ئابووریی عەبدولکەریم قاسـم، ئابووریناسـی ناسـراو و وەزیری دارایی، ئەحمەد حەدید بوو، دەیویســـــت چـالاکیی کۆمپانیای نەوت لەو سنوورە حەشار بدات، کە لەو کاتەدا کاری تێدا دەکرد و ئەوانی تری لێ بســـێنێتەوە و لە لایەن کۆمپانیای نەوتی نیشـــتمانییەوە ســـودی لێ وەربگرێت، ئەمە کارێکی زۆر گرنگ و بەسوود بوو بۆ عێراق. بۆ ئەمە پێویستیی بە پشتگیریی

میللەت هەبوو. لەبەر ئەوەی دەیویســـت لە کورد و هێزی دیموکراتی بە تـایبەتی لە شـــیوعییەکـان نزیـک بێتەوە، ئەگەر ئەمەی بۆ کرا، لەگەڵ دژایەتیی قەومییەکـانیش دەتوانێت پەنجە لەگەڵ کۆمپـانیـای نەوتی I.P.C بـدات. بەڵام کۆمپـانیـای نەوت زووبەزوو پیلانی خۆی ئاشکرا کرد، کە چەند جارێک دەرهێنانی نەوت و نرخی کەم کردەوە. لە سـاڵی ١٩٦١ عەبدولکەریم قاسـم وایـدەزانی بە دەزگەکـانی حووکمەت و لەشـــکر و دەزگە ئاســـاییشـــییەکان حووکمی دەپارێزێت. وردە وردە لە هێزی دیموکراتخوازان دوور کەوتەوە و پشـتی لە کورد کرد، کە مافی رەوای میللەتی کوردی نەسـەلماند و ئەفسـەرە شـیوعییەکانی لە فەرماندەی ســوپا دوور خســتەوە و رەگەزپەرســتانی خســتە جێگەیـان. لە بـارودۆخێکی وادا، کۆمپـانیـای نەوت دەیتوانی هەڕەشە لە ڕووخاندنی حووکمی قاسم بکات، ئەگەر لە وتوویژی نێوان حووکمەت و کۆمپانیا لەسەر داواکاری عێراق بکات.

لە سـاڵی ١٩٦١ کە عەبدولکەریم کەوتە شـەڕی دژی کوردسـتان و لێدانی کۆمەڵانی جووتیاران و ســـەندیکایەکانی کرێکاران لە سەرانسـەری عێراق، کۆمپانیاکانی نەوت ئەمەیان بە هەلێکی باش زانی و بە بزەخەندەی ژێر سـمێڵەوە، عەبدولکەریمیان تێگەیاند کە چاویان دەبڕنە ئەو حووکمەتەی لە دوای ئەودا دێت.

لە ٢٠ـی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٢، ڕۆژنامەی (دەیلی مکفراف)ـی بەریتانی نووســـیی: "مەعقول نییە کۆمپانیای نەوتی عێراق چاو بپۆشێت لە بوونی دانیشتووانی کورد لە کەرکووک، کە دەکەوێتە ناوجەرگەی کوردســتانەوە. مەلا مســتەفای بارزانی ڕێگە نادات ئەو بەشـەی نەوت کە کۆمپانیا دەیداتە حووکمەتی عێراق، بکرێتە

چەک بۆ نابووتکردنی وڵات و لەناوبردنی میللەتی کورد. ڕەنگە کۆمپانیای نەوت ئەمە بە نەزەری ئیمتیازی وەربگرێت و بەپێی ئەمە کار بکات".

گۆڤاری (ئیکۆنۆمیست)ـی بەریتانییش لە ١٤ـی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦١، لەژێر ناونیشانی "هەڵوێستی یەکەمی حووکمەتی عێراق ئەوەیە کە خۆی بپارێزێت" لە عەبدولکەریم قاسم، لە وتووێژدا لەگەڵ نوێنەری کۆمپانیای نەوتدا وتی: "ئێوە وا دەزانن کە بارودۆخی عێراق دەگۆڕێت، من دەمەوێت پێتان بڵێم ئەمە زنجیرەیەکە کە دواییی بۆ نییە".

ئەو گۆڤارەی کێشەی کوردی بەستە کێشەی نەوتەوە.

کوردستان – کوێت – نەوت، نەک تەنها کێشەی عەبدولکەریم قاسم، بەڵکوو بووە کێشەی عێراق، هەر حووکمەتێک پاش ئەو هات، نەک تەنها ئەو حووکمەتەی بەڵگەی یاساییی ژمارە ٨٠ و یاسای دامەزراندنی کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتیشی بۆ بەجێ هێشت، تا ڕادەیەک ئەندازەی نیشتمانی ئەو حووکمەتانە ئەوە کە چەند دەست دەگرنە ئەو مافانەی عێراق.

داوای عەبدولکەریم لە کۆمپانیای نەوت، جگە لەو دوو یاسایە، ئەمانە بوون.

١- دانانی پڕۆگرامی دەرهێنانی نەوت بەبێ گۆڕانکاری و بێ وەرگرتنی پارەی حووکمەتی عێراق.

٢- دانانی نرخی نەوت بە ڕاوێژکاری لەگەڵ عێراقدا.

٣- گواستنەوەی مەڵبەندی کۆمپانیا بۆ عێراق.

٤- چاودێریی وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ کاروباری کۆمپانیا.

٥- خەرجکردنی کرێی ئەو ئەرزانە کە کۆمپانیا بەکاری هێناوە.

لە وتوویژ لەنێوان نوێنەرانی عێراق بە سەرۆکایەتیی عەبدولکەریم قاسم و نوێنەری کۆمپانیای نەوت بە سەرۆکایەتیی بەڕێوەبەری گشتی، کۆمپانیا گەیشتە ڕێگەیەکی داخراو. کۆمپانیا پشتی بەو کێشانەی قایم بوو کە عەبدولکەریم چارەی نەدەکرد و تا دەهات فراوانتر دەبوو، عەبدولکەریم قاسمیش هەر دەیوت: "ان جمهوريتنا اصبحت اقوى من عقاب الجر" کەچی عقاب الجر پەڕ و باڵی شکا و غەرقی خوێن بوو.

بەیانی حیزبی شیوعی بۆ چارەکردنی کێشەی کورد

حیزبی شـــیوعیی عێراق لە حوزەیرانی ١٩٣٤ لە لایەن هـاوڕێ یووسـف سـلێمان (موهەند) و هاوەڵانی دامەزرا. هەڵوێسـتی ئەم حیزبە بەرانبەر نەتەوەی کورد لەســـەر مەبـدەئی لینینییە بۆ چارەســەرکردنی کێشـەی نەتەوایەتی. کێشـەی نەتەوایەتی کە لە ئاســـیـا و ئەفریقـا و ئەمریکـای لاتینیدا کەوتبووە لێکۆڵینەوە، هەڵوێستی لینینی ئەوەبوو کە مافی چارەنووسی هەر نەتەوەیەک دەبێت مافی جیابوونەوە و دامەزراندنی حووکمەتی ســـەربەخۆ بێت. کەچی هەندێک لایەنە سیاسییەکان ئەم مافەیان بە حووکمی ئۆتۆنۆمی و مافی ڕۆشـنبیریان دادەنا. ئەو مەرجەی کە حیزبی شیوعی لە خاڵی ١٢ بەرنامەیدا داینابوو دەڵێت:

١٢- بەهێزکردنی برایەتی و یەکێتی لە خەبـاتی نێو کورد و عەرەب و کەمە نەتەوەکانی تری دژی نەمراتی تائیفی و شۆڤێنی بۆ کۆتاییهاتنی حووکمی ئیسـتیعماری و کۆنەپەرسـتی لە عێراقدا و ســـەلماندنی مافی چارەنووســـی، لەگەڵ مافی جیابوونەوە بۆ نەتەوەی کورد و مسـۆگەرکردنی یەکسـانیی ڕاسـتەقینە لە مافی نەتەوەکانی تر.

موهەنەد لە یاداشـــتێک کە ئاراســـتەی حووکمی عێراقی کرد لە ســـاڵی ١٩٤٥ بە توندی دژی ئەو هێرشـــە دڕندانەی حووکمەت وەستا دژی کورد.

لەســەر ئەمە لە ســاڵی ١٩٦١ ئەندامی مەکتەبی ســیاســیی حیزبی شیوعی جەمال حەیدەری لە نامیلکەیەکدا دەڵێت:

١- عێراق بەم ســـنوورە جوگرافییەی ئێســـتا کە ئیســـتیعماری نەخشەی کێشا، بەشێک لە کوردستانی تێدایە، لەبەر ئەوە، عێراق دوو نەتەوەی ســـــەرەکیی تێدایە، کە نەتەوەی کورد و نەتەوەی عەرەبە.

٢- نەتەوەی کورد لە عێراقدا بەشێکی جیانەکراوەیە، نەک ئەوەی کورد لە هەموو بەشـــەکانی کوردســـتان دابەشـــکراوی ئێســـتایە لەنێوان تورکیا و ئێران و عێراقدا.

٣- ئیستیعمار ئەوەی کە کوردستانی لەت لەت کرد، هەر ئەویش نەیهێشـت، لە پاش شـــەڕی یەکەمی جیهانی، دەوڵەتێکی نەتەوەی کورد لە کوردستاندا دابمەزرێت.

٤- دەبێت ڕیســـوا و دژایەتی لەگەڵ ســـیاســـەتی چەوســـانەوە جیاوازی، بە ئازایانە، بەرانبەر نەتەوەی کورد بکرێت لە عێراقدا بێت یان لە تورکیا و ئێران.

٥- ئەرکی ســـەرشـــانی هێزەکانی نەتەوەیی و نیشـــتمانییەکانە لە کوردســـتاندا بەرپرســـیارێتییەکی گەورەیە بەرانبەر نەتەوەیان و نیشـتمانیان، بەرپرسـیاری کاری بە بەخت و ڕاسـت لەپێناو ماف و ئـایینـدەی جەمـاوەری کورد بە زینـدووکردنەوەی مێژوو و کەلەپووری نەتەوەیی.

٦- پێویستە جەماوەری عێراق و دەرەوە بە بیری هاونەتەوەیی ڕۆشن بکرێت. هەستی برایەتی لەگەڵ میللەتی کورد و پارێزگاری لە مافە ڕەواکانی، پاڵ بە بورجوازیی نیشتمانی عەرەبییەوە بنرێت، بۆ ئەوەی کار بکات بە جۆرێک لەگەڵ داواکانی میللەتی کورد و مافە ڕەواکانیدا بگونجێت.

٧- لە بارودۆخی ئێستادا، لە خەباتی هاوکاری بەو لاوە ڕێگەیەکی تر نییە، لەگەڵ جەماوەری عەرەبی لە عێراق دژی ئیستیعمار و پەیمانەکانی، لەپێناوی ئازادیی نیشتمانیی تەواو بۆ هەموو جەماوەری میللەتانی عێراق. دەبێت جەماوەری کوردیش هۆشیار بکرێت و هەستی برایەتی بەرانبەر جەماوەری عەرەب لە عێراق و وڵاتانی تر قووڵتر بکرێت.

٨- تێکۆشان لەپێناو ئۆتۆنۆمی لە کوردستانی عێراقدا بەپێی یەکێتیی خواهێشت و لەسەر خەباتی هاوکاری و برایەتی، کە ڕێگەی ئازادیی تەواو لە پێش میللەتی کورد و ڕێگەی ئازادی و یەکێتی بۆ هەموو نەتەوەی کورد دەکاتەوە.

٩- سەلماندنی هەردوو لا بۆ یەکتر بە مافی چارەنووسی خۆی، داخوازییەکانی میللەتی عەرەب و کورد بۆ ئازادبوون و یەکێتیی نەتەوەیی، کە ئێستا ئیستیعمار تەگەرەیە لە ڕێگەی گەیشتنی کورد و عەرەب بە داخوازییەکانی نەتەوەییان، کە بنەڕەتیی ڕاستیی برایەتیی کورد و عەرەب لەسەری دادەنرێت، بۆ خەباتی هاوکاری دژی ئیستیعمار هەر وا دەڵێت: "لەمەدا دەردەکەوێت کە شیوعییە عێراقییەکان وا تەماشای کێشەی کورد دەکەن بوونیەتێکی فراوان نەک بوونیەتێکی یەک لا. کە چەوسانەوەی یەک لای دژی کورد وەکوو قەومییە کوردەکان تەماشای دەکەن.

ئەمە بە هیچ جۆرێک ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەو ئازارەی میللەتی کورد لە عێراق یـان لە تورکیـا و ئێران کەمە و بێگەردە. نە چەوســـانەوەی نەتەوەی دژی میللەتی کورد لە واقیع ئەوەندە خراپە تا ڕادەیەک کۆنەپەرســتانی قەومییە تونڕەوەکانی تورک و فارس و عەرەب هەتا بە سەلماندنی خاکی کورد – کوردستانە – و هەندێکیان ئەوەش ناســەلمێنن کە نەتەوەی تایبەت هەیە، کە ئەویش نەتەوەی کوردە.

بینا لەســـەر ئەم هەڵوێســـتە مەبدەئییە، حیزبمان پشـــتگیریی لە هەموو بزووتنەوەیەکی پێشـــکەوتووخوازی میللەتی کورد کرد، ئایا لە کوردســـتانی عێراق یان لە بەشـــەکانی تری کوردســـتانە. هەر وا پشتگیریی لە ڕاپەڕینی بارزانییەکانی کرد لە ساڵی ١٩٤٥ و کۆماری دیموکراتی کوردســـتان لە ئێران لە ســـاڵی ١٩٤٦ و نیگەرانیی خۆی دەربڕیێت دژی ئەشـکەنجە و ئازاردانی کورد لە عێراق و تورکیا و ئێران و شـــیوعییەکان لە کوردســـتاندا لە پێشڕەوی خەباتی جەماوەری بوون.

لە ڕاپۆرتێکی لێژنەی ناوەندی حیزبی شیوعی کە لە ساڵی ١٩٦٢ دراوە بە ناوی: ســـیاســـەتمان و جۆری چارەکردنی کێشـــەی کوردە، چـــارەیەکی دیموکراتی و دادپەروەرییە کە دەڵێـت: "ئیستیعمار و حووکمی بێگانە و چەوساندنەوەی نەتەوەیی لەگەڵ ڕووی (عصـــر) کاتدا ناگونجێت" و دەڵێت: "ئازادیی میللەتان بۆ چـارەنووســـی خۆیـان مومکین نییە، وەکوو لینین دەڵێت"، لە بەرنامەی مارکســـییەکاندا، لە لایەنی مێژوویی و ئابووریییەوە تەنها یەک مانای هەیە، ئەویش ئازادیی چارەنووســـی ســـیاســـی،

واتا سەربەخۆیی وەکوو دەوڵەتێک، واتا دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی".

لە پاشان کە دێتە سەر شۆڕشی ١٤ـــی تەممووز، دەڵێت: "شۆڕشی ١٤ـــی تەممووزی نیشتمانی، بەرهەمی خەباتی هاوکاریی دوورودرێژی عەرەب و کورد و هەموو کەمەکانی تره. میللەتی کورد بەشداریيەکی بە جەختی کرد بۆ دەستپێکردنی و پاراستنی و گەشەپێدانی. سەرکەوتنی هیچ نەدەبوو بەبێ ئەوە، میللەتی کورد بەشداریی لەگەڵ میللەتی عەرەبدا کرد بۆ بەرهەڵستیی موئامەرەی ئیستیعمار و کۆنەپەرستان و سەرنگومی موئامەرەی شەواف، کە دەبووایە هەموو کوردستان بگرێتەوە بە یاخیبوون و ملپێچی دەرەبەگەکانی کورد و نۆکەرانی ئیستیعمار.

شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ ئاسۆیەکی فراوانی بۆ برایەتیی عەرەب و کورد کردەوە و دامەزراندنی لەسەر بناغەی دیموکراتی ڕاستیی میللەتی کورد هیوایەکی گەورەی هەیە و کوردستان وەکوو هەموو هەرێمەکانی کۆماری عێراق، شەپۆلی توندی گرتەوە لە خەباتی نیشتمانیی دیموکراتی هاوبەشی، کە لە سنووری عێراقیش دەرچووە بۆ بەشەکانی تری کوردستان، کە تەماشای عێراقیان دەکرد وەکوو کۆمارێکی ئازادی دیموکراتی بۆ عەرەب و کورد و ئەوانی تر.

ڕەوشتی دیموکراتی کە شێوەیەکی دیاریکراو بوو لە یەکەم ساڵی شۆڕشدا، خەباتی هاوبەشی لەنێوان کورد و عەرەب پتەوتر کرد و ئاسۆی یەکێتییەکی خواهێشتی لەنێوان کورد و عەرەب کردەوە لەسەر ڕێزی یەک بۆ ئەوی تر میللەتی کورد

هەندێک دەستکەوتی بە دەست هێنا و هیوای کوردی کردەوە بۆ نەهێشتنی تەواوی چەوساندنەوەی نەتەوەیی یەکجاری کە لە پەرەسەندنی شۆڕشدا نەمابوو".

هەروەها دەڵێت: "هەموو ڕەوشتێکی دیموکراتیی کەمینە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بە جۆرێک کە لەگەڵ بەرژەوەندیی هەموو نەتەوەکان بێت".

حیزبی شیوعی ئەوەشی دەزانی کە هێشتا جیاوازی لەنێواندا ماوە، لە بابەتی پەرەسەندنی ئابووری و خزمەتگوزاری کە بەشی کوردستان کەمە. هەروەها لە عێراقدا دوژمنانی دیموکراتی لەنێوان کورداندا لەوانی تر کەمتر سامناک نییە بۆ میللەتی کورد، ئەوانە خۆیان لە (جاش) و دەزگەکانی ئاساییش و ئیستیخباراتدا خۆیان جێگیر کردبوو و دوژمنی میللەتی کورد بوون.

لە ماوەی پاییزی ڕابردوودا، حووکمەتی عێراق کردەوەی سەربازیی خوێناویی دژی بارزانییەکان و هەندێک عەشایەری تری کورد کرد.

لە باکووری عێراق ئێستا وا دیارە، حووکمەت لەشکر کۆ دەکاتەوە بۆ سەرکووتکردنی نەتەوەی کورد. ئەمە بووەتە هۆی نیگەرانیی جەماوەری عێراق بە عەرەب و کوردەوە، چونکە زیندووکردنەوەی دووبەرەکیی نەتەوایەتی، وا دەکات کە ئیستیعمار بخزێنێتە ناو بزووتنەوەی نیشتمانی.

لە پاش ئەوەی بە درێژی باسی بەشداریی خەباتی کورد دژی حووکمی مەلەکیی نۆکەری ئیستیعمار و دەرەبەگەکان و لە ئەنجامی سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ لە ماوەی

٣ دەستووردا هاوبەشی کورد و عەرەب لە نیشتماندا دانرا، دەڵێت ئێستا حووکمەتی عێراق دەیەوێت ئەو ماددەیە لە مانای ڕاستەقینەی خۆی بەتاڵی بکات و دەڵێت: ئێستا میللەتی کورد بەرەو ڕووی سەرکووتکردنی ئاشکرا دەبێت و دەزگە ئیستیعماریيەکانیش دەیانەوێت بارودۆخی کوردستان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بقۆزنەوە. لەبەر ئەوە حیزبی شیوعیی عێراقی داوا لە جەماوەر دەکات پاڕێزگاری لە بارزانییەکان بکەن، لە کاتێکدا حووکمەت هێرشی دڕندە دەباتە سەر دێهات و جووتیارانی کوردستان.

لەبەر ئەوە میللەتی عەرەب لە عێراقدا پشتیوانیی میللەتی کورد دەکات و داوا دەکات کە کێشەی کورد بە جۆرێکی ئاشتییانە و دیموکراتی چارەسەر بکرێت، حیزبی شیوعییش تەقەڵای حووکمەت بۆ ناشیرینکردنی کێشەی کورد، ڕیسوا دەکات. جا پێویستە هێزی پێشکەوتووخوازی جیهان پشتگیری لە خەباتی میللەتمان بکەن بۆ مافی دیموکراتی. شیوعییەکان داوا لە حیزبە شیوعییەکانی جیهان دەکەن دژی کردەوە سەربازییەکان بوەستن و پشتگیری لە بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی میللەتی کورد بکەن لە ١٦ی مایسی ١٩٦٢.

بێ گوشارخستنی بەسەر حووکمەتی عێراق بۆ وەستاندنی هێرشی سەربازی بۆ سەر کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە جۆرێکی ئاشتییانە و دیموکراتییانە. جەماوەری خستە چالاکییەوە بۆ کۆکردنەوەی ئیمزا لەسەر یاداشتێک، داوای ئەوە دەکات و لە ماوەی یەکەمدا بیست هەزار ئیمزا کۆ کرایەوە و درایە عەبدولکەریم قاسم، هەرچەندە حووکمەت هەڕەشەی

کرد، جەماوەر لە گوشاری جەماوەری نەوەستا، تا عەبدولکەریم قاسم ناچار کرا لە وتارێکدا لە دەربەندیخان، لێبووردنی گشتی دەربببڕێت و داوای لاپەڕەیەکی نوێ لەنێوان کورد و حووکمەت بکات. ئەمە هەنگاوی یەکەم بوو، ئەگەر هەموو لایەنەکان هاوکارییان بکردایە، دەتوانرا حووکمەت ڕابکێشن بۆ هەنگاوێکی تر.

بەڵام ئەو هەڵوێستانەی مەکتەبی سیاسی و ئەو ڕوداوانەی کە ڕووی دا، بووە هۆی قوولبوونەوەی چاڵ لەنێوان عەبدولکەریم قاسم و مەلا مستەفا، بۆ مێژوو دەبێت دووپاتی بکەینەوە:

١- کاک مەسعوود لە کتێبەکەی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد)دا دەڵێت: پارتی بۆیە لە پێش شۆڕشی تەممووزەوە نەچووە بەرەی نیشتمانییەوە، چونکە ئیبراهیم ئەحمەد ویستی پرسی جەمال عەبدولناسڕ بکات. ئێمە دەڵێین نا، چونکە حیزبی بەعس و ئیستیقلال و پارتییان بە حیزبێکی (انفصالی) لە قەڵەم دەدا و ئەوان نەیانهێشت پارتی بێتە ناو بەرەی نیشتمانی، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، مەکتەبی سیاسیی پارتی لە پاش شۆڕش و لە کاتێکدا ئەوان دژی عەبدولکەریم و حیزب و گروپەکانی دیموکراتی وەستان، لەمانە دوور دەکەوتنەوە و لەگەڵ ئەواندا کۆ بوونەوە. ئەگەر بە هانی جەمال عەبدولناسڕ بووبێت، وەکوو دەزانین کە عەبدولناسڕ ڕێگەی ڕووخاندنی ڕژێمە.

شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١،
چۆن و بۆچی هەڵگیرسا؟

ناکۆکییەکی قوواڵی بیری سیاسی لەنێوان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و گەلێک لە ئەندامانی لێژنەی ناوەندیی پارتیی دیموکراتی کوردستان هەبوو، لەسەر هەڵوێست لە شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ و دووبەرەکی لە ڕیزی بەرەی نیشتمانی حیزبەکان و هەر وا لەنێوان گروپاتی ئەفسەرانی ئازاددا.

ئەوانەی هەڵوێستی مەکتەبی سیاسیی پارتییان نەدەسەلماند، یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆکی پارتی مەلا مستەفا بارزانی کرد، تێیدا دەڵێن: "سەرۆکایەتیی پارتی نەیتوانی ڕاستیی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ تێ بگات و بە جۆرێکی ڕاست شیی بکاتەوە، بەپێی واقیعی تایبەتیی عێراق، کە شۆڕشێکی نیشتمانیی دیموکراتییە. شۆڕش کە ئەنجامی خەباتی هەموو شۆڕشگێڕانی میللەت بوو کە لایەنگریی حووکمەتیان کرد، حووکمەتێکی نیشتمانی کە ئیرادەی میللەت، لە بۆچوونی دیموکراتی دەردەخات لە ڕێی شۆڕشدا دژی حووکمی کۆنەپەرست، کە حووکمی کۆنەپەرست و دەرەبەگ لە ناوخۆدا، لە ڕیزی بەرەی میللەتانی خەباتکەر دژی ئیستیعمار و شەڕ لە دەرەوە دەوەستێت. شۆڕش، شۆڕشی هەموو میللەت بوو بە

عەرەب و کوردەوە و ڕۆڵی بنەڕەتی جەماوەر بوو، هەرچەندە شێوازی ئینقیلابی بوو. کەچی بورجوازیی عەرەبیی گەورە، دەیەوێت بە ناوی یەکێتیی عەرەب دەست بگرێتە سەر فراوانترین بازاڕی عەرەبیدا، کە لە جەوهەردا هێزی دوژمنی دیموکراتییە. ڕووی دیموکراتیی لە شۆڕشی ١٤ـی تەممووزی ١٩٥٨، هەر لە یەکەم کاتدا دەرکەوت. لە سەرۆکایەتیی عەبدولکەریم قاسمدا دەرکەوت، کە بە توندی پشتی بەستە هێزی دیموکراتی کە پشتگیریی کۆماری شۆڕشی کرد و بە هێزی پشتگیریی سەرۆکە موخلیسەکانی، شۆڕشیان کرد.

سەرکردەی پارتی نەیتوانی ئەم ڕاستییە بدۆزێتەوە و پەیوەندییان لەگەڵ حیزبی بەعس و ئیستیقلال کرد. بەمەش نەوەستان، بەڵکوو هەڵوێستێکی نەرێنییان گرت لە داوای جەماوەری پارتی بۆ هاوکاری لەنێوان هەردوو حیزبی کوردستان، پارتیی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعیی عێراق.

بۆ سەقامگیریی کۆمار و قوواڵترکردنەوەی مافی دیموکراتی لە عێراقدا، لە یەکەم بینینیدا دەزانرێت کە حیزبی بەعس و حیزبی ئیستیقلال دژی فراوانکردنی دیموکراتین.

سیاسەتی هاوکاری لەگەڵ حیزبی بەعس و حیزبی ئیستیقلال دژی سەرکردەی عەبدولکەریم قاسم کە بەرەو دیموکراتی دەڕوات و پشت بە هێزانی دیموکراتی دەبەستێت، ئەم هەڵوێستە زیانێکی گەورە دەداتە داواکانی میللەتی کورد.

لە پاشـــان باســـی ئەوە دەکەن کە ئەم ڕەوشـــتانەی مەکتەبی ســـیاســـی کارێکی وای کرد، کە عەبدولکەریم قاســـم بگاتە ئەو باوەڕەی کە پارتی دەیەوێت کوردستان لە عێراق جیا بکاتەوە.

بە تایبەت کە لەم کاتە ناســـکەدا مامۆســـتا ئیبراهیم ئەحمەد نووسیی، کە کوردستان بەشێک نییە لە عێراق.

هەرچەندە ئەمە ڕاســتییە، بەڵام لە کاتی گومانی حووکمی قاســم لە مەبەســـتی دواڕۆژی پـــارتی و بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە ڕاستییە، ڕەنگە بارودۆخ ئاڵۆزتر بکات. قســەیەکی نەســتەق هەیە کە دەڵێت:

"درۆیەک خێری تێدابێت، لە ڕاستییەک چاکترە فیتنەی لێ بێت".

ئەوەی لە ســەرەوە وتمان لە یاداشــتی چوار لە کادرانی بەرزی پارتی بوون ئاراستەی بەڕێز مەلا مستەفا بارزانییان کردبوو. با بزانین بەڕێز مەسعوود بارزانی چی دەڵێت:

"لەگەڵ ئەوەش بە ئاشـــکرا دەڵێم میلەکانی ســـەعات ناگەڕێنەوە دواوە، نامەوێت ئەو ئاواتە لەوانە بشـــارمەوە کە ئەم کتێبەم خوێندەوە کە هەمیشـــە بە دڵمدا هاتووە و جۆرێکە لە خەیاڵێکی ڕووت، بەڵام لە ڕاســـتیدا هەســـت و ســـۆزێک دەردەبڕم کە دەســـەڵاتی ســـاردبوونەوەم نییە، لە ناخی دەروونمەوە ئاواتی ئەوەم دەخواســـت شـــۆڕشـــی ١١ـــــی ئەیلوول لە ســـەردەمی عەبـــدولکەریم قـــاســـم هەڵنەگیرســـایە. ئەگەر هەر دەبوو هەڵبگیرســـێت، با پێش ســـەردەمی یان پاش ســـەردەمی ئەو هەڵگیرســـابایە. لەوانەیە بخوێن لێم ببوورێت کاتێک دەزانێت ئەم خەیاڵە لەو هەستەوە هەڵقوواڵیوە کە ئێمە چەند قەرزاری پیاوەتی

و گەورەیی ئەم کەسایەتییە مێژوویییەین. مەبەستیشم لە ئێمە، تێکڕای گەلی کوردە، بە تایبەتی خێڵی بارزان. ئەو شۆڕشەی ئەم پیاوە لە ١٤ـــی تەممووزی ١٩٥٨ـــدا کردی، بووە مایەی ئازادبوونی گەورەمان شێخ ئەحمەد، پاش ئەوەی وەک هەمووان سوپای عورفی لە پاش شۆڕشی ١٩٤٥ حووکمی لەناوبردنی شێخ ئەحمەدی دابوو، لەگەڵ ئەوەش کە بەپێی یاسا ڕایسپاردبوو حووکمەکەی بۆ بگۆڕن بۆ زیندانیی هەتاهەتایی، ئەم پرسە هەر وا مابووەوە. شێخ ئەحمەد پاش ئەوەی وەک هەمووان دەزانن لە ئێرانەوە گەڕابووەوە بۆ عێراق، گیرابوو و خرابووە زیندانەوە، هەروەها حووکمی لەناوبردنی مەلا مستەفا و هەندێک لە هاوەڵانی درابوو، بێ ئەوەی خۆیان لە دادگە ئامادە بن. بگرە ئەوان ئەو کاتە لە تاراوگە بوون لە یەکێتیی سۆڤیەت. پاش شۆڕشی ١٤ی تەممووز، حووکمەکەی ئەوانیش هەڵوەشێنرایەوە و پووچەڵ کرایەوە. مەلا مستەفا و هاوەڵەکانی لە تاراوگە گەڕانەوە و وەک قارەمان پێشوازییان لێ کرا. هەموو قەدر و حورمەتێکیان لە لایەن ڕژێمی نوێوە لێ گیرا.

هەر بەبێ داگرتنی عەبدولکەریم قاسمیش بوو بەندی سێیەمی دەستووری کاتی دانرا، کە لە ٢٧ـــی تەممووزی ئەو ساڵەدا دەرچوو، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی عێراق بگرە کوردستانیش، دانی بە هاوبەشیی کورد و عەرەب لە یەک نیشتمانداندا نا. بەڵام پەیوەندیی نێوان عەبدولکەریم قاسم و پارتیی دیموکراتی کوردستان هەر لە ساڵی ١٩٦١ بە جۆرێکی یەکجار، بە تایبەت لە پاش گەڕانەوەی لە کانوونی دووەمی ١٩٦١ لە سەفەری مۆسکۆ بۆ بەغدا، بەردەوام ڕوو لە خراپی بوو. گومان و دوودڵیی قاسم لە بارزانی، زۆر زیادی کردبوو. بارزانی و

بزووتنەوەی ڕزگاری کورد"، هەر وا کاک مەسعوود بارزانی لە باسی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دەڵێت: بارزانی نەیویست بە کارێک تەنها خۆتان دەتانکرد، بەڵام وەکوو دەزانین مەکتەبی سیاسی کۆبوونەوەیان لە دەربەندی بازیان کرد، کە بووە هۆی تووڕەیی عەبدولکەریم قاسم، چونکە ئەوە بانگی شۆڕش بوو، کە فەرمانی لێدان و ڕاکردنمانیان دا.

لەو کاتەی کە شۆڕش هەڵگیرسا، کاک مەسعوود هێشتا لە تەمەنی خوار هەرزەکاریدابوو. ئەمەی کە ئێستا دەیڵێین، پێداچوونەوەیەکە بە ڕاستی یان هەڵەی ئەو شۆڕشەی کە دژی عەبدولکەریم قاسم کرا. لە دوای هاوکاریی شۆڕشی ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ دەستەیەک لە ئەفسەرە قەومییە ڕاستڕەوەکان بە سەرۆکایەتیی عەبدولسەلام عارف، کە لە سەرەتاوە نەیدەویست مەلا مستەفا و هاوەڵەکانی بگەڕێنەوە بۆ عێراق و دەیوت ئەگەر بروسکەکە بۆ من بهاتایە، دەموت: "بڕۆ... بڕۆ". ئەوە دەریخست کە شۆڕش کەوتە دوای حیزبی بەعس و عەبدولسەلام، دوای کلاوی بابردوو کەوتبوو، دەبێت نرخی ئەو هەڵەیە بدات، وەکوو دای.

لەمەدا دووبەرەکی لەنێوان زۆربەی سەرکردایەتی و کادری پێشکەوتووی پارتی و مەکتەبی سیاسی، ئەوە دەگەیەنێت کە هەڵوێستی مەکتەبی سیاسی، هەر لە سەرەتای شۆڕشی ١٤ـی تەممووز لایەنگریی دژانی عەبدولکەریم قاسمیان دەکرد و حیزب هاواری بوو بۆ مەلا مستەفا کە ڕێبازی مەکتەبی سیاسی ڕاست بکاتەوە. بۆ ئەمانەت و بۆ مێژوو دەڵێم، لە چاوپێکەوتنم لەگەڵ بارزانی لە گەڕانەوەیدا بۆ عێراق، مەلا مستەفا نارەزاییی بەرانبەر

ئەو هەڵوێستە دەربڕی و من داوام لێ کرد کە کارێکی وا بکات هاوهەڵوێست لەنێوان پارتیی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعیی عێراق، بێنێتە دی.

وەکوو زانراوە، حیزبی شیوعی ڕێگەی گوشاری ناوخۆ و هێزی پێشکەوتووخوازی جیهانی بەسەر عەبدولکەریم قاسم بۆ چارەکردنی کێشەی کورد و کێشەی دیموکراتیی، گرتبووە بەر. بە هەموو هەستمەوە دەڵێم مەلا مستەفاش لەو باوەڕەدابوو هەر لەبەر ئەوەش لە ساڵی ١٩٦١، پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول، چووە مۆسکۆ و گفتوگۆی لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەتدا و ڕژێمی نوێی عێراق کرد، یەک لە دوای یەک بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕژێمە کە هیوای چاکتری لێ دەکرا. یاخیبوونی نازم تەبقەجەلی و عەبدولوەهاب شەواف، موئامەرەی ڕەفعەت حاجی سووری، موئامەرەی عەبدولسەلام، تەقەڵای کوشتنی عەبدولکەریم لە لایەن بەعسەوە...هتد. ئەم ڕێگەیەی گرتە بەر، کە هەر بەو کردەوانە، نەک شۆڕشی عێراق، بەڵکوو شۆڕشی میسریشی پووچەڵ کرد.

٢- بەڕێز مەلا مستەفا، کە شۆڕشی ١٤ـی تەممووز ڕووی دا، لە مۆسکۆ بوو، هێشتا ئاگای لە بارودۆخی عێراق و بگرەوبەردەی نێوان عەبدولکەریم و بەرەی دیموکراتی و عەبدولسەلام و بەرەی نەتەوەپەرستانی نەدەزانی. لە پێش ئەوەی بێتە عێراق، چووە لای جەمال عەبدولناسەر، ئەمە گومانی خستە دڵی عەبدولکەریمەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕێز و بە گەرمی پێشوازیی مەلا مستەفا و هاوەڵانی کرد و شێخ ئەحمەد و هاوەڵانی لە بەندیخانە ئازاد کران. بۆ مێژوو دەڵێم، عەبدولکەریم دەیویست

چاکەی تریش لەگەڵ بارزانی بکات، بڕیاری دا دەشـــتی باله و ڕێزان بکاته ئاوایی و، بۆ بارزانییەکان گوندی نوێ دروســـت بکات و لەوێ جێنشینیان بکات.

٣- لەو کاته ناســـکەدا، ســـکرتێری پارتی، مامۆســـتا ئیبراهیم ئەحمەد، له ڕۆژنامەی پارتیدا نووسـیی که "کوردسـتان بەشـێک نییه له عێراق، تەنها له ســـاڵی ١٩٢٥ به بڕیاری (عصـــبة الأمم) بەزۆرەملێ بەســـترایەوه عێراق". ئەمه هەرچەنده ڕاســـتییەکی مێژوویییه، بەڵام کارێکه ڕووی دا، تاکوو ئێســـتاش نه عەرەب دەتوانێـت بڵێـت عێراق تەنهـا عەرەبه و نه کوردیش دەتوانن بەســـەر ئەم واقیعەیـدا بـاز بـدەن. بۆ جیـابوونەوەی یەکلایی، ڕەخنەکـانی لەو کـاتەدا خزمەتی ئـاواتەکـانی میللەتی کوردی نەدەکرد. ئەگەر عەبدولکەریم دژی جیابوونەوەی کوردســـتان بوو، خۆ کورد نه ئەو کات و نه ئێســـتاش داوای جیابوونەوه ناکات له عێراق. عەبدولکەریمیش که دەیوت: عێراق هاوبەشـــێکه دابەش ناکرێت، ئەمه ڕێگر نەبوو له بارودۆخێکی گونجاو، دان به مافی ڕەوای کورد بنێت، که لەو کاتەدا ئۆتۆنۆمی بوو.

٤- تیرۆرکردنی ئەحمەد ئـاغـای زێبـاری، هەرچەنـده کـارێکی عەشـــایەری بوو، هیچ پەیوەندیی به ســـیاســـەتەوه نەبوو، بەڵام عەبدولکەریم ئەمەی به ملپێچی دەســـەڵاتی حووکمەتی زانی و به تایبەتی ڕفاندنی زیندانییەکان. زۆر چاکتر دەبوو هەر نەکرایه و که کراش، نەدەبوو دژی دەسەڵاتی حووکمەت بێت.

خێڵی بارزانی و خێڵی زێباری چەند جارێک کاری توند لەنێوانیان ڕووی دا و به جۆرێکی هێمن چـاره کراوه. خزمـایەتیی مەلا مســـتەفا لەگەڵ مەحموود ئاغادا بۆ مەبەســـتی دۆســـتایەتی و

خزمـــایەتی لەنێوان هەردوو بنەمـــاڵە بوو. من لام وایە بە پشـــتبەســـتن بەم خزمایەتییە، ڕەنگە ئەو برینە ســـاڕێژ بێت و پەڕەیەکی تری نوێ لەنێوان هەردوو بنەماڵەکەدا بکرێتەوە. ئەمە لە بەرژەوەندیی هەردوو لا و میللەتی کوردیشە.

٥- جووڵانی مەلا مستەفا بۆ کوردستان، گەڕانی مەلا مستەفا لە کوردستاندا کارێکی بێگەرد بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی مەلا مستەفا لە بەغدا میوانی حووکمەت و بە تایبەت عەبدولکەریم قاسم بوو، دەبووایە بەپێی ڕای هەردووکیـــان بووایە. هیچ گومـــانی نییە عەبدولکەریم بە دەرهێنانی یاســـــای ئیســـــلاهیی کشـــــتوکاڵی، سەنگەری لە دەرەبەگ و سەرۆک عەشیرەتانی گرتبوو، ئەوانیش بۆ هەڵێک دەگەڕان کە دەســەڵاتی حووکمەت لە کوردستان لاواز بکەن و ئەو یاســـایە بمرێنن. لە کاتێکدا لە ســـاڵی ١٩٤٥ کەوتنە دژی شۆڕش، کەچی بە چوونی مەلا مستەفا پێشوازیی گەرمیان لێ کرد و لە دەوری کۆ بوونەوە و هیچ گومانی نییە کە دەستیان لە ئـــاڵوزکردنی پەیوەنـــدیی مەلا مســـــتەفـــا و پـــارتی لەگەڵ عەبدولکەریم و شـــۆڕش هەبوو. کە شـــۆڕش هەڵگیرســـا، لوقمەی حووکمەت بۆ ئەوان چەورتر بوو، زۆربەی ئەو ئـــاغـــایـــانەی کە پـــاڵەپەســـــتۆیـــان دەکرد بۆ ئەوەی لەگەڵ مەلا مســـــتەفـــا وێنە وەربگرن، کە شـــەڕ هەڵگیرســـا، زۆربەیان بوونە موســـتەشـــاری فەوج (ســـەرۆک جاش) دژی مەلا مســـتەفا و شـــۆڕشـــی ١١ـــــی ئەیلوول.

ئەگەر هەندێک زێڕم هەبووایە، ئەو هەســتەی کە کاک مەســعوود بەرانبەر عەبدولکەرێم قاسم و کۆماری شۆڕش دەریبڕیبوو، لەم کتێبەدا بەو زێرە دەمنووســـییەوە. ڕەنگە مێژوو ڕێگەیەکی تری

بگرتایه و کوردیش به سیاسەتی سووتاندنی خاکی کوردستان پاش ئینقیلابی ٨ـــــی شـــوباتی ١٩٦٣ و کردەوەی ئەنفال و کیمیابارانی کوردســتان، به ئامانجی خۆی بگەیشــتایه و میللەتی عێراقیش غەرقی خوێن نەبووایه، بەڵام دەڵێت چی، وەکوو کاک مەسعوود وتی: "میلی سەعات بەرەو دوا ناڕوات" که ڕێگەیەکی تر بگرێت.

دەستتێوەردانی ئەمریکا

لە پاش شـــەڕی دووەمی جیهانی، بەریتانیا هەر چۆنێک لەگەڵ هاوپەیمانی سەرکەوتوو بوو، بەڵام لەبارەی ئابووری و لەشکری ئـارایـدا لاواز بووبوو، لەبەر ئەوە بڕیـاری دابوو لە پـاش مسـۆگەرکردنی باری ئابووری و بەرژەوەندیی کۆمپانیاکانی، لە ڕۆژهەڵاتی قەناتی ســوێس پاشـــەکشـــە بکات. بەڵام یەکێک لە دیمەنی ئیستیعماری نوێ ئەوەیە، کە حووکمەتێکی بەهێز جێگەی بێهێزان پڕ بکاتەوە.

ئەمریکا لەگەڵ هەموو ئەو توانـای ســـەربـازی و ئـابووری و داراییەدا، لەم شـــەڕی جیهانییەدا، نە لە لایەنی دارایی و نە لە لایەنی ســـەربازییەوە، زیانێکی ئەوتۆی لێ نەکەوت. بە درێژاییی شـــەڕ، یەک بۆمـب نەکەوتە ئەرزی ئەمریکـا، دەڵێن لە زیـانی مرۆڤیشدا، زیانی سەربازانی لە زیانی کارەساتی ئۆتۆمبێل کەمتر بوو. لەبەر ئەوە ئەمریکا بووە وارسی دەوڵەتە ئیستیعماریییەکانی بێهێز لە موستەعمەراتی پێشـووی ئەو دەوڵەتانە، جگە لەوەی لە کۆمپانیاکانی فرە جنسییە بەشی شێری تێدا هەبوو.

ڕەنگە بوترێت، ئەم وڵاتە داگیرکراوانە لە سیاقی سـاڵانی شـەڕدا خۆیان ئازاد کردبوو، ئەمە ڕاســـتە، بەڵام ئازادی تەنها ئازادیی ســـیـاســـی نییە. ئیســـتیعمـار دەزگە ئیـداریـیەکـان و بنکە

سەربازییەکانی بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی کۆمپانیاکانییە. ئیستیعماری نوێ کە رێگە بۆ کاروباری کۆمپانیاکانی خۆش دەکات، بەزۆر بۆ ئەم مەبەستە پشت دەبەستێتە ئەو حووکمەتانەی کە لەو وڵاتانەدا دەسەڵات وەردەگرن و پەیوەندییان لەگەڵ حووکمەتانی ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەر ماوە و ئەوان بەرژەوەندیی ئیستیعماری نوێ دەپارێزن.

ئەمریکا، هەر کە شۆڕشی ١٤ـی تەممووز هەڵگیرسا، هێزێکی زۆری سەربازیی لە لوبنان دابەزاند، بە مەبەستی پێشێلکردنی شۆڕش.

لە جێگەیەکی تر باسمان کرد کە ئەو پیلانە ئیستیعماریيە لە لایەن میللەتی عێراق، عەرەب و کورد و یەکێتیی سۆڤیەتەوە سەرنگوم کرا. بەڵام ئیستیعماری نوێ پیلانی تری هەیە، پەیوەندیکردن بە دژانی حووکمەتە نیشتمانییەکان بۆ رێکخستنی ئینقیلابی سەربازی و یاخیبوون و شۆڕشی دژی شۆڕش. ئەمە لە سـاڵانی پاش شـەڕی دووەمی جیهانی لە زۆربەی وڵاتە ئازادبووەکانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی ڕووی دا. بێ ئەم مەبەستە، ئیستیعماریيەکان لەو وڵاتانەدا هەندێک بەشی میللەت و هەندێک حیزب و هەندێک پیاوانی سیاسی دەکڕن. ئەگەر ئیستا شانازی بە هاوکاری لەگەڵ ئەمریکادا بکرێت، لەو سەردەمەدا دەخرایە قاڵبێکی نهێنییەوە.

عیماد شەهاب کە لە دواییدا بووە وەزیری بەرگریی حووکمەتی بەعس، دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

"من و لیوا عەبدولجەبار جەواد کە فەرماندەی فیرقە و زاوای عەبدولکەریم قاسم بوو، بۆ وچاندان چوویە بەیروت – باڵوێزخانەی ئەمریکا لەوێ داوای بینینی عەبدولجەبار جەوادی کرد، ئەویش نەیدەویست تێکەڵی سیاسەت بێت، بەڵام من پێم وت: برۆ بزانە چیی دەوێت. لەو دیتنە باڵوێز پێی وتبوو: عەبدولکەریم دەیەوێت یاسایەک دەربکات، ئەو زەوییانەی کە لە لایەن کۆمپانیاکانی نەوتی عێراق بەکار نەهێناوە، لێیان وەربگرێتەوە و کۆمپانیای عێراقی نەوتی لێ دەربێنێت. ئەمە لە جەرگەی بەرژەوەندیی ئێمە دەدات، دەمانەوێت خواهێشتی ئێمەی پێ بگەیەنێت. ئەگەر واز لەو یاسایە بێنێت، ئێمە ئەوەی دەیەوێت بۆی دەکەین، ئەگینا ئەگەر بیکات، ئەوا بە هەموو جۆرێک دژی دەوەستین".

عەبدولجەبار لە گەڕانەوەیدا کە ئەمەی گەیاندە عەبدولکەریم، لەو بێڕوویییەی باڵوێز تووڕە بوو، هەر ئەو شەوە، ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی سەروەریی کۆ کردەوە و یاسای ژمارە (٨٠)ی دەرهێنا. کە بە دریژاییی مێژووی سالانی دوای حووکمی عەبدولکەریم قاسم، بووە هۆی ئینقیلابات و گۆڕانی حووکمەتانی عێراق.

وا دیارە، ئەمریکا ڕەهانی لەسەر حیزبی بەعس دەکرد و، هیچ گومانی تێدا نییە کە ئەمریکا بە نهێنی پەیوەندیی لەگەڵ کاربەدەستانی حیزبی بەعس کردبێت. سکرتێری گشتیی حیزبی بەعس عەلی سالح سەعدی لە پاش ڕووخانی حووکمی عەبدولکەریم قاسم، بە ئاشکرا وتی: "ئێمە بە شەمەندەفەری ئەمریکا هاتینە سەر حووکم"، هیچ گومانی تێدا نییە ئەو

شەمەندەفەرە، یارمەتیی سەربازی و دارایی و سیاسییشی تێدا هەبووە، ئەمانیش بوونەتە کۆکەرەوەی دوژمنانی حووکمی قاسم.

عەبدولکەریم قاسم دوژمنێکی زۆری بۆ خۆی پەیدا کرد، جەمال عەبدولناسڕ کە چاوی بڕیبووە عێراق، عەبدولکەریم دژی یەکێتی لەگەڵ میسردا وەستا، بەبێ هیچ پێویستییەک کێشەی لەگەڵ کوێت نایەوە و دەستی لە کاروباری ناوخۆی سەڵتەنەتی عومان وەردا. لە جیاتیی چارەیەکی کێشەی کورد بکات، بە هێزی سەربازی داوا ڕەواکانی مەلا مستەفای سەرکووت کرد. عەبدولسەلام عارف و ئەفسەرانی ئازاد کە هاوکاربوون لە پاشان ڕێگەی موئامەرەیان لە دژی گرت، دەستە دەستە ڕەوانەی سێدارەیان کرد، تەنها شیوعییەکان لەگەڵی مابوون، کەچی کەوتە دژی ئەوانیش و دەزگە ئاسایییشییەکانی دژی ئەوان هان دا، ئەو ئەفسەرە شیوعییانەی کە فەرماندەی لەشکر بوون، یەک دوای یەک لابران و ئەفسەری شۆڤێنی و توندڕەوی کردە فەرماندەی لەشکر.

ئەمانە هەموو کارێکی میسالی بوون بۆ ئەمریکا، کە ئەم هەموو دووبەرەکی و دژایەتییە بۆ مەبەستی پیلانی ڕووخاندنی حووکمی عەبدولکەریم قاسم بەکار بێت، ئەمەیشی نەدەشاردەوە و بە ئاشکرا کاری دەکرد. لە ساڵی ١٩٦١ کە شۆڕشی کورد هەڵگیرسا، دوو وەزیری عەبدولکەریم، فوئاد عارف و حەسەن تاڵەبانی لە بەیروت بوون، باڵوێزی ئەمریکا داوای لێ کردن کە لە وەزارەت بکشێنەوە و دەست لە عەبدولکەریم هەڵبگرن، چونکە

ئەمریکا بڕیاری ڕووخاندنی داوە. فوئاد عارف هەر کە گەڕایەوە، لە حووکم دەرچوو، بەڵام حەسەن تاڵەبانی هەر مایەوە.

ئینقیلابییەکانی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ دەیانوت: "ئێمە لە شیوعی بەو لاوە، دوژمنی کەس نییین". واتا: دوژمنی ئیستیعمار و دوژمنی نۆکەران و کۆنەپەرستان و دەرەبەگەکان نییین، تەنها دوژمنی شیوعییین".

پەیوەندیی ئینقیلابییەکان بە پارتیی دیموکراتی کوردستانەوە

حووکمەتی ئەمریکا لە پاش دانانی یاسای ژمارە (٨٠) بۆ وەرگرتنی ئەو ناوچە نەوتییانەی کە هێشتا لە لایەن کۆمپانیای نەوتەوە بەکار نەهێنرابوو، ئیتر بە ئاشکرا هەڵوێستی خۆی بۆ ڕووخانی حووکمی جەنەڕاڵ قاسم دەردەبڕی. لە چوونێکی دوو وەزیری کورد، حەسەن تاڵەبانی و فوئاد عارف بۆ بەیروت، سەفارەتی ئەمریکا پەیوەندییان لەگەڵیان کردبوو، ئەم هەڵوێستەی خۆیان بۆ دەربڕیبوو و داوای کشانەوەیان لێیان کرد. حەسەن تاڵەبانی لە ترسی قاسم، لەبەر ئەوەی هیچ بەرژەوەندیی لە ڕووخانی حووکمی قاسم نەبوو، ئەمەی نەکرد، بەڵام فوئاد عارف بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ بارودۆخی پاش ڕووخانی حووکمی قاسم بگونجێنێت، کە گەڕایەوە بەغدا، لە حووکم کشایەوە.

ئینقیلابییەکان لە بەغدا پەیوەندییان لەگەڵ شەوکەت عەقراوی بۆ گەیشتن بە کاربەدەستانی پارتیی دیموکراتی کوردستاندا پەیدا کردبوو، ئەویش کۆبوونەوەیەکی لەنێوان سکرتێری پارتی بەعس عەلی سالح سەعدی ڕێک خست، ئەویش هەڵوێستی خۆیان بۆ ڕووخاندنی عەبدولکەریم قاسم دەربڕی.

ئەو مەبەستەی فوئاد عارف نەبوو، دەیویست پشتگیریی مەلا مستەفا و پارتیی دیموکراتی کوردستانی مسۆگەر بکات. چونکە ئەو کارە لە وێژەی فوئاد عارفدا نەبوو. فوئاد عارف لە ڕێگەی شەوکەت عەقراوییەوە کۆبوونەوەیەکی چوارقۆڵیی لەنێوان تاهیر یەحیا و عەلی سالّح سەعدی و سالّح یووسفی و فوئاد عارف ڕێک خست. لەم کۆبوونەوەیەدا هیچ هەڵوێستێکی ئینقیلابییەکان بەرانبەر کێشەی کورد دەرنەخستبوو، تەنها وەستاندنی شەڕ لە کوردستان و لە پاشاندا باسی ئەم کێشەیە دەکرێت. مەلا مستەفا نە بڕوای بە عەبدولسەلام عارف و نە بە بەعسییەکان هەبوو، لەبەر ئەوە داوای دەکرد حووکمەتی دوای قاسم بە سەرۆکایەتیی حیکمەت سلێمان دابنرێت و کوردەکان بەشداریی تێدا بکەن. لە جێگەی ماجد مستەفاوە، پەیوەندی لەگەڵ حیکمەت سلێماندا کرا و ئەویش ڕازی بوو.

عەبدولسەلام لەمەدا مەبەستی پشتگیریی مەلا مستەفا بوو، لە پاشان پشتکردن لە پەیمان زۆر گران نییە. عەبدولکەریم لەبەر ئەوە بۆ شەڕکردن لە کوردستان پشتی بە ئەفسەرە شیوعییەکان و دیموکراتییەکان قایم بوو، گەلێکیانی لە کار دەرهێنا و ئەوەی مانەوە، ئەفسەرێکی ڕەگەزپەرستی خستە پاڵیان، ئەم ئەفسەرانە ئەمەی قاسمیان بۆ خۆیان قۆستەوە و بۆ ڕووخاندنی ئەو، بەکاریان هێنا. هەر وا بەبێ ڕوونیی هەڵوێستی قەومی و بەعسییەکان بەرانبەر کێشەی کورد، فوئاد عارف و سالّح یووسفی ئەو بروسکەیان نارد بۆ ئینقیلابییەکان، کە تێیدا وتیان "لاحمت الثورتان...هتد" کە هیچ ڕووناکییەکی نەخستە سەر داواکانی میللەتی کورد، بەڵکوو لە پاش گەزتنی پەنجەی پەشیمانی، حووکمەتی عەبدولسەلام عارف شەڕێکی تەڕ و

وشـــکی ســـووتانی له کوردســـتان هەڵگیرســـاند، که لەشـــکری ســـووریـاش تێیـدا بەشـــــداری بکەن. له هەموو پلەیەکدا که حووکمەتی بەغدا پێویستیی به ئاساییشی کوردستان بۆ وتوویژ لەگەڵ کۆمپانیای نەوتدا هەبێت، دەشـــێت درۆ و دەلەســـەیان بۆ کورد دربژ کردووه، کۆمپـانیـاکـانی نەوتیش مێخێکی (مەلای مەزبورە)ـــیان تێدا هێشتووەتەوە، که له کاتی پێویست بڵێسەی لێوه هەڵبگیرسێت.

پەیوەندیکردنی ئەمریکا لەگەڵ حیزبی بەعس

بە وردی نەزانراوە ئەمریکا چۆن پەیوەندیی لەگەڵ سەرکردەکانی بەعسی کرد. بەڵام سکرتێری گشتیی حیزبی بەعس (عەلی سالح سەعدی) کە لە ئەزەلدا لە ئێڵی دزەیی کوردە، ئەوەی درکاند و وتی: "ئێمە بە شەمەندەفەرێکی ئەمریکی هاتینە سەر حووکم".

وەکوو دەڵێن: "لە شینی مردووان، هەموو کەس بۆ مردووی خۆی شیوەن دەکات".

کوێت دەیەوێت لە قاسم ڕزگاری ببێت، چونکە لەژێر هەڕەشە بوو. سەرکردەی پارتیی دیموکراتی کوردستان دەیویست قاسم نەمێنێت، چونکە تەگەرەیە بۆ وەرگرتنی مافی کورد. قەومییەکانی سەر بە عەبدولناسڕ، دەیانەوێت ئەو کۆسپە لە ڕێی بەدیهێنانی یەکێتیی وڵاتە ئازادەکانی عەرەب لابەرن. حیزبی بەعس، دەیویست بە هەر جۆرێک بێت، بێنە سەر حووکم و تۆڵە لە قاسم و هاوڕێکانی و لە شیوعییەکان بسێنن. دەرەبەگەکان و گەورە ئەفسەرانی کۆنەپەرست، هیوای گەڕانەوەی دەسەڵاتیان هەبوو، لەبەر ئەوە ئالای دوژمنایەتی دژی عەبدولکەریم قاسم و شیوعییەکان، بەرز کرابووەوە.

حیزبی شـــیوعی زۆربەی ئەم پلانەی زانیبوو. لە بەیانێکدا هات ئەو هێزە ســەربازییانەی کە لە ڕووخانی حووکمی عەبدولکەریم قاسمدا بەشداری دەکەن، ئاشکرای کرد. بەڵام قاسم چەند لەوان دەترســـا، ئەوەندەش گومانی لە شـــیوعییەکان دەکرد و هەموو هیوای ئەوەبوو، کە هێشتا زۆربەی هێزی سەربازی سەربەخۆین و هەر کردەوەیەکی وا وەکوو یـاخیبوونەکەی (عەبـدولوەهـاب شەواف)، سەرنگوم دەکرێت.

عەبدولکەریم قاسم بۆچی ڕووخا؟

عەبدولکەریم قاسم کە تووشی کێشەی یەکێتی لەنێوان عێراق و میسر بوو و، گروپی ئەفسەرانی قەومی بە هانی جەمال عەبدولناسر کەوتنە دژی و پیلانگێڕان بۆ ڕووخاندنی یان کوشتنی. جگە لە موئامەرەی ڕەشید عالی گەیلانی، یاخیبوونی نازم تەبقەجەلی و عەبدولوەهاب شەواف، کە هەر لە سەرەتاوە فیرقەی یەکەمیان ئامادە کردبوو بۆ ئینقیلاب، موئامەرەی عەبدولسەلام عارف و مەدحەت حاجی و لە پاشان ڕەفعەت حاجی و پیلانی بەعس بۆ کوشتنی...هتد.

ئەمە وای لێ کرد کە ئەفسەرە قەومییەکان لە جێگە گرنگەکانی لەشکر لابەرێت و لەو کاتەدا حیزبی شیوعییەکان، هەرچەندە بۆ فراوانکردنی دیموکراتی گوشار دەخەنە سەری، بەڵام پیلانی لابردنی یان کوشتنیان نییە. لەبەر ئەوە هەندێک لە ئەفسەرە شیوعییەکانی خستە جێگەی قەومییەکان. لە پاش کوشتنی نازم تەبقەجەلیدا و جەنابیی کردە فیرقەی دوو، عەمید هاشم عەبدولجەبار بە فەرماندەی لیوا و عەقید سلێمان حەسسان بە فەرماندەی لیوای زرێپۆش...هتد. کە شۆڕشی ١١ـی ئەیلوولی ١٩٦١ هەڵگیرسا و حیزبی شیوعی داوای وەستاندنی شەڕ و چارەکردنی کێشەی کورد بە جۆرێکی ئاشتییانە کرد، قاسم

کەوتە گومانی ئەوە، ئەگەر حیزبی شیوعی تەقەڵای ڕووخاندنیشی نەدەن، شەڕ دژی کوردەکان ناکەن.

ئەوانەی سووربوون بۆ شەڕ دژی شۆڕشی کورد، ئەفسەرە ڕەگەزپەرستەکان بوون، لەبەر ئەوە عەبدولکەریم لەوانە نزیک بووەوە و زۆربەیانی گەڕاندەوە بۆ فەرماندەی لەشکر، وەکوو گەڕاندنەوەی سالح مەهدی عەمماش بۆ یارمەتیدەری فەرماندەی هێزی ئاسمانی کە جەلال ئەوقانی فەرماندەی گشتی بوو، هەروەها گەڕاندنەوەی تەها شەکرچی بۆ یارمەتیدانی لیواکەی خۆی، لیوای نۆزدە و لابردنی داود جەنابی و عەقید سلێمان حەسسان و ئەفسەرە کۆمۆنیستەکانی تر.

هەندێک کردەوە لە لایەن ئەفسەرە شیوعییەکانەوە ڕووی دا، قاسمی پتر خستە گومانەوە لێیان. ئەفسەرێکی شیوعیی فڕۆکەوانیان نارد بۆ بۆمبباڕانکردنی گومانێک لە کوردستان، ئەویش لە گوندەکە تێپەڕی و بە هەڵە بۆمبەکانی دا لە ئۆردوگایەکی حووکمەت، ناوی (نووری گوریا) بوو، دەستگیر کرا و بە پێنج ساڵ زیندانەوە ڕەوانەی (نقرە سلمان) کرا.

ئەو کردەوەیەی عەبدولکەریم قاسم، دوورخستنەوەی ئەفسەرە شیوعییەکان و هێنانی ئەفسەرە ڕەگەزپەرستان و دانی چەک و تەقەمەنی پێیان و بڵاوکردنەوەی زۆربەی لەشکری سەربەخۆی کوردستاندا. ئەمە هەڵێکی باش بوو بۆ عەبدولسەلام عارف کە عەبدولڕەحمانی برای فەرماندەی لیوا بوو لە (حبانیة)ی نزیک بەغدا و حیزبی بەعس کە لەگەڵ ئەوەش شیوعییەکان لە بەیاننامەیەکدا، مانگێک لە پێش ئینقیلاب بڵاویان کردەوە و ورد پیلانی ئینقیلابەکەیان ئاشکرا کرد، عەبدولکەریم گوێی نەدایێ و

هەر درێژەی بە دژایەتیی نێوان شـــیوعییەکان و قەومییەکان دا، تا لە بەیانی ٨ـــــی شـوباتی ١٩٦٣ گوێی لە "الله أكبر" و بەیانی یەکەمی ئینقیلابییەکان بوو، لە جیاتیی ئەوەی بچێتە ئۆردوگایەک، هـاتە وەزارەتی بەرگری و داوای لە شـــەکرچی یـارمەتیدەری لیوای نۆزدە کرد، ئەو لیوایەی کە شـۆڕشـی ١٤ـــــی تەممووزی هەڵگیرســاند، شــەکرچی زۆر بێشــەرمانە بە جنێوێکی پیســەوە وەڵامی دایەوە.

کە جەماوەر دابەزینە ســەر شــەقامەکان و چوونە بەر دەرگەی وەزارەتی بەرگری و داوای چەکیان لە عەبدولکەریم کرد، وتی: "چەکتان نادەمێ، دەتانەوێت وەک موســـڵ بکەن"، چەکی دابووە دوژمنانی خۆی، کورد و شیوعی کە خۆی و شیوعی و لە پاشان کوردی پێ بکوژن.

عەبدولکەریم دۆســـتی بۆ خۆی نەهێشـــت، دژی قەومی و دژی پارتی و دژی شیوعی، ئیتر کێ پارێزگاریی لێ بکات؟

ئینقیلابی ٨ی شوباتی ١٩٦٣

لە ٨ـــی شوباتی ١٩٦٣، کە هەموو دوژمنانی حووکمەتی قاسم یەکیان گرتبوو، ئەو لیوایەی کە عەبدولڕەحمان عارف فەرماندەی بوو لە فەلوجە بەرەو بەغـدا، بۆ ڕووخـانـدنی حووکمەتی عەبدولکەریم قاســم کەوتە ڕێ، هەر وا چەند فرۆکەیەکی (میک) هاتە ســەر وەزارەتی بەرگری، کە عەبدولکەریم قاسـمی لێ بوو، بۆمبارانی کرد. عەبدولکەریم پشـتی بە لیواکەی خۆی کە لیوای ١٩ بوو، قـایم بوو. بەڵام یـارمەتیدەری فەرمـانـدەی لیوا تەهـا شـــەکرچی بوو، کە لەژێرەوە لەگەڵ ئینقیلابییەکـان بوو. عەبـدولکەریم بە تەلەفۆن فەرمـانی پێ دا کە بەرهەڵسـتیی ئینقیلابییەکان بکات، بەڵام بەم وتەیە وەڵامی دایەوە "اوکل خرة" واتا "گو بخۆ" و تەلەفۆنەکەی بە ڕووی داخست.

ئینقیلابییەکان بە زیرەکی کاروباریان ڕێک خستبوو.

لە وەزارەتی بەرگری چەکی دژ بە ئاســمان نەبوو، ئەوەندەش چەک نەبوو بەکاری بهێنن. ئەو ئەفســەرە قەومییانەی ئێوارە ئینقیلابییەکان بەکاریان هێنا. قاســم لە کاتی ئینقیلاب لە ماڵەوە بوو، بەڵام وەزارەتی بەرگری کە جەماوەری شـــیوعییەکان لە دەرگەکە کۆ بوونەوە و داوای چەکیان لێ کرد، بە وشکی وەڵامی دانەوە، وتی ئێســتا هەموو شـــتێک جێبەجێ دەکرێت. بەیانێکی ئامادە کرد دژی ئینقیلابییەکان و بە (مانصرا)ـــی مرافقی ناردیە ئێزگەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، بەڵام ئینقیلابییەکـان داگیریـان

کردبوو. قاسم تاکوو شەو لە وەزارەتی بەرگری مایەوە، کە زانیی بە تۆندی تۆپ و مووشەکباران دەکرێت، خۆی خزاندە (بهوالامانة)ی نزیک وەزارەت و لەوێوە بە ناردنی ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆی (یوونس تائی) کەوتە وتووێژ لەگەڵ ئینقیلابییەکان، کە ئامادەیە عێراق بەجێ بهێڵێت و بچێتە دەرەوە. بەڵام ئایا ئینقیلابییەکان و ئەمریکا، مەبەستیان ئەوەبوو لە قاسم و هاوڕێکانی، فازڵ مەهداوی، تەها شێخ ئەحمەد، وەسفی تاهیر، هەروەها ئەوانی تر ڕزگاریان بێت و داوای سەریان دەکرد.

وەکوو فوئاد عارف دەیگێڕێتەوە، بەڵێنی عەبدولسەلام عارف کە عەبدولکەریم قاسم لە جێگەی ئەفسەرە شیوعییەکان دایاننابوو، کارێکی وایان کردبوو کە ئەفسەرە شیوعییەکانی تر بۆ وچاندان لە بنکەکانی سەربازی نەمێنن. هەر لە سەعات ٦ی بەیانی فەرماندەی هێزی ئاسمانی (جەلال ئەوقاتی) کە شیوعی بوو، لە بەردەم ماڵی کوژرا. ئەفسەران و سەربازە پلەدارانی شیوعی، نە فەرماندەی سەربازی و نە سیاسییان نەبینی و ئەوانەی کە ویستیان بگەنە هێزەکانی بنکەی (ڕەشید)ی سەربازی، هەر لە دەرگە دەستگیر کران. یەکێک لە ئەفسەرانی فڕۆکەوان، هەر یەکێک خۆی گەیاندە فڕۆکەیەکی جەنگی، بەڵام سەر بە ئینقیلابییەکان بەزۆر دەریان هێنا و دەستگیریان کرد و مەدرەجەکەیان بەربەست کرد. زۆربەی ئەفسەران یان لە ماڵ یان لە ڕێگەی سەربازگەی ڕەشید دەستگیر کران، وەکوو دەڵێن وەکوو لەشێکی بێ سەر بوون. لە سەربازگەی (الفضلیة) کتیبەیەکی تەنک هەبوو، بیریان لەوە نەکرد کە بچن دژی لیواکەی عەبدولڕەحمان عارف بەکاری بێنن و تاکوو ئێوارە مایەوە کە حووکمەت بە سەرۆکایەتیی حیکمەت سلێمان دابنرێت،

بۆ ئەم مەبەستە ماجد مستەفا ئەوەی بە حیکمەت گەیاند و ڕازی بوو.

هەر کە ئینقیلاب لە ئێزگەی ئینقیلابییەکان بە سرودی (اللە اکبر)ی جەماڵ عەبدولناسڕ دەستی پێ کرد و حووکم کەوتە دەستی ئینقیلابییەکان، فوئاد عارف چووە ئێزگەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن. کە عەبدولسەلام و هاوڕێکانی کۆ بوونەوە و ئەو بڕیارەی عەبدولسەلام عارفی خستە ڕوو لە بابەتی حیکمەت سلێمان، عەبدولسەلام وتی: "ئێمە و ئەفسەران شۆڕشمان کرد، بۆچی حووکم بووینە بە یەکێکی وەک حیکمەت سلێمان"! ئەمە یەکەم هەنگاو بوو بۆ پشتکردن لە ڕێککەوتن لەنێوان عەبدولسەلام عارف و کوردەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، فوئاد عارف و ساڵح یووسفی هەر لە ئێزگە گوێیان لە (الله اکبر) بوو، ئەو بروسکەیەیان نووسی کە دەڵێت: "لقد تلاحمت الثورتان، ثورة العربي في الجنوب و ثورة الاکراد في الشمال...."

لەو حووکمەتەدا، فوئاد عارف و بابا عەلی شێخ مەحموود بەشداریان کرد، کە سەرۆک کۆمار عەبدولسەلام عارف و سەرۆکی وەزیران ئەحمەد حەسەن بەکر بوو.

دادگەییکردنی عەبدولکەریم قاسم و هاوڕێکانی

عەبدولکەریم قاسم لە پاش ئەوەی زانیی هیچی پێ ناکرێت، خۆی دایە دەستەوە و خۆی و هاوڕێکانی، "فازڵ مەهداوی، تەها شێخ ئەحمەد و وەسفی تاهیر"، بزانە ئێزگەی تەلەڤزیۆن کە عەبدولسەلام و هاوڕێکانی لەوێ کۆ بوونەوە و هەر کە چوونە ژوورەوە، دوو کەس هەڵمەتی فازڵ مەهداوییان دا و دەمیان هەڵقڵێشاند، کە ئەویش هاواری دەکرد: "مجرمین، فاشیست...."

دادگە بە سەرۆکایەتیی عەبدولهادی ڕاوی بوو، بەڵام ئەو پریسیاری لێیان نەکرد – عەبدولسەلام ڕووی کردە عەبدولکەریم و وتی: "ها عەبدولکەریم دیتت چۆن شۆڕشمان لێت کرد"؟ عەبدولکەریم لە وەڵامدا: "من شۆڕشم لە دژی حووکمەتی بە کرێگیراوی ئیستیعمار کرد، تۆش شۆڕشت دژی حووکمی نیشتمان کرد". عەبدولسەلام: "تۆ شۆڕشت بۆ بەرژەوەندیی خۆت کرد". عەبدولکەریم دەستی بردە گیرفانی، سێ دیناری و ڕوبعێکی دەرهێنا کە لە مووچەکەی مابووەوە و وتی: "ئەمە هەموو سامانمە و هەموو بەرژەوەندیمە".

ئیتر دادکردن هەر ئەوە نەبوو. هاتن چاوی عەبدولکەریم ببەستنەوە و، عەبدولکەریم وتی: "ئەمە شووڕەییە و سووککردنی ئەفسەرانی لەشکری عێراقە. ئێمە کە دەچووین بۆ

شەڕ، سینەمان دەنایە بەر گوللە و چاومان نەدەبەستەوە، من لە گوللە ناترسم". هەر ئەوەندە بوو، ئیتر هەموو گوللەباران کران و دوا هەناسەیان دا و کۆتاییی بە حووکم و ژیانیان هات.

وەکوو دەڵێن: "لاشەیانیان خستە کیسە و قوڕیان تێ کرد و فڕێ درانە ڕووباری دیجلە".

هەڵوێستی حیزبی شیوعی بەرانبەر ئینقیلاب

لە شەریعەتی ئیسلام و یاسای وڵاتدا هەیە کە دادوەر نابێت نە دوژمنی تاوانبار بێت یان خزمی، نابێت لە کاتی تووڕەیی یان برسیەتی داد بکات. چونکە ناتوانێت دادپەروەری بەجێ بێنێت و هەر وا دەبێت شارەزاییی تەواوی لە ئەحکامی ئیسلامی یان یاسای سزادان و چۆنیەتیی دادکردن هەبێت.

عەبدولکەریم و هاوڕێکانی فازڵ مەهداوی، شێخ ئەحمەد، وەسفی تاهیر، ئەوانی تر کە خۆیان دا بە دەستەوە، لەو باوەڕەدابوون کە عەبدولسەلام نایانکوژێت یان لە دادگەییەکی دادپەروەر داد دەکرێن.

عەبدولکەریم و عەبدولسەلام پەیمانێکی وا لەنێوانیاندا هەبوو، ئەگەر ناکۆکی کەوتە نێوانیان، یەکتر نەکوژن. عەبدولسەلام دوو جار دەستگیر کرا و جارێکیان بە تۆمەتی کوشتنی عەبدولکەریم و جارێکیش بە تۆمەتی قوبوولکردنی ڕژێمی حووکم لە دادگەی تایبەتی، (محکمة الشعب) دادگە سزای لە سێدارەدانی بەسەر سێپێندرا، بەڵام عەبدولکەریم ئەو سزایەی جێبەجێ نەکرد و پاش ماوەیەکی کەم، خۆی چووە بەندیخانە و دڵی دایەوە و ئازادی کرد.

عەبدولکەریم و هاوەڵانیان بردە ئێزگەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، کە عەبدولسەلام و هاوەڵانی لەوێدا بوون. لێرەوە سەعدوون غێدان کە یەکێک بوو لەوان، بۆمی دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

"کە عەبدولکەریم و هاوەڵانیان بە دەستبەستراوی هێنایە هۆڵەکە. هێشتا هیچ پرسیارێکیان لێ نەکرابوو، بە قۆنداغەتفەنگ و شەقێتهەڵدان قەیارێکی تەواویان کرد. دوو ئەفسەر پەنجەیان خستە لێوی فازڵ مەهداوی و دەمیان لە هەردوو لاوە تاوەکوو بنە گۆچکی هەڵکێشاند. لە پاشان بە ڕیز لەسەر کورسی دانران. دادوەر عەمید عەبدولهادی ڕاوی بوو. عەبدولسەلام ڕووی کردە عەبدولکەریم و وتی: ها عەبدولکەریم، بینیت چۆن شۆڕشمان دژت کرد"؟ عەبدولکەریم وتی: "من شۆڕشم دژی ئیستیعمار و حووکمی مەلەکیی نۆکەری کرد، بەڵام تۆ شۆڕشت دژی حووکمی نیشتمانی کرد". عەبدولسەلام وتی: "تۆ شۆڕشت بۆ بەرژەوەندیی خۆت کرد". عەبدولکەریم دەستی بردە گیرفانی، سێ دینار و ڕوبعێکی دەرهێنا و وتی: "ئەمە هەموو بەرژەوەندییەکەمە کە لە مووچەکەم ماوەتەوە". فڕێی دایە ڕووی عەبدولسەلام. عەبدولسەلام فەرمانی دا چاویان ببەستنەوە و گوللەبارانیان بکەن. کە چوون چاوی عەبدولکەریم ببەستن، وتی: "ئەمە شوورەییە و سووکایەتییە بۆ هەموو لەشکری عێراق. ئێمە لە گوللە ناترسین و چووینە گەلێک لە سەرەوە لە فەڵەستین، لە هیچ نەترساین".

عەبدولسەلام فەرمانی کوشتنیانی دا و لە هەموو لایەکەوە گوللەباران کران، لەوانە سەرۆکی دادگە عەبدولهادی پاوی".

ئەو دوای فیلمەکە لە رۆژنامەی (الزمان) دەبینێت. عەبدولکەریم ملی بە پشتدا بەسەر ئەسکەمیلەکەدا شۆڕ بووەتەوە و فازڵ مەهداوی، شێخ ئەحمەد، وەسفی تاهیر لە کورسییەکە بەربوونەتەوە، هەموو لەشێکی سارد و بێدەنگ و لە خوێندا خەڵتانن. هەر لێرەوە شۆڕشی ١٤ـی تەمموز کۆتاییی هات و جۆرە شۆڕشێکی جیاواز دەستی پێ کرد. بە دەیان شۆڕشگێڕی خەباتکەر لە (قصر النهاية) بە جۆرێکی درندەیی قەلەپاچە کران، هەموو بەندیخانەکان پڕبوون لە نیشتمانپەروەران. ئەفسەرانی شۆڕشی ١٤ـی تەمموز سەرەوژێر هەڵواسرابوون و دارکاری دەکران، وەکوو بڵێن: "دژی ئیستیعمار شۆڕش دەکەن، نەوت لە کۆمپانیای نەوت دەستێننەوە، نۆکەرانی ئیستیعمار دەکوژن، حووکمی نیشتمانی دادەنێن؟ دە بیخۆن. وا ئێمە عەلی سالّح سەعدیمان بە شەمەندەفەرەکەی خۆمان هێنایەوە".

عەبدولکەریم قاسم لە سەرەتای حووکمدا، کە رژێمی مەلەکیی نۆکەری ئیستیعماری ڕووخاند و عێراقی لە پەیمانی ئیستیعمار (بەغدا) دەرهێنا و کۆمارێکی سەربەخۆی دامەزراند و دەرگەی بەندیخانە سیاسییەکانی خستە سەر پشت و نیشتمانپەروەرانی کورد و عەرەبی ئازاد کرد و دەرگەی وڵاتی بۆ ئاوارەکانی میللەت کردەوە و ڕووی کردە کۆمپانیای نەوتی ئیستیعماریيەکان، ئێوە تاکەی سامانی میللەت تاڵان دەکەن؟ دەبێت سنووردێکتان بۆ دابنێم، بە یاسای ژمارە (٨٠) دەتانبەستمەوە و ئیتر کۆمپانیای نیشتمانی دەست بەسەر سامانماندا دەگرێت، ئا لەبەر ئەمانە کە

له وەزارەتی بەرگری دەهاتە دەر بۆ نووستن چەند ساعاتێک دەچووە مالّەکەی حامدی برای، هەر لە (باب المعظم)ـەوە تاکوو (باب الشرقي) جەماوەر ڕیز دەبوون و چەپڵەیان بۆ لێ دەدا. ئەویش میللەت دەیپاراست، لە کەس نەدەترسا، تەنها قاسمی هاوڕێی لە لای شوفێرەکەوە بوو، کەسی تر.

عەبدولکەریم قاسم کە وردە وردە لەو جەماوەرە دوور کەوتەوە، بە هەموو شەقامی ڕەشیددا دەڕۆیشت کەس چەپڵەی بۆ لێ نەدەدا و کەس نەیدەپاراست. بەعسییەکان ئەمەیان بە هەل زانی. سەددام خۆی و چەند پیاوکوژێک لەو شەقامە ڕێیان لێ گرت و گوللەبارانیان کرد. نەمرد، بەڵام هەر لە ڕەوشتی جەماوەر دوورنەکەوتنەوەی کرد. ئەوجا پەشیمان بووەوە کە بە دەستبەستراوی ڕاکێشرایە ئێزگەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، بەڵام دوای چی.

ڕۆژێک لە کۆمەڵەی دۆستانی نێوان عێراق و بولگاریا، چاوم کەوت بە سەرۆکی دادگەی میللەت، فازڵ مەهداوی. شەڕ لە کوردستاندا هەڵگیرسابوو. وتم: "ئەبو فازڵ، ناتوانن عەبدولکەریم و شەڕی کوردستان ڕابگیریت؟ ئەمە ئەنجامی بۆ وڵات زۆر خراپ دەبێت". مەهداوی دابەزیە سەر عەبدولکەریم و دەیقیراند: "يا أخي منو يبقى ويّاك، لو مو الشعب منو يحميک؟ الى وين تؤدي هذا البلد"؟

کە شەڕی کوردستان تەشەنەی کرد، من موفتیی گشتیی وەزارەتی ئیسلاهیی کشتوکاڵی بووم و ئەحمەد محەمەد یەحیا وەزیری بوو. ڕۆژێک چوومە لای و وتم: "ئێوە ناتوانن ڕێنماییەکی عەبدولکەریم بکەن، ئەو شەڕە لە کوردستان

ئەنجامی زۆر خراپی دەبێت"؟ وتی: "وەڵڵا کاکە، ئێمەش تووشـــی بووین و ناتوانین لەم کاتەدا پشـتی تێ بکەین. کە قســەی لەگەڵدا دەکەین، ڕەنگی زەرد دەبێت و لە ڕقان هەموو لەشی دەلەرزێت". وتم کەوابوو، ڕۆژێک دێت دەســـتی من و دەســـتی تۆ لە یەک کەلەپچەدا دەبینین.

کە ئینقیلاب بوو، ئێمە دەســـتگیر کراین، ڕۆژێک لە بەندیخانەی (الرشـید) دەمانیانگواســتەوە بۆ بەندیخانەی ســیاســی، وا ڕێک کەوت، من و ئەحمەد محەمەد یەحیـا پێکەوە کەلەپچە بکەن، دەبێت لەمە دەرسێک وەربگرین.

مێژووی حووکمی مەلەکی بۆ میللەتی کورد، بریتیبوو لە کوشتن و سێدارە و بەندیخانە و دەربەدەری. لە دەستووردا ناوی کورد هەر نەبوو. هێنانی ناوی کوردستان کوفر بوو و، ئەوەی بیوتبایە، دەبووایە تەوبە بکات. ئەو شەش نوێنەرەی پەرلەمان کە داوای یەکێتیی ئیدارەی لەنێوان لیواکانی کوردستان: کەرکووک و هەولێر و سلێمانی و دهۆکیان کرد، حووکمەت بە کارێکی ناڕەوای دانا و گوێی نوێنەرەکانی ڕاکێشا.

داونتاون- ڕیگەی شیراتۆن- نهۆمی دووەم
سەرەوەی سپارتەمەنیی جیلاتۆ- دوکانی F78
0750 386 6000 - 0750 447 8312